# ڕووداو RÛDAW

WWW.RUDAW.NET

خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (330)   دووشەممە 2014/10/20   28ی ڕەزبەری 2714   (750) دینار


وەزیری بەرگریی عێراق بۆ (ڕووداو):

## کێشەی پێشمەرگە چارەسەر دەکەم



**ڕووداو- هەولێر**

وەزیری بەرگریی عێراق ڕەتیدەکاتەوە هیچ لێدوانێکی لە دژی هەرێمی کوردستان دابێت، گوتیشی "سوورم لەسەرئەوەی کێشەکانی هێزی پێشمەرگە چارەسەر بکەم، چونکە بەرگری لە عێراقییەکان و لە وڵات دەکەن".

پێشتر لە زاری وەزیری بەرگریی تازە دەستبەکاربووی عێراق بڵاوکرابووەوە کە داوای ڕادەستکردنەوەی تۆمەتبارانی لە هەرێمی کوردستان کردووە و داواشی کردووە کوردستان نەبێتە پەناگەو شوێنی تیرۆریستان.

بەڵام خالید عوبەیدی، وەزیری بەرگری بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کۆمەڵێک قین لەدڵ و کەسانی نابەرپرسیار لێدوان و قسەی منیان دژ بە هەرێمی کوردستان و برایانی کورد بڵاوکردووەتەوە".

عوبەیدی گوتی "برایانی پێشمەرگە شانبەشانی سوپای عێراق دژی تیرۆر دەجەنگن... بۆیە کێشەی مووچە و کێشەی دارایی و مەشق و ڕاهێنان و پڕچەککردنیان لە چوارچێوەی دەستوور و یاسا چارەسەر دەکەین..".

« 3

## حەسانە لەسەر سێ پەرلەمانتاری کوردستان هەڵدەگیرێت

2



د. عەلی قەرەداغی:

## ئەم شەڕە بەخێر بۆ کورد دەشکێتەوە

5

## 200 کورد لە سوێدەوە بۆ شەڕکردن دەگەڕێنەوە کوردستان

13

# ئەمریکا فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان و جەنگی دەهێنێتە هەولێر

« 3






ئاسیاسێڵ کۆماندەکاتەوە

ئێستا لەگەڵ هێڵی "خەڵاتی نوێ"

باڵانسەکەت دوو ئەوەندە زیاد دەکات

بۆ پەیوەندی لەگەڵ هەموو تۆڕەکان

بۆ یەکەمجار لە عێراق و تەنها لە ئاساسێڵەوە، لەگەڵ پاکێجی «باڵانسی دوو ئەوەندە»، هەفتانە تەنها ٣,٠٠٠ دینار بدە و باڵانسەکەت دەبل بکە، واتە ٦,٠٠٠ دینارت دەبێت بۆ ئەنجامدانی پەیوەندی و ناردنی نامە و ئینتەرنێت بۆ هەموو هێڵە ناوخۆییەکان لەناو پارێزگای هەولێر و دهۆک و بۆ هەموو ناوچەکانی عێراق.

* باڵانسی بێبەرامبەر بۆ ماوەی ٧ ڕۆژ کارایە.

بۆ بەشداریکردن پەیوەندی بکە بە #٢٨٢*

هێڵی خەڵاتی نوێ

ئۆفەرێکی بەردەوام

/AsiacellConnect

www.asiacell.com ١٣١/١١١ خزمەتگوزاریی بەشداربووان

## چەرمۆ دەبێتە زانکۆ

**رووداو- هەولێر**

د.یوسف گۆران، وەزیری خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند "ئەنجوومەنی وەزیران ڕەزامەندی لەسەر کردنەوەی زانکۆیەکی تازەی حکومی لە ناوچەی گەرمیان دەربڕیوە". ڕوونیشی کردەوە زانکۆکە بە ناوی زانکۆی "چەرمۆ" و لە شارۆچکەی چەمچەماڵ دەبێت، بە دەستبەکاربوونیشی دەتوانێ پێشوازی لە خوێندکارانی گەرمیان و ناوچەکانی دەوروبەری و خەڵکی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بکات." چەرمۆ ناوی ناوچەیەکی چەمچەماڵە دەگوترێن بۆ یەکەمجار مرۆڤ کشتوکاڵی لەو ناوچەیەدا کردووە.




رووداو
ڕاپۆرتە هەواڵ
ژمارە (330) دووشەممە 2014/10/20

# لێدوانەکەی میری ئێزدیان هەرا دەنێتەوە

## نوێنەری ئێزدیان لە پەرلەمان: ناسنامەی ئێزدیان لای ئێمە خەتی سوورە

## کەریم سلێمان: چاوەڕێی ئەو لێدوانەمان لە میر تەحسین نەدەکرد



**عوبەید ڕەشاڤایی**
**رووداو- دهۆک**

میر تەحسین بەگ، میری ئێزدیان رایگەیاند ئێزدی نەتەوە و دینێکی جیاوازن و نەتەوەی کورد و عەرەب وەکو برای ئەوانن، ئەم لێدوانەی میری ئێزدیان هەرای نایەوە و تاکە ئەندامی ئێزدییەکان لە پەرلەمانی کوردستانیش وەڵامی میر دەداتەوە و دەڵێت "ناسنامەی کوردی ئێزدیان لای ئێمە خەتی سوورە و ئەمڕۆش (دووشەممە) هەڵوێستی فەرمیمان دەبێت".

لە چوارچێوەی بەشداریکردنی لە بەرنامەیەکی کەناڵی ئەلعەرەبیە لە شاری هانۆڤەری ئەڵمانیاوە، میر تەحسین بەگ، میری ئێزدیان لە عێراق و جیهان لە وەڵامی پرسیارێکدا کە ئێوەی ئێزدی نەتەوەیەک یان ئاینێکی جیان؟ میر تەحسین گوتی "ئێمە هەردووکیانین، هەم دین و هەمیش نەتەوەی جیاواز، پەیوەندیمان لەگەڵ برایانی کورد و عەرەبیش زۆر خۆشە".

لە بەرامبەر ئەم لێدوانەی میری ئێزدیان، شێخ شامۆ، تاکە پەرلەمانتاری ئێزدی لە پەرلەمانی کوردستان و هاوکات سەرۆکی دەستەی باڵای بنکەی لالشی ڕۆشنبیری و جڤاکی ڕەخنەی توند لە قسەکانی میر دەگرێت و دەڵێت "ئەم قسەیەی میرم پێ سەیربوو، باسکردنی ناسنامەی ئێزدییەکان و لێدانی ناسنامەیان بۆ ئێمە هێڵی سوورە".

شێخ شامۆ لەبارەی هەڵوێستی ئەوان دەڵێت "ئێمە لە سنووری پارێزگای دهۆک وەکو کەسانی کارگێڕی و سیاسی کۆدەبینەوە و دواتر هەڵوێستی فەرمیمان دەبێت".

ئەو هەروەها ڕەخنە لەوە دەگرێت کە کەسێک چەندەها ساڵ تەمەنی لەگەڵ بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد دابێت و ئێستا ئەو قسەیە بکات، بۆیە دەڵێت "هیچ شتێکی دیکە لەو قسەیەی میر تووڕەترمان ناکات".

سلێمان کەریم، کەسایەتی ئێزدیان دەڵێت قەت چاوەڕێی لێدوانێکی لەو جۆرەیان لە میری ئێزدیان نەدەکرد و دەڵێت "ئێزدی 100% کوردن و زانستیانەش سەلماندوومانە، خۆ ئێمە کوردین و ئاینەکەشمان هەر بە کوردییە و ئەگەر نزایەکیش بکەم هەر بە کوردی دەیکەم".

کەریم سلێمان نەیویست وەک ئەندامی دەستەی ڕاوێژکاری لەناو ئەنجوومەنی ڕوحانی ئێزدی قسە بکات و گوتی "دەمێکە ئەو دەستەیەش لەکار کەوتووە و ئێستا هەر چوار ئەندامی ئەنجوومەنی رووحانی ئێزدیش لە دەوری میرن لە هانوڤەر".

تاقە ئەندامەکەی ئێزدی لە پەرلەمان دەڵێت "کاتی ئەو قسەیەی میر نەبوو، ئێستا هەموو دونیا سەرقاڵی ئاوارەکانی ئێزدی و چۆنیەتی کۆنترۆڵکردنی شنگالە، میر ئەو قسەیەی هەروا فڕێدا و هەموومانی دڵتەنگ کرد".

حازم بەگ، کوڕی میر تەحسن ئاگای لە قسەکەی باوکیەتی، بەڵام بە (رووداو)ی ڕاگەیاند تاوەکو قسە لەگەڵ باوکی نەکات و هەڵوێستی باوکی لەدەمی خۆیەوە نەزانێت، ئامادە نییە هیچ لێدوانێک بدات و گوتی "ئێمە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و میللەتی کورد دەژین".

# سێ پەرلەمانتاری کوردستان حەسانەیان لەسەر هەڵدەگیرێت

**پەرلەمانتارێکی گۆڕان:**
**خۆم داوام کردووە حەسانەم لەسەر هەڵبگرن**

**پەرلەمانتارێکی کۆمەڵ:**
**بەبێ هەڵگرتنی حەسانە چوومە بەردەم دادگا**







**مەحموود یاسین کوردی**
**رووداو- هەولێر**

سێ پەرلەمانتاری کوردستان لە فراکسیۆنەکانی (یەکێتی و گۆڕان و کۆمەڵ) سکاڵای یاساییان لەسەرە و بڕیارە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنێکدا پرسی هەڵگرتنی پارێزبەندی (حەسانە) بخاتە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی بچنە بەردەم دادگا.

هەریەک لە بێگەرد تاڵەبانی، سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز، عەلی حەمە ساڵح پەرلەمانتاری گۆڕان و سۆران عومەر پەرلەمانتاری کۆمەڵی ئیسلامی، سکاڵای یاساییان لەسەرە و بڕیارە حەسانەیان بەشێوەیەکی کاتی لەسەر هەڵبگیرێت بۆ ئەوەی بچنە بەردەم دادگا.

فەخرەدین قادر، سکرتێری پەرلەمانی کوردستان بە (رووداو)ی گوت "هیچ پڕۆژە یاسا و داوکارییەک نییە بۆ هەڵگرتنی حەسانە لەسەر کۆی پەرلەمانتاران، چونکە ئەمە گونجاو نییە و لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ناگونجێ، پەرلەمانتار ڕێزو حورمەتی هەیە و مومارەسەی کاری تەشریعی و چاودێری خۆی دەکات". عەلی حەمە ساڵح، پەرلەمانتاری گۆڕان بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "لەسەر داوای خۆم بۆ جێبەجێکردنی یاسا داوام کردووە پەرلەمانی کوردستان حەسانەم لەسەر هەڵبگرێت و بچمە بەردەم دادگا بۆئەوەی پەرلەمانتار و بەرپرسان جیاوازییان لەگەڵ هاوولاتی ئاسایی نەبێت و دادگا و جێبەجێکردنی یاسا لەسەر هەمووان بە یەکسانی بێت".

ئەو پەرلەمانتارەی گۆڕان ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو ئاگاداری ناوەڕۆکی سکاڵاکەی نییە و دەڵێ "نازانم ناوەڕۆکی سکاڵاکە چییە، بەڵام ئەوەندە دەزانم لەلایەن بێگەرد تاڵەبانی، سەرۆکی فراکسیۆنی سەوز لە پەرلەمانی کوردستان سکاڵام لەسەر تۆمارکراوە، منیش بەتۆمەتی تەشهیرکردن بەرامبەرم سکاڵام لەسەر بێگەرد تاڵەبانی تۆمارکردووە".

سۆران عومەر، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان بێ ئاگایی خۆی لە ئەگەری هەڵگرتنی پارێزبەندیی یاسایی دەربڕی و ئاماژەی بەوەدا کە دووجار چووەتە بەردەم دادگا و گوتی "ئاگاداری ئەو سکاڵایانە نیم، بەڵام لە ماوەی ڕابردوودا چوومەتە بەردەم دادگای سلێمانی و ڕانیە لەسەر کۆمەڵێک سکاڵای یاسایی کە بۆ سەردەمی ساڵانی (2007 تا 2010) دەگەڕێنەوە و پەیوەندیدارە بە کاری ڕۆژنامەوانیم، بەڵام لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان ڕێککەوتم و ئاگادارم کردنەوە کە بەبێ هەڵگرتنی حەسانە چوومە بەردەم دادگا".

سۆران عومەر جەخت لەسەر جوڵاندنی ئەو کەیسە لەلایەن کەسانێک لە دژی خۆی دەکاتەوە دەڵێ "پێش ئەوەی ببمە پەرلەمانتار ئەو سکاڵایانەم لەسەر تۆمارکرابوو، بەڵام تەبلیغم بۆ نەهاتووە، کاتێک بە ئەندامی پەرلەمان هەڵبژێردرام زۆربەی ئەو سکاڵایانە زیندووکرانەوە و تەبیلغەکانیش بۆ پەرلەمانی کوردستان هاتوون کە بە لای منەوە جێگای گومانە".

(رووداو) زانیویەتی سەرۆکایەتی پەرلەمان لە بەرنامەیدایە "پارێزبەندیی یاسایی" لەسەر هەر پەرلەمانتارێک هەڵبگرێت کە داوای یاسای لەسەر بێت و ڕێگا بدات پەرلەمانتاران وەکو هاوولاتی ئاسایی بچنە بەردەم دادگا و پارێزبەندی یاسایی نەقۆزنەوە بۆ خۆدزینەوە لە چوونە بەردەم داگا.

سەبارەت بەم پرسە فەخرەدین قادر، سکرتێری پەرلەمانی کوردستان دەڵێ "چوونی پەرلەمانتاران بۆ بەردەم دادگا شتێکی ئاساییە و بەپێی ڕێوشوێنی یاسایی و بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دەبێت، پەرلەمانتار هەبووە بەبێ هەڵگرتنی حەسانەکەی چووەتە بەردەم دادگا، بەڵام ورووژاندنی بابەتی هەڵگرتنی حەسانە لەسەر هەموو پەرلەمانتاران شتێکی ناواقیعییە، جا پەرلەمانتار لە فەیسبووک جنێوی پێ بدرێت و حەسیر مەیدان بکرێت ئیدی دەبێت بچین بە دوای خەڵکێکدا بگەڕێین تا کاری پەرلەمانتاری بکات، چونکە بەمشێوەیە کەس نایکات".

### چ کاتێک حەسانە لەسەر پەرلەمانتار هەڵدەگیرێت؟

**لە بەشی چوارەم لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ساڵی 1992 لەسەر حەسانەو پاداشت بەم شێوەیە لە دوو ماددە باسی ڕێوشوێنی هەڵگرتنی "پارێزبەندی یاسایی" لەسەر پەرلەمانتار دەکات.**

**ماددەی 27**

1- ناکرێت هیچ ئەندامێک بەدواکەوتنی بۆ بکرێت، یان بگیرێت بەهۆی تاوانێک لە کاتی خوولەکانی گرێدراودا بەبێ مۆڵەتی پەرلەمان تەنیا لە حاڵەتی گرتن بە جینایەتەوە نەبێت.

2- ناکرێت هیچ ئەندامێک بەدواکەوتنی بۆ بکرێت یان بگیرێت لە دەرەوەی خوولەکانی گرێدراودا بە هۆی تاوانێک بەبێ مۆڵەتی سەرۆک تەنیا لە حاڵەتی گرتن بە جینایەتەوە نەبێت.

3- داواکردنی مۆڵەتەکە پێشکەشی سەرۆک دەکرێت و لەو لایەن دادگەری پەیوەندار، پاڵپشت بە پەڕەکانی ئەو کەیسەی داواکراوە ڕێکاری تێیدا بگیرێتەبەر.

4 - سەرۆک داواکاری ئامادەپێکراو دەخاتە نێو بەرنامەی کارەکانی نزیکترین دانیشتن و دەیخاتە بەردەم پەرلەمان بۆ ئەوەی تێروانینی بۆ بکات لەو حاڵەتانەی لە برگەی (1)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە.

5- پەرلەمان ناڕوانێتە ئەم داواکارییە لە رووی بوونی یان نەبوونی بەڵگەکانی تۆمەت بەڵکو دەڕوانێتە ڕاستەقینەی داواکە، بۆ هێنانەدی دادپەروەری یان تەڵەکەبازی بە مەبەستی خراپەکاری بۆ ئەندام.

## دەڵێن 4 مانگە حوکمەکەیان تەواو بووە

# 2 ژن لە گرتووخانەی چاکسازیی ژنان مان لە خواردن دەگرن

**تەرزە عەبدوڵڵا**
**رووداو- سلێمانی**

مانگرتنی دوو ژن لە گرتووخانەی چاکسازیی ژنان لە سلێمانی ئەمڕۆ (دووشەممە) پێدەنێتە پێنجەمین ڕۆژی. ئەو ژنانە دەڵێن ماوەی 4 مانگە حوکمەکەیان تەواو کردووە، بەڵام تاوەکو ئێستا ئازاد نەکراون.

ئەرخەوان و نیهایەت و سەلوا کە ماوەی شەش ساڵە لە زیندانن، بەپێی ماددەی (340) لە یاسای سزادانی عێراقی بە 6 ساڵ بەندکردن حوکمدراون کە تایبەتە بە پشتگوێخستنی ئەرک. ئەوان لە دادگا تاوانبارکراون بە دیارنەمانی ملیارێک و 252 ملیۆن و 763 هەزار دینار، لەو 25 ملیار دینارەی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی وشکەساڵی لەساڵی 2008 تەرخان کرابوو.

لە پارێزگای سلێمانی دوو لیژنە بۆ خەرجکردنی ئەو پارەیە پێکهێنرا، لیژنەی یەکەم بە سەرۆکایەتی دانا ئەحمەد مەجید، پارێزگاری پێشووی سلێمانی و ئەندامێتی سەلوا عومەر و ئەرخەوان عەلی ئەمین بوو، لیژنەی دووەمیش بە سەرۆکایەتی نیهایەت جەبار کەریم و ئەندامێتی شادان عەلی و هاوڕێ تۆفیق حەمە جافەر بوو.



بەپێی کۆنووسی دانیشتنەکانی داداگای تاوانەکانی سلێمانی جگە لە هاوڕێ تۆفیق کە هەڵاتووە، تۆمەتبارەکانی دیکە لەبەردەم دادوەردا دانیان بەوەدا ناوە کە پارێزگار هۆکاری سەرەکی بووە لە هەڵەکانی وەسڵ و ژمێریاریی پارەی تەرخانکراو بۆ وشکەساڵی.

ئەوانەی ئێستا لە زیندانن دەڵێن "دانا ئەحمەد مەجید، لەژێر فشاردا ناچاری کردووین پابەند نەبین بە گرتنەبەری ڕێکارەکانی ژمێریاری و وردبینی لە خەرجکردنی بودجەی وشکەساڵی، بەڵام ئێمە دژی ئەوە بووین". هەروەها هەمووان یەک قسە دەگێڕنەوە کە پارێزگار پێیگوتوون "دوای دەوامی فەرمی دەبێت بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان لە بینای پارێزگا و بەو جۆرە بودجەکە خەرج بکەن کە فەرمانی پێکردوون".

نیهایەت جەبار، کە شەش ساڵی لە زیندان تێپەڕاندووە و ئێستا لەگەڵ ئەرخەوان عەلی، لە زیندان مانیان لە خواردن و خواردنەوە گرتووە، بە (رووداو)ی گوت "ئێمە ماوەی چوار مانگە، حوکمەکەی خۆمان تەواوکردووە لەگەڵ ئەوەی تاوانباریش نین، بەڵام تا ئێستا ئێمەیان لە زیندان هێشتووەتەوە بەبێ ئەوەی هیچمان پێبڵێن".

بەپێی قسەی نیهایەت، ماوەی 4 ڕۆژە هیچ شتێکی نەخواردووە و باری تەندروستییان باش نییە "لەگەڵ ئەوەی تاوانبار نین، بەڵام حوکمی تاوانەکەشمان تەواو کردووە، نازانم چییان لە ئێمە دەوێت".

نیهایەت، زوو زوو لە قسەکردن دەوەستا و دەیگوت "توانای قسەکردنم نییە و بارودۆخی دەروونیم زۆر خراپە، نازانم بۆ دادگا بەمجۆرە یاری بە کەسێتی ئێمە دەکات، لەکاتێکدا هەموو شتێک روون و ئاشکرایە".

ئەرخەوان خاوەنی دوو منداڵە، سەلواش کچێکی هەیە، نیهایەتیش پێش ئەوەی بەند بکرێت لە مێردەکەی جیادەبێتەوە. تەمەنی ژنەکان لە نێوان 30 بۆ 40 ساڵیدایە و دوای بەسەربردنی شەش ساڵ لە بەندیخانە، هێشتا چارەنووسی ئەو سێ ژنە لەلایەن دادگای تەمیزەوە یەکلایی نەکراوەتەوە.

حاکم سالار ڕەئوف لە دادگای سلێمانی لەبارەی دۆسیەی ئەو سێ ژنە بە (رووداو)ی گوت "هەر سزادراوێک داوای تەمیز بکاتەوە، لە دادگای تاوانەکان دادوەر جارێکی دیکە ئەو گیراوانە دەگەڕێنێتەوە بۆ گرتن و گواستنەوە، ئەوکات ئەو کەسە وەک ئەوە وایە جارێکی دیکە دادگایی بکرێتەوە، ئەگەریش هەیە حوکم بدرێت و ڕەنگە ئازادیش بکرێت، ئەگەر بێتاوان دەرچوو".

## بازیانی لیستەکەی کردە حیزب

**شادیە ڕەسوڵ- سلێمانی**

محەممەد بازیانی، کە لە هەڵبژاردنی ڕابردووی پەرلەمانی کوردستان سەرۆکایەتی لیستێکی دەکرد بەناوی لیستی چاکسازی و گەشە، لیستەکەی کردە حیزبێکی سیاسی و دەڵێت "ئەو حیزبە ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراوی نییە و لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوون دامەزراوە". بازیانی بە (ڕووداو)ی گوت "ئێمە کۆمەڵێک کەسایەتی ناسراوی کوردستان و ڕۆشنبیر و سیاسی و چالاکڤانین دەمانەوێت ڕێگەیەکی نوێی حیزبایەتی تاقیبکەینەوە". هەروەها گوتی "چاوەڕێی مۆڵەتین و بەنیازین تەلەفزیۆنێکیش بەناوی چاکسازی دابمەزرێنین".



پەیمانگەی واشنتن بۆ سیاسەتەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیک:

# ئەمریکا فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان و جەنگی لە هەولێر دادەنێ

## یەکێتی و گۆڕان پارتی تۆمەتبار دەکەن بەدەستگرتن بەسەر ئەو چەکانەی دەگەنە کوردستان



**میڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

پەیمانگەی واشنتنی ئەمریکی بۆ سیاسەتەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیک لەبارەی دۆخی پێشمەرگە و دابەشبوونی ئەو هێزە بەسەر حیزبەکاندا هۆشداری دەدات و دەڵێ ئەگەر ئەو هێزە بەتەواوی یەکنەخرێ گەیاندنی هاوکاریی سەربازی زەحمەت دەبێ. بەڵام بەرپرسێکی باڵای وەزارەتی پێشمەرگە یەکخستنی هێزی پێشمەرگە بە هەنگاوێکی ئاسان نازانێ.

پەیمانگەی واشنتن کە بارەگای سەرەکی لە ئەمریکایە و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕاپۆرتەکانی ئەم پەیمانگەیە بەهەند وەردەگرێ، مەترسی خۆی ناشارێتەوە لە دابەشبوونی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەسەر پارتی و یەکێتیدا.

بەپێی ئەو ڕاپۆرتە کە لەلایەن مایکڵ نایتس، توێژەر لەو پەیمانگەیە نووسراوە وەک کەسێکی پسپۆڕ لە بواری سەربازی و ئەمنی لە عێراق و ئێران و دەوڵەتانی کەنداو، هەرێمی کوردستان پێگەیەکی سەربازیی گرنگە بۆ شەڕ لەدژی داعش و دەڵێ "ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گرنگیی هەرێمی کوردستان زیاتر دەبێ بۆ ئەوەی ببێتە ناوەندێک بۆ لێدانی گورزی سەربازی لە داعش".

### هەندێ ڕووداوی نوێ ڕوودەدەن

مایکڵ نایتس پێشبینی دەکات کە بەم نزیکانە سوپای ئەمریکا و دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا شوێنەکانی خۆیان لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر "فراوانتر بکەن" و "فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان و فڕۆکەی شەڕکەری تایبەت لەم فڕۆکەخانەیە دابنێن". هاوپەیمانەکانی دیکەش وەکو بەریتانیا، کەنەدا، ئوسترالیا و فەرەنسا هەمان ڕێچکە دەگرنەبەر. بەڵام بەرامبەر ئەوەش کورد گوشاری زیاتر دروست دەکات بۆ ئەوەی پاڵپشتی نێودەوڵەتی بەدەستبهێنێ بۆ بەهێزکردن و پێشخستنی تواناکانی پێشمەرگە".

نایتس لەو ڕاپۆرتەدا باسی ئەو چەکانە دەکات کە ئەمریکا خستوویەتییە بەردەستی پێشمەرگە "لەو کاتەی کورد پێگیر بووە بە شەڕی دژی داعش لە مانگی ئابی ڕابردوو، چەندین دەوڵەت بەڵێنیان داوە بە مەشقپێکردنی هێزەکانی پێشمەرگە، ئەمریکاش لەلایەن خۆیەوە چەک و تەقەمەنی سووکی ڕادەستی پێشمەرگە کردووە، چەکەکەش بریتییە لە ڕەشاشی قورس و گوللەی زریپۆش بڕ کە کورد زۆر پێویستی پێیەتی، چونکە چەکدارانی داعش تانک و هەمەریان پێیە".

ئیبراهیم جەعفەری، وەزیری دەرەوەی عێراق هەر زوو پێشنیازی دروستکردنی بنکەی سەربازی ئەمریکای لە هەرێمی کوردستان ڕەتکردەوە. بەڵام بەرپرسێکی وەزارەتی پێشمەرگە دەڵێ "هەندێ شت ڕوودەدەن کە بەغدا ناچار دەبێت لەسەر کردنەوەی ئەو بنکانە ڕازی بێت".

عەمید هەڵگورد حیکمەت، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و هۆشیاری لە وەزارەتی پێشمەرگە لەبارەی کردنەوەی بنکەی سەربازیی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان گوتی "پێشبینی دەکەم هەندێ ڕووداو لە ئایندەیەکی نزیکدا ڕوودەدەن کە بەغدا ناچاردەکەن بە ڕازیبوون لەسەر ئەو بنکە سەربازییانەی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان".

### هێزی پێشمەرگە یەکگرتوو نییە

ڕاپۆرتەکەی پەیمانگەی واشنتن لەبارەی پێکهاتەی هێزی پێشمەرگە هۆشداری دەدات کە ئەگەر ئەو هێزە یەکنەخرێ ئەوا بێبەش دەبێ لەزۆر هاوکاریی سەربازی "پێدەچێ ئەمریکا و دەوڵەتەکانی شەریکی ئەمریکا لە ساڵانی داهاتوودا بیانەوێ پەیوەندی سەربازی پتەو لەگەڵ هێزی پێشمەرگە دروست بکەن، تاوەکو بتوانن ڕووبەڕووی داعش ببنەوە و سوود لە هەرێمی کوردستان ببینن وەکو بنکەیەک کە تێیدا مەشق بە جەنگاوەرانی کوردی ڕۆژئاوا بکەن و پڕچەکیان بکەن. بەڵام ئاستەنگی گەورە لەبەردەم دەوڵەتان بۆ مەشقکردنی هێزی پێشمەرگە ئەوەیە کە تاوەکو ئێستا هێزی پێشمەرگە بەسەر حیزبەکاندا دابەشبووە".

ساڵی 2006 هەردوو ئیدارەی (هەولێر و سلێمانی) یەکیان گرتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستاش وەزارەتی پێشمەرگە بە "کردار" یەکی نەگرتووە و هێزەکان بەسەر پارتی و یەکێتیدا دابەشبوون.

وەزارەتی پێشمەرگە کە سەرپەرشتی هێزی پێشمەرگە دەکات و ئێستا 11 لیوای هەیە، سەرباری دوو لیوای زرێپۆشی بچووک کە نزیکەی 40 هەزار پێشمەرگە لەخۆدەگرێ. هەروەها هێزی زێرەڤانی کە سەر بە وەزارەتی ناوخۆ و نیمچە سەربازییە و کاریان پاراستنی سنووری هەرێمی کوردستانە. لەپاڵ ئەمە پارتی یەکەیەکی 60 هەزار پێشمەرگەی هەیە بەناوی یەکەی 80. هەروەها یەکێتیش یەکەی 70ی هەیە کە 50 هەزار پێشمەرگە لەخۆدەگرێ.

### یەکخستنی پێشمەرگە ئاسان نییە

مایکڵ نایتس ئاشکرای دەکات کە "ئەمریکا داوای لە هەرێمی کوردستان کردووە هەموو هێزەکانی یەکبخات و بیخاتە ژێر دەسەڵاتی وەزارەتی پێشمەرگە، تاوەکو بتوانن پاڵپشتی سەربازی زیاتری ئەمریکا بەدەست بهێنن". ڕاپۆرتەکە باسی فەرمانی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکات کە فەرمانی داوە پەلە بکرێ لە پرۆسەی یەکخستنی پێشمەرگەی کوردستان لەماوەی شەش مانگدا.

هەر لەو ڕاپۆرتەدا لەبارەی دابەشبوونی هێزی پێشمەرگە هاتووە کە "یەکخستنی هێزەکانی پێشمەرگە و زێرەڤانی وەکو تەحەدایەکی گەورەیە. بەتایبەت دوای هاتنی داعش دەرکەوت کە یەکەکانی پاراستنی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە لاواز بوون، ئەو توانا و نێوبانگەی نەبوو کە پێشمەرگەی حیزبەکان هەیانە. هێزی زێرەڤانی کە سەر بە پارتییە لەو شەڕەدا لە چەندین ئەرکدا شکستی هێنا، بەتایبەت لە ناوچەکانی زوممار، شنگال و بەنداوی مووسڵ. هەرچەندە ئێستا بەنداوی مووسڵ لەژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەیە".

عەمید هەڵگورد حیکمەت، پشتڕاستیکردەوە کە ئەمریکا ئەو داوایەی لە هەرێمی کوردستان کردووە و گوتی "ئەمریکا نەیشاردووەتەوە و لەگەڵ بەرپرسانی باڵاتر لە ئێمە زۆر بە ڕاشکاوانە ئەو داوایەی کردووە و پێیان خۆشە پێشمەرگە دووربێ لە سیاسەت و دابەشبوونی حیزبی".

### بودجەی پێشمەرگە دەکرێتە سێ بەش

هەڵگورد حیکمەت پێیوایە "یەکخستنی هێزی پێشمەرگە کارێکی ئاسان نییە"، بەڵام بە گوتەی ئەو "سەرکردەکانی کورد گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی دەبێ یەکبگرن و کاتەکە درەنگە". گوتیشی "لەئایندەیەکی زۆر نزیکدا هەندێ سەرەداوی نوێ بەدیدەکرێ و لەساڵی تازەدا یەکەی 80 و 70ی پێشمەرگەش دەکەونە ژێر دەسەڵاتی وەزارەتی پێشمەرگە".

بەپێی زانیاریەکانی (ڕووداو)، مانگانە حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر لە 120 ملیۆن دۆلار لە وەزارەتی پێشمەرگە خەرج دەکات.

ئەو بەرپرسەی وەزارەتی پێشمەرگە ئاشکرای کرد کە بودجەی وەزارەتی پێشمەرگە هەموو مانگێک دەکرێتە سێ بەش و دەڵێ "بەشێک بۆ وەزارەتی پێشمەرگە و بەشێک بۆ یەکەی 80 و بەشێکیش بۆ یەکەی 70 دەڕوات".

ڕاپۆرتەکەی پەیمانگەی واشنتن باسی بوونی ناکۆکی و ڕەخنەکانی یەکێتی و گۆڕان دەکات لەپارتی لەبارەی ئەو چەکانەی بۆ هێزی پێشمەرگە دێن و دەڵێ "یەکێتی و گۆڕان پێشتر پارتییان بەوە تۆمەتبار کردووە کە دەستی گرتووە بەسەر ئەو چەکانەی دەگەنە هەرێمی کوردستان".

### قوباد تاڵەبانی ئاگاداری هاتنی چەکە

بەڵام بەرپرسەکەی وەزارەتی پێشمەرگە دەستبەسەرداگرتنی چەک ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت "قوباد تاڵەبانی، کە یەکێتییە و جێگری سەرۆکی حکومەتە زۆر بەباشی ئاگاداری هەموو ئەو چەکانەیە کە بۆ کوردستان دێن". هەروەها گوتی "وەزیری پێشمەرگە کە گۆڕانە زۆرباش ئاگادارە، بگرە ئەوەی لە وەزارەتی پێشمەرگە ئەو چەکانە وەردەگرێ و هەژماریان دەکات و هەڵیاندەگرێت یەکێتییە و ناوی لیوا کارزانە".

هەڵگورد حیکمەت گوتیشی "خۆ چەکی ناتۆ هەمووی نەهاتووە، هەرچی هاتووە بە حیساب دابەشدەکرێ و لێژنەیەک دروستکراوە گۆڕان، یەکێتی و پارتیشی تێدایە". بەرپرسەکەی وەزارەتی پێشمەرگە گوتی "ئێستا 20 چەک لە جۆری میلان هاتووە کە دژە تانکە و جۆرەکەی ئەڵمانییە، هەر هەمووی بەسەر بەرەکانی شەڕدا دابەشکراوە، هەروەها 163 ڕەشاش لە فەرەنسا و بەریتانیا و دەوڵەتانی دیکەوە هاتوون ئەوانیش دابەشکراون". لە درێژەی ڕاپۆرتەکەی پەیمانگای واشنتن، مایکڵ نایتس نووسیویەتی کە "بوونی ناکۆکی نێوخۆیی لەنێو هەرێمی کوردستان وا دەکات ئاستەنگی گەورە بێتە بەردەم مەشقپێکردن و بەدەستهێنانی چەک و تەقەمەنی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە لەسەر ئاستی دەرەکی، ئەمەش وا دەکات کێشە بۆ تواناکانی پێشمەرگە دروست بکات و وا بەئاسانی نەتوانێ لەگەڵ هێزی ئاسمانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لەسەر ئەرز بەباشی ئەنجامبدات. ئیدی پاڵپشتی ڕاستەوخۆی سەربازی ئەمریکاش تەنیا لە ڕێگەی پێدانی زانیاری هەواڵگری و لێدانی داعشە لە ڕێگەی ئاسمانییەوە تاوەکو کورد بتوانن ئەو ناوچانەی داعش دەستی بەسەرداگرتوون، ر ز گا ر بکەنەوە".



وەزیری بەرگریی عێراق بۆ (ڕووداو):

# سوورم لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی پێشمەرگە



**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

وەزیری بەرگریی عێراق ڕەتیدەکاتەوە هیچ لێدوانێکی لە دژی هەرێمی کوردستان دابێت و جەخت لەسەر چارەسەکردنی کێشەی پێشمەرگە دەکات و دەڵێ "سوورم لەسەرئەوەی کێشەکانی هێزی پێشمەرگە چارەسەر بکەم، چونکە بەرگری لە عێراقییەکان و لە وڵات دەکات".

چەند میدیایەکی ناوخۆی هەرێمی کوردستان لێدوانێکیان لەسەر زاری وەزیری بەرگریی عێراق بڵاوکردەوە کە داوای ڕادەستکردنەوەی تۆمەتبارانی لە هەرێمی کوردستان کردووە و داواشی کردووە هەرێمی کوردستان نەبێتە پەناگەو شوێنی تیرۆریستان.

بەڵام خالید عوبەیدی، وەزیری بەرگریی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کۆمەڵێک قین لەدڵ و کەسانی نابەرپرسیار لێدوان و قسەی منیان دژ بە هەرێمی کوردستان و برایانی کورد بڵاوکردووەتەوە، من لە ڕێگای ئێوەوە هەموو ئەو قسانە ڕەتدەکەمەوە، تەنیا چەند قسەیەکی ئاساییم بۆ کەناڵی بەغدادییە کردووە، نازانم ئەم کەسانە لە کوێ و چۆن ئەو قسانەیان بە ناوی منەوە هێناوە".

عوبەیدی ڕۆژی 18/10/2014 لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقەوە متمانەی پێدرا. ئەو دەڵێت "نەیاران و ناحەزانی عێراق بە تایبەتی قین لەدڵەکان پێیان ناخۆش بووە برا کوردەکان لە پەرلەمان متمانەیان پێدام، بۆیە قسەی هەڵبەستراوی بێ بنەما بە ناوی من بڵاودەکەنەوە".

وەزیری بەرگریی عێراق ئاماژە بەوە دەکات کە هێزی پێشمەرگە بەشێکە لە سیستەمی بەرگریی عێراق و پێویستە کێشەکانیان چارەسەر بکرێت. گوتیشی "قەناعەتم لەسەر پێشمەرگە ئەوەیە کە ئەوان بەشێکی دانەبڕاون لە سیستەمی بەرگریی عێراق و خەبات دەکەن و قوربانی دەدەن و سنوورێکی زۆری وڵاتەکەمان دەپارێزن، هەروەکو چۆن ئەرکیان لەسەر شانە مافیشیان هەیە، لە شەڕی تیرۆر و پاراستنی عێراق ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە". بۆیە گوتی "سوورم لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکانیان".

عوبەیدی هەروەها گوتی "ئێستا برایانی پێشمەرگە شانبەشانی سوپای عێراق دژی تیرۆر دەجەنگن و خوێن لە پێناو پاراستنی سەروەریی عێراق دەڕێژن و قوربانی دەدەن، بۆیە کێشەی مووچە و کێشەی دارایی و مەشق و ڕاهێنان و پڕچەککردنیان لە چوارچێوەی دەستوور و یاسا چارەسەر دەکەین و منیش وەکو وەزیری بەرگری سەرجەم عێراقییەکان سوورم لەسەر چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق".

خالید عوبەیدی، لەدرێژەی ئەو قسانەدا بۆ (ڕووداو) گوتی کە لەمەودوا لە ڕێگای وەزارەتی بەرگری و مەکتەبی ڕاگەیاندن و گوتەبێژی وەزارەتەوە لێدوان و قسەکانی بڵاودەکرێتەوە، داوای لە دەزگا ڕاگەیاندنە کوردییەکانیش کرد خۆیان لە بڵاوکردنەوەی لێدوان و قسەی بێ بنەما بەناوی ئەوەوە بەدووربگرن.

### خالید عوبێدی کێیە؟

خالید موتعەب یاسین عوبێدی، عەرەبێکی سوننە مەزهەبە و لەشاری موسڵ لەدایکبووە، پێشتر لە سلکی سەربازی وەکو ئەفسەر کاریکردووە و دوای گۆڕانکارییەکانی ساڵی 2003 خزمەتی بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا گواستووەتەوە.

عوبێدی لە ساڵی 1984 ماستەرێکی لە ئەندازیاری و لەساڵی 1998 ماستەرێکی لە بواری سەربازی بەدەستهێناوە. هەروەها لە ساڵی 2011 دکتۆرای لە زانستە سیاسییەکان بەدەستهێناوە.

عوبەیدی کاندیدی لیستی موتەحیدون بوو بە سەرۆکایەتی ئوسامە نوجێفی، جێگری سەرۆک کۆماری عێراق.

ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (330) دووشەممە 2014/10/20

## یەکێتی پۆستەکەی پەرلەمانی دەوێتەوە

**ڕووداو- هەولێر**

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پۆستی سکرتێری پەرلەمانی کوردستانی دەوێتەوە، کە بەشێوەیەکی کاتی لەلایەن کۆمەڵی ئیسلامییەوە بەڕێوەدەبرێت. دوو کاندیدیشی بۆ ئەو پۆستە ئامادەن.

ڕێواس فایەق، ئەندامی فراکسیۆنی سەوز بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پۆستی سکرتێری پەرلەمانی کوردستانی دەوێت و ئەوە یەکلاییبووەتەوە". گوتیشی "لە نێو فراکسیۆنی سەوزیشدا سالار مەحموود و گۆران ئازاد دوو کاندیدی بەهێزی ئەو فراکسیۆنەن بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە". بە گوتەی ڕێواس فایەق، یەکلاییکردنەوەی یەکێک لەو کاندیدانە لە ئەستۆی مەکتەبی سیاسیی یەکێتییە.



# ناڕەزایی کادیرانی یەکگرتوو لە بادینان دەتەقێتەوە

### کادیرێکی پێشووی یەکگرتوو:
### یەک پۆستی حکومیمان وەرگرتووە ئەویش بە هەڕەشە

### سەرکردایەتی یەکگرتوو لە دهۆک:
### ناڕەزایی زۆرمان بۆ هاتووە

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

ناڕەزایی ئەندام و کادیرانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەبادینان بەرامبەر سەرکردایەتی حیزبەکەیان بە ئاشکرا هەست پێدەکرێت، زیاتر لە 50 کادری ئەو حیزبە کە کارگێڕی مەڵبەندیشیان تێدایە، هەڕەشەی دەست لەکارکێشانەوە دەکەن. کادرێکی ئەو حیزبە دەڵێت تا ئێستا 12 پۆست لە بەغدا و هەولێر دراونەتە یەکگرتوو، تەنیا یەک پۆستی بۆ ئەوانەی بادینان بووە، ئەویش بە هەڕەشە.

کادرێکی دیاری یەکگرتووی ئیسلامی لە بادینان باسی پەیوەندیی نێوان بنکەی ئەو پارتە لە بادینان و سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی دەکات و دەڵێت "لەگەڵ دامەزراندنی یەکگرتوو لە بادینان ئێمە بە هەموو ڕۆحیەتێکەوە و بەدڵێکی پاک هاتووینە ناو ئەو پارتە، دەستمان بە خەبات کرد تاوەکو گەیشتینە قۆناغی هەڵبژاردن".

لە سەرجەم ئەو هەڵبژاردنانەی لە هەرێمی کوردستان کراون، زۆربەی دەنگەکانی یەکگرتوو لە دەڤەری بادینان بووە. تەنانەت محەمەد فەرەج، ئەمینداری گشتی یەکگرتوو ئیسلامی لەدوایین کۆنفرانسی یەکگرتوودا گوتی "ئەگەر بادینان نەبووایە برینی ئێمە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق قووڵتر دەبووەوە". یەکگرتوو کە لە دوایین هەڵبژاردندا 4 کورسی بەدەستهێنا دوویان لە بادینان بوون.

قاسم حوسێن بەرپرسی پێشووی ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامی لە بادینان بە (ڕووداو)ی گوت "لە قۆناغی دەستکەوتەکاندا زوڵمێکی زۆر لە بادینان کراوە، نیوەی ئەو دەستکەوتانەی بەدەست یەکگرتوو هاتووە بە دەنگ و سەنگی بادینان بووە، بەڵام ئێمە هەتا ئێستا لەدابەشکردنی پۆستدا فەرامۆش کراوین، تاوەکو ئێستا یەکگرتوو 12 پۆستی وەزاری وەرگرتووە، تەنیا یەک پۆستی بە خەڵکی بادینان داوە، ئەویش بە هەڕەشە بووە".

قاسم خۆی بە نموونە دێنێتەوە و دەڵێت "چەندین ساڵ من ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتوو بووم لەبادینان و بەرپرسی ناوەندی ڕاگەیاندن بووم، یەکجاریش هەستم پێنەکرد، کە ئێمەش بەشدارین لە بڕیارەکانی ئەو حیزبە، ئەوان وەک فەرمانبەر مامەڵەیان لەگەڵ دەکردین، خۆم بە کاک محەممەد فەرەجم گوت خۆ ئێمە ڕەنجبەری تۆ نین".

قاسم باسی لەکورتیدانی سەنگی یەکگرتوو دەکات و دەڵێت "لە هەڵبژاردنەکانی 2005 ئێمە وەکو بادینان لەگەڵ ئەوەدا نەبووین کە بە لیستێکی جیا بەشداربین، بەڵام سەرکردایەتی یەکگرتوو هیچ حیسابێکی بۆ ئێمە نەکرد، ئەوە بوو بارەگاکانی ئێمە لە بادینان کەوتنە بەرهێرش، دیسان بۆ بەشداری لە لیستی چوار پارتەکە ئێمە بووینە ڕێگر، کەچی هەر کەس گوێی بە ئێمە نەدا، ئەو شتەش بووە دەستپێکی شکستی یەکگرتوو کە تا ئێستا ساڵ بە ساڵ سەنگی ئێمە لە کەمی دەدات".

جگە لە پۆستە حکومییەکان، کادیرانی یەکگرتوو دەڵێن لە پۆستە حیزبییەکانیش غەدریان لێکراوە، لە کۆی 11 مەکتەب و 12 ئەندامی مەکتەبی سیاسی تەنیا دوانیان لە بادینانن.

ناڕەزایی کادیرانی یەکگرتوو لە بادینان پەرەی سەند دوای ئەوەی بەڵێنی چەند پۆستێکیان پێدرا، بەڵام بەڵێنەکەیان جێبەجێ نەکرد. لەوانە بڕیار بوو نەسرەت سەعید، کە کادرێکی یەکگرتووە لە زاخۆ بکرێتە وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، بەڵام محەممەد هاودیانی، دانیشتووی هەولێر ئەو پۆستەی وەرگرت.

چەند ڕۆژێکیش لەمەوبەر بڵاوبووەوە کە غازی سەعید، بەرپرسی سەرکردایەتی یەکگرتوو لە دهۆک پۆستی وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی عێراق وەردەگرێت، بەڵام دواتر ئەو وەزارەتە درایە گۆڕان و یەکگرتوو وەزیری ژنانی وەرگرت و بەیان نووری کە خەڵکی سلێمانییە ئەو پۆستەی وەرگرت.

بەپێ قسەی قاسم حوسێن، لەسەر ئەو هەڵوێستانەی یەکگرتوو نزیکەی 50 کادیری یەکگرتوو کە تاوەکو پلەی کارگێڕ مەڵبەندیان تێدایە، هەڕەشەی دەست لەکارکێشانەوە دەکەن.

حەمید حەسەن، کە وەک چالاکڤانێکی یەکگرتوو لە بادینان دەناسرێت، بە (ڕووداو)ی گوت "ئێمە لەبادینان لەلایەن سەرکردایەتی یەکگرتوو زۆر فەرامۆش کراوین، بەپێی ئیستیحقاقی خۆمان مافمان پێنەدراوە و زوڵمێکی زۆر لە بادینان کراوە".

بەدەیان ناڕەزایی گەیشتوونەتە سەرکردایەتی ئەو پارتە لە بادینان، بەرپرسی سەرکردایەتی یەکگرتوو لە بادینان دەڵێت ئەوان هەست بە مەغدووری دەکەن و ناڕەزایی ئەندام و کادیرانیشیان گەیاندووەتە سەرووی خۆیان.

غازی سەعید بەرپرسی سەرکردایەتی یەکگرتوو لە بادینان بە (ڕووداو)ی گوت "لە دوایین کۆنفرانسی یەکگرتوودا، هەوڵماندا ئەو نیگەرانیانە کەمبکەینەوە، بەڵام هەر ماوە، ئەگەر واش بڕوات کاریگەری لەسەر سەنگ و جەماوەری ئێمە لە بادینان دەبێت".



# ئیسلامییەکان داوای ڕێککەوتنی ستراتیژی 5 قۆڵی دەکەن

**ئەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەڵێت سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانی بۆ سلێمانی و کۆبوونەوەیان لەگەڵ مەکتەبی سیاسی یەکێتی "بزاوتێکی دیپلۆماسیانەی خێرا و زیرەکانە بوو". ئازاد جوندیانی، ئومێدەوارە لێکنزیکبوونەوەکەی پارتی و یەکێتی، پەرتبوون و دڕدۆنگی نێو کۆمەڵگەی کوردستانیش چارەسەر بکات.

لەمانگی ئەیلولی 2013 لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، شەڕی میدیایی نێوان پارتی و یەکێتی دەستیپێکرد و هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە کۆتایی نیسانی 2014 و شەڕی داعش، ئەو دوو حیزبەی خستە خراپترین جۆری پەیوەندییەوە لەوەتەی ڕێککەوتنی ستراتیژییان واژۆکردووە لە 2007. بەڵام دواجار هەردووکیان گەڕانەوە سەرمێزی گفتوگۆ و هەردوولا ڕایانگەیاند کە بۆ ڕێککەوتنی ستراتیژی دەگەڕێنەوە.

ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی دەڵێ حیزبەکەی سوورە لەسەر ئەوەی ڕێککەوتنێک بێتە ئاراوە بۆئەوەی نەک تەنیا پارتی و یەکێتی، بەڵکو هەموو حیزبەکان یەک ڕوانگەیان هەبێت بۆ کێشەکان "دەبێت ئەم دۆخە لەبەرچاوبگیرێت کە شەڕ بەرۆکی ناوچەکەی گرتووە، ئێمە سوورین لەسەر ڕێککەوتن و سووریشین لەسەر ئەوەی ڕێککەوتن نێوبانگی پرۆسەی دیموکراسی و هەڵبژاردن نەشێوێنێ".

ئەحمەد کانی، پێیوایە گۆڕانیش ئەوەی بەلاوە ئاساییە کە پارتی و یەکێتی ڕێککەوتنی نێوانیان نوژەن بکەنەوە، بەڵام ئایا پارتی و یەکێتی چی دەکەن، ڕێککەوتنی ستراتیژی هەموار دەکەنەوە یان ڕێککەوتنی 5 لایەنەکە دەکەنە شوێنگرەوەی؟

### پارتی: حیزبی دیکەش هاتوونەتە نێو گۆڕەپانەکە

بەپێی ئەو زانیارییانەی لە زیاتر لە سەرچاوەیەکی نێو یەکێتی و پارتی دەست (ڕووداو) کەوتووە، ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی، دەستکاری هەموو ئەو خاڵانەی دەکرێت کە پەیوەندییان بە هەڵبژاردن، دابەشکردنی پۆستەکان، نوێنەرایەتی کورد لە بەغدا هەیە.

ئەحمەد کانی، بەڕەوای نازانێ خوێندنەوەی خراپ بۆ پێداچوونەوە بە ڕێککەوتنی ستراتیژی بکرێت و ڕەتیشیدەکاتەوە بەهەمان زەمینە و هەلومەرجی سیاسی 2007 بابەتەکە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت "هەموو شتێک گۆڕاوە، پێکهاتەی حکومەت گۆڕاوە و فیفتی بە فیفتی کۆتایی هاتووە، ئێستا جگە لە پارتی و یەکێتی حیزبی دیکەش لە گۆڕەپانن".

ئەو بەرپرسەی پارتی دەڵێ، هێشتا هیچ ڕوون نییە دەستکاری کردنەکە چۆن دەبێت، بەڵام گوتیشی "کاک نێچیرڤان و مەلا بەختیار سەرپەرشتی ئەو لیژنەیە دەکەن کە بە ڕێککەوتنەکەدا دەچنەوە".

هەر بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) لە کۆبوونەوەی 2014/10/12 لە سلێمانی، هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکدیان گلەیی باران کردووە و پارتی بە یەکێتی گوتووە، ئەگەر ڕێککەوتنەکە هەمواربکەنەوە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن ناکەنەوە پێوەر. ئەحمەد کانی لەو بارەیەوە دەڵێ "گۆڕانکاری بەسەر پارتی نەهاتووە، بەڵام ڕەنگە بەسەر حیزبەکانی دیکەدا هاتبێ، بەڵام دەکرێ ڕێککەوتنەکە بەشێوەیەک بێت کە جێگای حیزبەکانی دیکەشی تێدا بکرێتەوە".

### یەکێتی: یەک بۆچوون لەنێو پارتی و یەکێتی نییە

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، بەشێک لە قسەکانی ئەحمەد کانی، پشتراستدەکاتەوە لەبارەی ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر هەلومەرجی سیاسیدا هاتوون و دەڵێ "ڕێککەوتنی ستراتیژی هەندێک خاڵی تێدابوون کە هەر جێبەجێ نەکران، بەڵام حکومەتی بنکە فراوان ڕێگە بەهاتنەوەی فیفتی بەو فیفتی نادات و ناشتوانین بەیەکەوە بچینە ناو هەڵبژاردنەکانەوە و مەسەلەی حکومەتی هاوبەشیش کۆتایی هات".

فەرید ئەسەسەرد هەروەها گوتی "ئەگەر هەمواركردنی ڕێککەوتنی ستراتیژی تەنیا بۆ پارتی و یەکێتی بێت، ڕای گۆڕان و ئیسلامییەکان وەرناگیرێت لەسەری، بەڵام ئەگەر بۆ ئەوە هەمواربکرێتەوە کە ئەوانیشی تێدابێت، ئەوە جیاوازە".

### گۆڕان: ڕێککەوتنی ستراتیژی ناتوانێ بژی

هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی کاری سیاسییەوە، بزووتنەوەی گۆڕان ڕەخنەی توندی لە ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی گرت.

ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ لارییان لەوە نییە پارتی و یەکێتی پەیوەندی نێوانیان ڕێکبخەنەوە "بەڵام بەڕێککەوتنی ستراتیژی نا".

ئاراس وەلی، باسی ئەو بارودۆخە سیاسییەی ڕابردوو دەکات لە باشووری کوردستان، ڕێککەوتنەکەی لەنێوان ئەو دوو حیزبە هێناوەتە ئاراوە و دەڵێ "کاتێک گۆڕان و حیزبەکانی دیکە هاتنە نێو پرۆسەی سیاسییەوە، پارتی و یەکێتی تێگەیشتن کە ڕێککەوتنی ستراتیژی ناتوانێ لە مەیدانی کاردا بمێنێتەوە. لەم قۆناخە ڕێککەوتنەکە ناتوانێ بژی، چونکە حیزبی دیکە بەشداریی پرۆسەی سیاسین و هەر ڕێککەوتنێکیشیان بێ، دەبێ بۆ گۆڕان و حیزبەکانی دیکەی ڕوون بکەنەوە".

ئاراس وەلی پێیوایە "دەستوور باشترین چارەسەرە بۆ پەیوەندی نێوان لایەنەکان و دەبێ لە ڕێگای دەستوورەوە ئەو کێشانە چارەسەر بکرێن".

### یەکگرتوو: بکرێتە 5 قۆڵی

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان پێشنیاز دەکات، ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی بکرێتە بنەمایەک بۆ ڕێککەوتنێکی 5 قۆڵی ستراتیژی.

د.محەممەد ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەو حیزبە دەڵێ "قۆناخی ئەو ڕێککەوتنە ستراتیژییە بەسەرچووە و نابێ چیدی ئەوان تەنیا باسی خۆیان بکەن". گوتیشی "تەنانەت ئەگەر پارتی و یەکێتی و گۆڕانیش ڕێککەوتنی سێ قۆڵی بەبێ ئیسلامییەکان بکەن "هەر کەموکوڕی دەبێت و ئیللا دەبێت هەر 5 لایەنەکە بەیەکەوە لە ڕێککەوتنێکدا بن".

### کۆمەڵ: دەکرێ 2 ڕێککەوتن هەبێت

کۆمەڵی ئیسلامیش هەمان بۆچوونی یەکگرتووی هەیە لەبارەی ڕێککەوتنی ستراتیژییەوە، بەڵام تۆفیق کەریم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵ دەڵێ "دەکرێ جگە لە ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی، ڕێککەوتنێک لەنێوان 5 لایەنەکەشدا هەبێت".

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵ، ئاساییە بەلایەوە ئەو دوو حیزبە بە ڕێککەوتنەکانیاندا بچنەوە و نوژەنی بکەنەوە "بەڵام دەبێت دواتر ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکەیان ئاشکرابکەن و بۆ پۆست و پۆستکاریی نەبێت".

تۆفیق کەریم، باسی ئەوە دەکات کە هەموو سەرۆک و سەرکردەی حیزبەکان لە کوردستان، بەردەوام داوای یەکدەنگی دەکەن و ئەوە بەپێویست دەزانن "بەڵام دەبێ هەموو لایەک بزانن، کە یەکدەنگی پێویستی بە ڕێککەوتن هەیە، بۆیە من ڕێککەوتنی نێوان 5 لایەنەکە بە پێویست دەزانم".


(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

ژمارە (330) دووشەممە 2014/10/20

## UN لە ڕەوشی مافی مرۆڤی کوردستان ڕازییە



**ڕووداو- هەولێر**

ئیڤان سیمۆنۆڤیچ، یاریدەدەری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕایگەیاند کە لە هەرێمی کوردستان لە زۆر بواری دیپلۆماسی، پەیوەندیی نێودەوڵەتی، ژێرخانی ئابووری، ئازادیی میدیا و ڕادەربڕین، مافەکانی مرۆڤ، شێڵتەر، مافەکانی ئافرەتان و ڕووبەڕووبوونەوە و نەهێشتنی توندوتیژیی دژی ژناندا پێشڤەچوونی بەرچاو ڕوویانداوە. ناوبراو ئەو قسانەی لەکاتی سەردانێکی بۆ لای نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد.

### د. عەلی قەرەداغی، ئەمینداری گشتی یەکێتی جیهانی زانایانی موسڵمان:

# ئەم شەڕە بەخێر بۆ کورد دەشکێتەوە

**لە سلێمانی، کۆڕێک بۆ ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایانی ئاینی و وتاربێژ و نوێژخوێنانی ئەو پارێزگایە ڕێکخرا و د.عەلی قەرەداخی، ئەمینداری گشتی یەکێتی جیهانی زانایانی موسڵمان، باسێکی دوور و درێژی پێشکێشکرد.**

**قەرەداخی، لەو کۆڕەدا باسی بەرەنگاربوونەوەی فکری توندڕەوی کرد کە چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (ناسراو بەداعش)ی وەک نموونە هێنایەوە. دوای کۆڕەکە، لەبارەی هەندێک پرسیارەوە عەلی قەرەداخی قسەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی "ئێمە فەتوامان داوە ئەو کەسەی بەرگری لە خۆی کرد وەک پێشمەرگە، ئەگەر بکوژرێت شەهیدە، ئەوەشی لەوان کە دەستدرێژی دەکات و دەکوژرێت، لە ئاگردایە".**

**هەڤپەیڤین: جەمال ئەحمەد و شادیە ڕەسوڵ**

- بڕوا ناکەم قەتەر لەپشتی داعشەوە بێت
- داعش زیانی زۆری لە شۆڕشی گەلی سووریا دا
- داعش لەو پێگەیەدا نییە خەلافەت ڕابگەیەنێ



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

**ڕووداو: داعش ئاراستەی خۆی بەرەو کوردستان هێنا و چەند شوێنێکی داگیر کرد، ڕاتان چی بوو لەسەر ئەوە؟**

**د. عەلی قەرەداغی:** بڕوام وایە کە ئەم شەڕە بەرەو کۆتایی دەچێت و هەروەها بەخێر بۆ کورد دەشکێتەوە، چونکە تەجاوزکردن بۆ حەقی خەڵکی تەمەنی زۆر کورتە، ئێمە هەر زوو گوتمان ئەم تەجاوزەی داعش دەیکاتە سەر کوردستان، نە عەقڵ و نە شەرع و نە عورف قبوڵی دەکات، هیچ پاساوێک نەبوو بۆئەوەی داعش هێرش بکاتە سەر کوردستان و ئەو هەموو ئازارەی کورد بدات، بەهۆی هێرشەکانی بۆ ناوچەی شنگال و زوممار و ئەو شوێنانەی کە زۆربەی ئێزدی و مەسیحییەکان و کاکەییەکانی لێیە، ئەمە کارێکی زۆر ناهەموار بوو، کە بووە هۆی دەرکردن و ئاوارەبوونی هەزاران کەس، بەپێی ئاینی ئیسلام ئەمە کارێکی زۆر نارەوایە، ئەوەی ئەوان ئیدعای دەکەن و دەڵێن ئێمە جیهاد دەکەین، گەورەترین هۆکار بۆ جیهادی ئیسلامی، ئەوەیە کە خەڵک دەرکراوە و بەرگری دەکات لەخۆی و زوڵمی لێکراوە، ئەمە بنەمای جیهادە نەک ئەوەی کە تۆ ڕاستەوخۆ شەڕ بکەیت.

لە دەقی قورئاندا هاتووە دەفەرموێت "ئەوانەی زوڵمیان لێکراوە و دەرکراون لە شوێنی خۆیان لەسەریانە بەرگری لە خۆیان بکەن". ئەم دوو هۆکارە لە دەقەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەرماندا باسکراون، قورئان دوو هۆکار باس دەکات ئەوانەی زوڵمیان لێکراوە و لە شوێنی خۆیان دەرکراون، کاتێک پێغەمبەر (د، خ) لەگەڵ یاوەرانیدا لە مەککە دەریانکرد و زوڵمیان لێکرا، هەر لە مەککە پێغەمبەر فەرمووی "ئێوە بەدینی خۆتان و ئێمەش بەدینی خۆمان".

ئەوان ئەم هەموو خەڵکەیان دەرکرد، بێگومان ئەمە تاوانێکی زۆر ناشرین و گەورە بوو لە ئاینی بەرزی ئیسلامدا، ئێمە فەتوامان دا کە ئەو کەسەی بەرگری لە خۆی کرد وەک پێشمەرگە، ئەگەر بکوژرێت شەهیدە، ئەوەش لەوان کە دەستدرێژی دەکات و دەکوژرێت لە ئاگردایە".

**ڕووداو: لە ئاینی ئیسلامدا جیهادکردن بەرامبەر بە ئێزدییەکان و مەسیحییەکان ڕێگە پێدراوە؟**

**د. عەلی قەرەداغی:** ئەمە لە ئیسلامدا جێگەی نابێتەوە کە تۆ ئاراستەی بکەیت بۆ ئێزدی و مەسیحییەکان، چونکە ئەوان لە وڵاتی خۆماندان و ناتوانرێت دەستدرێژی بکرێتە سەر ئەوان، جیهاد بۆ کەسێکە کە دەستدرێژی بکات، بۆ نموونە، دەوڵەتێک دەستدرێژی بکات، ئیسرائیل کە فەلەستینی داگیرکردووە ئەمە جیهادە، چونکە خاکی وڵاتێکی داگیرکردووە، ئەوەش مەرجی خۆی هەیە، جا نەوەک مەسیحی و ئێزدی بێت تەنانەت ئێمە شەڕ لەگەڵ جوولەکەش ناکەین، خۆی هۆکاری جیهاد، تەجاوز و دەستدرێژی و دەرکردنی خەڵکە، ئەگەر ئەوە نەبێت ئەوە بەپێی بنەمای سەرەکی فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) و فەرموودەکانی خوای گەورە " قد تبين الرشد من الغيف فمن شاء فليؤمن ومن شاء فليكفر".

**ڕووداو: دەگوترێت قەتەر لە پشت داعشەوەیە و هاوکارییان دەکات، تاچەندە لەگەڵ بەرپرسانی ئەو وڵاتە ئەمەتان باسکردووە؟**

**د. عەلی قەرەداغی:** ئێمە ئەوەمان باس نەکردووە، بەپێی زانیارییەکانی ئێمە بڕوا ناکەم قەتەر لەدوای داعشەوە بێت، قەتەر لەدوای شۆڕشی گەلی سووریایە دژی بەشار ئەسەد، ئەوە شتێکی ئاشکرایە ، داعش زەرەری بەو شۆڕشەش گەیاندووە، هەرچەندە من گوتەبێژی ئەوان نیم ، بەڵام بەپێی زانیاریی تایبەتی خۆم، بڕوا ناکەم قەتەر دەستی لەوەدا هەبێت.

**ڕووداو: یەکێتی زانایانی جیهانی ئیسلامی چی دەکات بۆ ئەوەی دەسەڵاتدارانی عەرەب هاوکاریی داعش نەکەن؟**

**د. عەلی قەرەداغی:** ئێمە چەند بەیانێکمان دەرکرد و گوتمان ئەو کۆمەڵەیەی دروست بووە و پێیدەگوترێ (داعش)، ئەم کۆمەڵەیە دژی پرۆژەی ئیسلامی میانڕەو (ئیعتدالی ئیسلامییە)، ئەم پرۆژەیە بەناوی پرۆژەی ئیسلامێکی میانڕەو، ئیسلامێکە کەوا خاوەن فیکرە و دەیەوێت شارستانییەت دروست بکات، ئیسلامێکە کە دەگونجێت لەگەڵ سەردەمدا، چونکە خودای گەورە ئیسلامی دروستکردووە بۆ بنیادنانەوە نەک وێرانکاری، بۆیە ئەو بەرنامەیەی ئەوان پێچەوانەی هەموو ئەو بنەمایانەیە کە لە ئیسلامدا جێگیرکراوە، ئێمە هەر لە سەرەتاوە ئیدانەی ئەم کارەمان کردووە، کاتێک هاتنە عێراق و ئەم کارانەیان کرد جارێکی دیکە بەیانمان دەرکرد بۆ هەموو دنیای ئیسلامی و یەکێتی زانایانی ئیسلامی جیهان، هەموو زانایانی جیهانیش ئەندامن و بەگشتی پابەندن پێیەوە، کاتێ کە خەلافەتیشیان ڕاگەیاند، گوتمان ئەم خەلافەتە بەتاڵە، هیچ ئەسڵێکی شەرعی نییە و ئەوان لەو پێگەیەدا نین بۆ ڕاگەیاندنی خەلافەت، خەڵکیش وەڵامی بۆ ئەوە هەبوو، واتە ئەو ڕێکخراو و کۆمەڵانەی لای ئێمە ئەندامن هەموویان تەبەنی ئەم فکرەی ئێمەیان کردووە و لەگەڵیدان.

> تورکیا دەترسێت دواتر کەس هاوکاری نەکات لە شەڕی زەمینی دژی داعش

**ڕووداو : بە دیاریکراوی قسەتان لەگەڵ هیچ دەوڵەتێکی عەرەبی کردووە؟**

**د. عەلی قەرەداغی:** ئێمە خۆمان بە نامە و نووسراو ئەوانمان ئاگادارکردووەتەوە .

**ڕووداو: دەگوترێت داعش بۆ دژایەتی کورد دروستبووە، بەتایبەت بۆ ڕێگریکردن لە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی؟**

**د. عەلی قەرەداغی:** داعش دژی هەموو پرۆژەیەکە کەوا لایەنێکی شارستانی و پێشکەوتن و ئیسلامێکی جوانی پێوە بێت، بۆ ئەوان هیچ جیاوازی نییە. خەڵکێکی زۆری لە سووریا کوشتووە، هەروەها ئەو کەسانەش کە لەگەڵ خۆیان جیهاد دەکەن، بۆیە بڕوا ناکەم بەتایبەت بۆ ڕێگریکردن بێت لە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی، بەڵکو دژ بە هەموو جیهانە.

**ڕووداو: بە بڕوای تۆ بۆچی تورکیا دژی داعش ناوەستێتەوە؟**

**د. عەلی قەرەداغی:** تورکیا داوای پرۆژەیەکی کامل دەکات و دەیەوێت لە ناو ئەو پرۆژەیەدابێت ئینجا بچێتە ناو هاوپەیمانێتییەکەوە. ئەو چاوی لەسەر مەرج و داواکارییەکانی خۆیەتی تاوەکو بۆی جێبەجێ بکرێت، ئەمەش شتێکی ئاساییە بۆ دەوڵەتێک ئەو داواکارییانەی هەبێت، دەترسێت لەوەی کە بەچوونە ناو ئەو هاوپەیمانییە کەس هاوکاری نەکات لە شەڕی زەمینیدا لەگەڵ داعش.

**ڕووداو: وەک کچ و ژنانی ئێزدی داعش کچ و ژنانی کۆبانێشی بۆ چەکدارەکانی خۆی حەڵاڵ کردووە، ئایا ئیسلام ڕێگە بەوە دەدات؟**

**د. عەلی قەرەداغی:** نەخێر ئیسلام ئەم کردەوەیە بۆ جگە لە ئیسلامیش ڕێگە نادات، ئەوانەی کردوویانە نەک تەنیا لە کۆبانێ، بەڵکو بە ئێزدییەکان و مەسیحییەکان ئەمانە بەپێی بنەماکانی ئیسلام تاوان و هەڵەیەکی گەورەیە، چۆن کچ حەڵاڵ دەبێت، ئەگەر بەپێی بنەماکانی ئیسلام نەبێت؟

**ڕووداو: یەکێتی زانایانی جیهانی ئیسلامی بۆ شنگال چی کرد؟**

**د. عەلی قەرەداغی:** زۆر کارمان کرد، یەکەم بەیاننامەمان بۆ ئەوە دەرکرد، پاشان دەستەی گشتی کە 830 کەس هاتبوون ئەوانیش نوێنەرایەتی95 هەزار زانایان دەکرد، بەناو باسی برا ئێزدییەکان و برا مەسیحییەکانی کرد و گوتیان ئەمە زوڵمێکی زۆرە و ئێمە دژی ئەو زوڵمەین، بۆ کچان و ژنانیش نەک تەنیا لە بەیاننامەیەکی تایبەت، بەڵکو لە بڕیارەکانی کۆمەڵەی گشتی باسمانکرد کە ئەمە لە هەمووی گرنگترە.

# دۆسیەی پارێزگار لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی وەردەگیرێتەوە

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

خەڵک چاوەڕێن، ڕۆژی سێشەممەی داهاتوو کۆتایی بە کێشمەکێشە سیاسییەکەی پارێزگای سلێمانی بێت و ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگاکە، ڕێکبکەون لەسەر دابەشکردنی پۆستەکان. بەڵام ئەو ئەگەرە دوورە.

ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی لە فراکسیۆنی سەوز، گوتی "ئیدی دۆسیەی یەکلاکردنەوەی پارێزگار لای ئێمە نەماوە، ئەوە دەبێت حیزبەکان یەکلایی بکەنەوە". نیاز ئەحمەد گوتی کە تەواو ڕەشبین نین "چونکە گفتوگۆی نێوان حیزبەکان لەو بارەوە ماوە".

کۆبوونەوەی هەشتەمی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، وەک هەموو کۆبوونەوەکانی دیکەی سەرۆکی فراکسیۆنەکان دوای ئەوەی کاژێرێک لە ژوورەوە کۆبوونەوە، لە جیاتی گەیشتن بە ڕێککەوتن وادەیەکی دیکەیان بۆ کۆبوونەوەیەکی دیکە دیاری کرد، بۆ ئەوەی لەو ماوەیەدا کۆبوونەوەی سەرکردەکان ئەنجام بدرێت و ئەو پرسە یەکلایی بکرێتەوە. بەڵام کۆبوونەوەی لوتکە لە هەولێری پایتەخت و لە بارەگای مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی، تەنیا پۆستەکانی بەغدای یەکلاکردەوە.



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی "بڕیاربوو هەر لەو کۆبوونەوەیەدا باسی پرسی پارێزگاری سلێمانیش بکرێ، کەچی کۆبوونەوەکە تایبەت کرا بە وەزیرە کوردەکانی بەغدا". گوتیشی "یەکێتی و گۆڕان نەیانویست باسی بکەین، ناشیانەوێ هیچ لایەنێک هاوکاریان بێت بۆ ئەو مەسەلەیە، تەنیا دەیانەوێ خەڵکی پێوە عەیبدار بکەن".

نزیکەی 5 مانگ بەسەر هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا تێپەڕیوە و تاوەکو ئێستا لایەنە براوەکانی هەڵبژاردن بە تایبەتیش یەکێتی و گۆڕان لەسەر یەکلاکردنەوەی پۆستەکانی پارێزگای سلێمانی نەگەیشتوونەتە ڕێککەوتن.

مینا ئاوەکەڵەیی، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی لەسەر لیستی زەرد، دەڵێ هیچی نوێ نییە تاوەکو باسی بکەن و ئێستا هەموو شتێک بۆ لایەنە سیاسییەکان خۆیان بەجێماوە "ئێستا ئەو دۆسیە لەلای ئەنجومەن نەماوە و دەبێ مەکتەبی سیاسی یەکێتی و گۆڕان چارەسەری بکەن".

گوتیشی "ئێستا ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی هیچ شەرعیەتێکی یاسایی نەماوە و پەرلەمان دەتوانێ هەڵیبوەشێنێتەوە".

ئەنوەر تاهیر، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی لەسەر لیستی گۆڕان، داوا دەکات "کۆبوونەوەیەکی دیکەی لوتکە لە سلێمانی ئەنجام بدرێت، ئەگینا ئەو پرسە یەکلایی ناکرێتەوە".

هەروەها دەڵێت ئەوان وەک ئەنجوومەن بۆیە 7 ڕۆژ کاتیان درێژکردەوە، مەبەستیان بوو کۆبوونەوەی لوتکە لە هەولێر چارەسەرێک بدۆزێتەوە "ئێستا ئەنجوومەنی وەزیران و پەرلەمان دەتوانن بێنە دەنگ، کەچی هیچ لایەک لێی ناپرسێتەوە، بەڕاستی ئەنجوومەنی پارێزگا شکستی هێناوە لەوەی بتوانێ ئیدارەی پارێزگای سلێمانی یەکلایی بکاتەوە".

## پاک داوای سەربەخۆیی دەکات

**رووداو- ئامەد**

پارتی ئازادی کوردستان (پاک) لە باکووری کوردستان راگەیێندرا، کە کار بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دەکات لەو پارچەیەی کوردستان. مستەفا ئۆزچەلیک، سەرۆکی پاک گوتی "پاک بۆ ئەوە دامەزراوە تاوەکو خەبات لەپێناو کێشەی کورد بکات لە تورکیا و کورد لەو وڵاتە بە مافە نەتەوەیی و دیموکراتییەکانی خۆت بگات، هەوڵدەدات سەربەخۆیی کوردستان و بە دەوڵەتبوون هەماهەنگی و خۆرێکخستن دروستبکات".




# ئیتلاعات تەنگ بە مەکتەب قورئانییەکانی کوردستان هەڵدەچنێ

**فوئاد حەقیقی**
**رووداو- هەولێر**



رێکخراوی مەکتەب قورئانی کوردستان لە رۆژهەڵاتی کوردستان ماوەیەکە کەوتووەتە ژێر زەرەبینی دەزگا ئەمنییەکانی ئێران. چەند رۆژێک لەمەوبەر ئەندامێکیان لە شاری بانە بۆ ئیدارەی ئیتلاعات بانگ کرا. ئەنجوومەنی بەڕێوەبەریی مەکتەب قورئان دەڵێ "پرسیارەکان دووبارە بوون. هەر لەسەر ئەو شتانە لێپرسینەوەی لەگەڵ کراوە کە لەگەڵ ئەندامانی دیکەی مەکتەب کراوە".

مەکتەب قورئان رێکخراوێکی ئاینییە کە دوور لە پڕوپاگەندە، وردە وردە و لەسەرخۆ چالاکی دەکات. بەڵام ئەو چالاکیانە لە چاوی دامەزراوە ئەمنییەکانی ئێران ون نین. ئەمساڵ ئیتلاعاتی ئێران ژمارەیەک لە ئەندامەکانی مەکتەب قورئانی بانگ کرد و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کردن.

سەعدی قورەیشی، لە بەڕێوەبەرانی مەکتەب قورئان، دەڵێ "ئەم پرسە شتێکی نوێ نییە، بەڵکو لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا بەردەوام ئەندامەکانمان بانگی ئیتلاعات کراون".

سەرەتای هاوینی ئەمساڵ سەعدی قورەیشی لە بەڕێوەبەرانی مەکتەب قورئان بانگی ئیتلاعات کرا. تەنیا چەند رۆژ پێش ئەو، چوار کەس لە مامۆستاکانی قوتابخانەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر کار دەرکران کە هەموویان ئەندامی مەکتەب قورئان بوون. دەرکردنی ئەندامانی مەکتەب قورئان لە ناوەندە حکومییەکان پێش و دوای ئەوەش دیسان چەندبارە بوونەوە.

مەلا سەلام گوڵنەواز، لە پێڕەوانی ئەحمەد موفتی زادەیە. گوڵنەواز کە بەرنوێژی مزگەوتی عومەری کوڕی خەتابە لە گەڕەکی شیوە برایمی شاری سەردەشت، لەلایەن دادگای تایبەت بە مامۆستایانی ئاینی ئێرانەوە دادگایی کرا و بە دوو ساڵ بەندکردن سزا درا. بەڵام لەژێر گوشاری خەڵکدا حوکمەکەی جێبەجێ نەبوو.

مەکتەب قورئان لە ساڵی 1988 لەلایەن رێبەری ئاینیی کورد ئەحمەد موفتی زادە لە مەریوان دامەزرا. پێڕەوەکانی دەڵێن موفتی زادە رۆڵی زۆری لە شۆڕشی ساڵی 1979ی ئێراندا هەبووە. سەعدی قورەیشی دەڵێ "موفتی زادە هەوڵی بۆ خودموختاری دەدا. هەروەها پێشیوابوو کورد لەڕووی نەتەوایەتی، چینایەتی و ئاینییەوە زوڵمی لێکراوە".

مەکتەب قورئان ماوەیەکی کەم دوای دامەزرانی، خۆی لە رووداوە سیاسییەکانی دوای رووخانی حکومەتی پاشایەتی ئێراندا دیتەوە. ئەو رێکخستنە لە وتووێژەکانی کورد لەگەڵ حکومەتی نوێی ئێراندا بەشدار بوو.

ئەندامانی مەکتەب قورئان وەک هەر رێکخراوەیەکی دیکە دوای تێکچوونی حکومەتی پاشایەتیی ئێران، چەکیان هەڵگرت. بەگوتەی حەسەن ئەمینی، سەرەتای شۆڕشی ئێران هەموو کەس چەکی پێبوو، ئەندامەکانی مەکتەب قورئانیش تەنیا بۆ پاراستنی گیانیان چەکیان هەڵگرت. بەڵام مەکتەب قورئان هەر زوو دوژمنی بۆ پەیدا بوو.

حەسەن ئەمینی، حاکمی شەرعیی سنە، دەڵێ "رێکخراوە چەپەکانی ئەوکات تەنیا بە تاوانی بیروباوەڕی ئاینی هێرشیان دەکردە سەر ئەندامەکانمان و دەیانکوشتن، بۆ نموونە سێ برا لە سنە لەلایەن کۆمەڵەوە کوژران".

رێکخراوە کوردییەکان، مەکتەب قورئان بەوە تۆمەتبار دەکەن کە هاوکاریی حکومەتی ئێران دەکات. ئەوان دەڵێن ئەحمەد موفتی زادە بە بەڵێنەکانی حکومەتی ئیسلامگەرای ئێران فریوی خوارد. بەڵام حەسەن ئەمینی، لە بەڕێوەبەرانی مەکتەب قورئانی کوردستان، دەڵێ ئەوان پشتگیرییان لە حکومەت نەکردووە. هۆکاری ئەوەش کە کەمێک درەنگتر ریزی خۆیان لە حکومەتی ئێران جیاکردەوە، باوەڕی موفتی زادە بوو بە چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد.

پێڕەوانی موفتی زادە دەڵێن ئەو خۆی لە بەرەورووبوونەوە لەگەڵ لایەنە کوردییەکان پاراستووە. موفتی زادە گوتبووی کە شەڕی براکوژی ناکات، ئەوەش ناڕەزایی بەشێک لە ئەندامەکانی مەکتەب قورئانی لێکەوتەوە. ناڕازییەکان لە مەکتەب قورئان جیابوونەوە و رێکخراوی پێشمەرگە موسڵمانەکانی کوردیان پێکهێنا کە کوردی رۆژهەڵات بە "جاش" ناویان دەبەن، چونکە ئەم رێکخراوە بەستراوەتەوە بە سوپای پاسدارانی ئێران و شەڕی پێشمەرگەیان دەکرد.

ئەحمەد موفتی زادە چەند مانگێک دوای پەسەندکردنی یاسای بنەڕەتیی ئێران وازی لە سیاسەت هێناوە. ئەو یاسای بنەڕەتی نوێی ئێرانی بە ئیسلامی نەزانیوە و پێیوابووە ویستەکانی کوردی تێدا نەگونجێنراوە.

موفتی زادە ساڵی 1982 لە تاران شورای شەمسی پێکهێنا. شورایەک بۆ هەموو سوننی مەزهەبەکانی ئێران. دواتر لەسەر دامەزراندنی ئەو رێکخراوە بۆ ماوەی 10 ساڵ خرایە زیندانەوە. کاتێکیش لە زیندان ئازاد کرا، تووشی نەخۆشی هاتبوو. بۆیە دوای چەند مانگێک لە ئازادکردنی کۆچی دوایی کرد.

رێکخراوی مەکتەب قورئان ساڵی 1996 جیابوونەوەی تێکەوت و مەکتەب قورئانی کوردستانی لێ جیابووەوە. ئەوان خوێندنەوەی جیاوازیان بۆ کۆمەڵێ پرس هەبوو. مەکتەب قورئان جەخت لەسەر رێنوێنی خەڵک و خۆپاراستن لە پرسە سیاسییەکان دەکاتەوە. بەڵام مەکتەب قورئانی کوردستان دەڵێ پێویستە رۆڵی چالاکتر لە بواری سیاسیدا بگێڕن. دوو لایەنەکەی مەکتەب قورئان خوێندنەوەی جیاوازیشیان بۆ روانگە و بۆچوونەکانی ئەحمەد موفتی زادە هەیە.

# KCK: زیادکردنی دەسەڵاتی پۆلیس لە تورکیا "راگەیاندنی شەڕە"

**جۆناسان بێرج**
**رووداو- ئیزمیر**




پاکێجێکی نوێی حکومەتی تورکیا داوا دەکات دەسەڵاتی پۆلیس لە مامەڵەکردن لەگەڵ خۆپیشاندەراندا زیاد بکرێت. پاکێجەکە بەلای کوردەوە، بەتایبەتی ئەوانەی چەکیان لەشانە وەکو "راگەیاندنی شەڕ" لە دژی کورد لێکدەدرێتەوە.

پارتی کرێکارانی کوردستان PKK داوای لە گەلی کورد کرد کە لە دژی ئەو پاکێجە دەنگ هەڵبڕن. ئەو داوایەی PKK دوای ئەوە دێت کە پرۆسەی ئاشتیی نێوان PKK و حکومەتی تورکیا زیاتر و زیاتر روو لە هەڵوەشاندنەوە دەکات و هەروەها دوای زنجیرەیەک خۆپیشاندانی خوێناوی دێت لە شارە کوردییەکان و شارە گەورەکانی دیکەی تورکیا.

رۆژی چوارشەممەی رابردوو، پەرلەمانتارانی پارتی دەسەڵاتداری تورکیا داواکارییەکیان بەناوی پاکێجی چاکسازی ئاسایشی نیشتیمانی پێشکەشی پەرلەمانی وڵاتەکەیان کرد کە تێیدا دەسەڵاتی زۆر دراوەتە هێزەکانی پۆلیس.

هەرچەندە هەڵوێستی ئەنکەرە دەربارەی وردەکاری نێو پاکێجەکە روون نییە، بەڵام میدیا نێوخۆییەکانی تورکیا ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەگەر ئەو پاکێجە لە پەرلەمان تێپەڕێنرێت، ئەوا دەسەڵاتی پۆلیس لە زۆر رووەوە زیاد دەکات هەر لە گوێگرتن و چاودێریکردنی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانەوە بگرە تاوەکو دەستبەسەرداگرتنی ماڵ و موڵک و رێگەگرتن لە پارێزەران بە بینینی کەیسی ئەوانەی بەرگرییان لێدەکەن.

کۆما جڤاکێن کورد KCK لە راگەیاندراوێکدا دەڵێت "دەوڵەت و حکومەت دەبێت ئەوە بزانن کە ئەم یاسا نوێیە راگەیاندنی شەڕە لە دژی کورد و خەڵکی کوردستان. هێزە دیموکراسییەکان و بزووتنەوەی ئازادیخوازی پەنا بۆ راپەڕین دەبەن".

KCK کە چەتری رێکخراوێکی سیاسییە و لەلایەن PKKوە دروستکراوە، راگەیاندراوەکەی لە رێگەی ئاژانسی هەواڵی فورات نیوز کە سەر بە PKKیە بڵاوکردەوە.

"ئەگەر دەوڵەتی تورک نایەوێت توندوتیژی بگەڕێنێتەوە، ئەوا پێویستە تێپەڕاندنی یاسای لەم شێوەیە رابگرێت و دەستبەجێ هەنگاو بەرەو چارەسەرکردنی کێشەی کورد بنێت".

بەهۆی دەستەوسانی تورکیا لەبەرامبەر رووداوەکانی شاری کۆبانێی کوردنشین لە سووریا کە لە ژێر گەمارۆی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش)دایە، لەماوەی رابردوودا خۆپیشاندانی توندوتیژ لە ناوچە کوردییەکاندا سەریان هەڵدا. لەو خۆپیشاندانانەدا زیاتر لە 30 کەس کوژران و ژمارەیەکی زۆریش برینداركران.

تورکیا لە نەوەتەکانەوە خۆپیشاندانی توندی لەم شێوەیەی بەخۆیەوە نەدیوە. هەندێک لە خۆپیشاندەرەکان بەهۆی پێکدادانی نێوان پشتیوانەکانی PKK و گرووپە ئیسلامیستەکانەوە کوژران کە هاوکاریی هێزەکانی پۆلیسیان دەکرد.

دەسەڵاتدارانی تورکیا خۆپیشاندەرانیان مەحکوم کرد و "بە گێرەشێوێن و شەڕخواز" ناوزەدیان کردن و بەوە تۆمەتباریان کردن کە کۆبانی وەکو بیانوویەک بەکاردێنن تا ئاژاوە بنێنەوە. دەسەڵاتدارانی تورکیا بەڵێنیان دا کە بە توندی خۆپیشاندانەکان کپ بکەنەوە.

حکومەت بەرپەرچی ئەو رەخنانەی دایەوە کە دەڵێن هەنگاوە نوێیەکان (پاکێجە نوێیەکە) نا دیموکراتییە. حکومەت رایگەیاند کە پاکێجەکە بۆ پاراستنی مافی تاکە کەسی گەلی تورکیایە و هاوتەریبە لەگەڵ نەریتی وڵاتە ئەوروپیەکاندا.

رۆژی چوارشەممەی رابردوو ئاژانسی هەواڵی ئانادۆڵ لە زاری سەرۆک وەزیران، ئەحمەد داودئۆغلو رایگەیاند کە "خۆپیشاندان مافە و بە هیچ شێوەیەک رێگری لێ ناکرێت. ئێمە هیچ یاسایەک تێناپەڕێنین رێگە لە ئەنجامدانی خۆپیشاندانی ئاشتیانە بگرێت."

"بەڵام ئەگەر کەسێک توندوتیژی بەکاربهێنێت و ماف و ژیانی کەسێکی دیکە وێران بکات، ئەمە-ئاگربەردانە پاسی شارەوانی و ئامبولانس و فڕێدانی مۆلۆتۆڤ و داپۆشینی دەموچاو و هەوڵدان بۆ نانەوەی ئاژاوەش دەگرێتەوە- ئەم شتانە جێگەی قبوڵکردن نین" وەکو داود ئۆغلو رایگەیاند.

چارەنووسی کۆبانی و سەرهەڵدانی ناکۆکی لە نێوان کورد و حکومەتی تورکیا، مەترسی ئەوەی دروستکردووە کە پرۆسەی ئاشتی دوو ساڵەی ئەو وڵاتە هەڵبوەشێتەوە و تورکیا دووبارە بگەڕێنێتەوە بۆ نێو بازنەی توندوتیژی. لەوەتەی کە سەرۆکی زیندانیکراوی PKK، عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە مانگی ئاداری 2013 ئاگربەستی وەکو بەشێک لە پرۆسەی ئاشتی راگەیاند، تورکیا ئارامی بەخۆیەوە بینیوە.

هەفتەی رابردوو بارگرژییەکان زیاتربوون، دوای ئەوەی کە گوترا فڕۆکە شەڕکەرەکانی تورکیا هێرشی ئاسمانییان لە دژی PKK لە باشووری رۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە ئەنجام داوە. ئەمەش یەکەم هێرشی لەو شێوەیەیە لەوکاتەوە کە پرۆسەی ئاشتی دەستپێکردووە. هێرشەکە دوای ئەوە هات کە گەریلاکان هێرشێکیان لە دژی بارەگایەکی سەربازی ئەنجام دا. PKK حکومەتی تورکیا بە پێشێلکردنی رێککەوتنی ئاگربەست تۆمەتبار دەکات و لە راگەیاندراوێکدا گوتیان ئەوان لە هەڵگیرساندنەوەی ئەو شەڕەدا دەستپێشخەرنەبوون.

ئۆجەلان هۆشداری داوە کە ئەگەر رێگە بدرێت کۆبانی بکەوێتە دەستی چەکدارانی داعش، ئەوا پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا کۆتایی دێت. ئۆجەلان تاوەکو 15ی ئەم مانگە مۆڵەتی بە حکومەت دابوو، بۆ ئەوەی هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی ئەو بنبەستەی پرۆسەی ئاشتی پێیگەیشتووە بنێت. قسەکانی ئۆجەلان کە لە رێگەی براکەیەوە بڵاوکرانەوە، باسی ئەوەی تێدا نەبوو کە ئەگەر داواکانی جێبەجێ نەکران، چی روودەدات.



## ساڵح موسلیم بۆ (ڕووداو):

# بەڵێنی زۆرمان پێدراوە بۆ ناردنی چەک

**ئەلێکساندەر ویتکامب**
**ڕووداو- دهۆک**

ساڵح موسلیم، هاوسەرۆکی پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ بەشی ئینگلیزی پۆرتاڵی ڕووداو، دەڵێت هیچ چاوەڕوانییەکیان لە تورکیا نییە، چونکە تاوەکو ئێستا تورکیا هەڵوێستی خۆی بۆ شەڕکردن لەدژی داعش یەکلایی نەکردووەتەوە، هەروەها دەڵێت وڵاتان زۆر بەڵێنیان پێدەدەن لەبارەی ناردنی چەک، بەڵام تائێستا بەکردەوە هیچیان نەبینیوە.

ساڵح موسلیم لەبەشێکی دیکەی قسەکانیدا بۆ (ڕووداو) باسی گفتوگۆکانی دهۆکی کرد لەنێوان ئەوان و لایەنەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد لە سووریا کە لەژێر سەرپەرشتی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا بەڕێوەدەچن. گفتوگۆکان تایبەتن بە بەشداربوونی حیزبەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لە بەڕێوەبردنی ڕۆژئاوای کوردستاندا. حیزبەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی دەیانەوێ ڕۆژئاوای کوردستان ببێتە ئیدارەیەکی فیدراڵی لە چوارچێوەی سووریادا، نەک وەکو ئێستا لە شێوەی سێ کانتۆندا بێت.

ساڵح موسلیم، کە خۆی یەکێک بوو لە بەشداربووانی کۆبوونەوەکە، گوتی "کۆبوونەوەیەکی گشتی بوو بە بەشداری هەموو لایەنەکان، ئەو کۆبوونەوەیە زیاتر بیروڕاگۆڕینەوە و قسەکردنی گشتی بوو، زیاتر گفتوگۆ بوو لەبارەی شێوەی بەڕێوەبەری لە ڕۆژئاوا کە بتوانین ئەو بەڕێوەبەرییە لەگەڵ یەکدی بەشبکەین. هەروەها بۆ ئەوەی ئەوانیش بۆ بەڕێوەبردنی ڕۆژئاوا رابکێشین".

ساڵح موسلیم گەشبینە بەوەی بتوانن پێکەوە کاربکەن و گوتی "من گەشبینم، چونکە ئەو ڕەوشەی کە لەوێ هەیە گوشارمان دەخاتەسەر بۆئەوەی لەگەڵ یەک بین".

ئەو پێیوایە هیچ ڕێگرییەک لەبەردەمیان نییە بۆ ئەوەی هەردوو ئەنجوومەنەکە پێکەوە ڕۆژئاوای کوردستان بەڕێوەببەن و دەڵێت "هەموو کورد لەژێر مەترسی هێرشدایە. هەر بۆیە دەبێ یەکگرتووبین لە بەرامبەر ئەو هێرشانەی دەکرێتە سەرمان لەلایەن داعشەوە. هەروەها چونکە ئێستا کورد لەلایەن هاوپەیمانانی نێودەوڵەتییەوە پشتیوانی دەکرێت. بەتایبەتی ئێستا ڕەوشی کۆبانی هەموو شتێکی ڕوونکردووەتەوە".

ئەو دوو ئەنجوومەنە لە تەممووزی 2012 لە ژێر سەرپەرشتی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە و ڕێککەوتنێکیان واژۆ کرد کە پێکەوە ئیدارەی ڕۆژئاوای کوردستان بکەن، بەڵام پەیەدە کە چەک و ئاسایشی ڕۆژئاوای کوردستانی لەژێر دەستە، لەلایەن حیزبەکانی نێو ئەنجومەنی نیشتمانییەوە بەوە تۆمەتبار دەکرێ کە پابەندی ڕێککەوتنەکە نەبووە و تاکلایەنە ڕۆژئاوای کوردستانی بەڕێوەبرد.

ساڵح موسلیم پێیوایە کۆبوونەوەکانی ئەمجارە جیاوازن لە کۆبوونەوەکانی 2012 "چونکە ڕەوشەکە ئێستا بە تەواوی جیاوازە، ئەوکات هێرشمان لەسەر نەبوو، ئێستا هێرشمان لەسەرە. ئەوکات ئێمە دانیشتنمان دەکرد تەنیا بۆ ئەوەی هەوڵبدەین هەندێک کار بکەین بۆ بەڕێوەبەری، بەڵام ئێستا هەموو کورد لە ژێر هەڕەشە و هێرشدایە و ئامانجەکە نەهێشتنی کوردە لەو ناوچەیەدا".

ساڵح موسلیم ئاشکرای کرد بەر لەوەی هەردوو ئەنجوومەنەکە لەگەڵ بارزانی دابنیشن، ئەو بە تەنیا لەگەڵ بارزانی کۆبووەتەوە.

چەکدارانی داعش هێرشەکانیان بۆ سەر شاری کۆبانێی ڕۆژئاوای کوردستان چڕکردەوە، بەوهیوایەی ئەو شارەی سەر سنووری تورکیا کۆنترۆڵ بکەن، بەڵام بەهۆی بەرگریی سەختی شەڕڤانان، داعش نەگەیشتە ئامانجەکەی.

ساڵح موسلیم پێیوایە بۆئەوەی شارەکە نەکەوێتە دەست داعش، تەنیا بەرگری بەس نییە، بەڵکو پێویستە هێزەکانیان پڕچەک بکرێن، چونکە ئەو چەکەی ئێستا لە دەستی شەڕڤاناندایە توانای لەناوبردنی داعشی نییە "بۆ ئەوەی بتوانین لەبەرامبەر ئەو چەکە قورسانەی داعش رابوەستین کە لە موسڵ و سووریا گرتوویانە، پێویستمان بە چەک هەیە".

ساڵح موسلیم دەڵێت کورد پێویستی زیاتری بە پشتیوانی نێودەوڵەتییە، چونکە تەنیا هێزێک کە شەڕ بکات دژی داعش کوردە، جا پێشمەرگە بێت یان یەپەگە. ئەو نەیشاردەوە کە زۆر لایەن بەڵێنیان پێداون چەکیان بدەنێ، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچیان نەبینیوە "هەموو هەر بەڵێنمان پێدەدەن، هەموویان دەڵێن کە ئێمە لەسەر زەوی شەڕەکە دەکەین و دەڵێن کە بۆمبابارانی ئاسمانی ناتوانێت داعش لەنێوببات! ئێمە دەبێ هێزمان هەبێت لەسەر زەوی و تەنیا هێزێک کە لەسەر زەوی شەڕەکە دەکات ئێمەین. کەوابوو ئەگەر بەڕاستی بیانەوێت شتێکی کاریگەر بکەن دژی داعش با بە زووترین کات ئەو چەکانەمان پێبگەیێنن، بە زووترین کات".

هەرچەندە تورکیا بەڵێنی داوە لە چوارچێوەی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی لە داعش بدات، بەڵام تاوەکو ئێستا تۆمەتبار دەکرێت بەوەی پشتگیری لە داعش دەکات. ساڵح موسلیم دەڵێت "لەو باوەڕەدا نیم تورکیا بەم نزیکانە بەڵێنەکانی جێبەجێ بکات، لەبەرئەوەی ئەوان هێشتا ساخ نەبوونەتەوە".

دەگوترێت کە بریندارەکانی یەپەگە لە تورکیا لە نەخۆشخانەکان چارەسەر دەکرێن. ساڵح موسلیم ئەو زانیاریانەی ڕەتنەکردەوە و گوتی "بۆ هەندێکیان بەڵێ، بەتایبەتی لە نەخۆشخانە تایبەتەکان. لە ڕۆژانی ڕابردوودا ژمارەیەکی زۆر بریندار چوون بۆ ئەوێ. ئەوە ڕاستە".

**بریندارەکانمان لە نەخۆشخانەکانی تورکیا چارەسەر دەکرێن**

# "بە شەو ڕێکدەکەون و بە ڕۆژ پەشیمان دەبنەوە"

## بارزانی بۆ حیزبەکانی ڕۆژئاوا:

## ئەگەر ڕێکنەکەون دەتانبەمە ڕەبیعە و شەڕی داعشتان پێدەکەم

**عوبێد ڕەشاڤایی**
**ڕووداو- دهۆک**

پێش جەژنی قوربانی ڕابردوو، سەرۆکی یەکێک لە پارتەکانی ڕۆژئاوای کوردستان سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکات و بە تەنیا لەگەڵیدا کۆدەبێتەوە و پێیدەڵێت "ئێستا PYD بووەتە ئەمری واقیع، دەبێ حیزبەکانی دیکە لەگەڵی کۆببنەوە و ڕێکبکەون".

دواتر هەمان ئەو سەرۆک پارتە، ئاڵدار خەلیل کە بە "پیاوی ڕۆژئاوا" دەناسرێت و ئەندامی تەڤدەمە، دەبێتە لای بارزانی و لەگەڵیدا کۆدەبێتەوە، لەوێ ئومێدێک بۆ کۆبوونەوەی حیزبەکانی ڕۆژئاوا شین دەبێت.

ئەو نێوبژیکارە شێخ ئالی، سەرۆکی حیزبی ئەلوەحدە بووە کە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندیی بارزانی سەردانی قەندیل دەکات و لەگەڵ جەمیل بایک، هاوسەرۆکی KCK کۆدەبێتەوە، چونکە زۆربەی لایەنەکانی نێو ئەنجوومەنی نیشتمانی کورد لە سووریا پێیانوایە PYD هیچ هەنگاوێک بەبێ جەمیل بایک نانێت.

شێخ ئالی، دەزانێت یەکێتیش کاریگەری لەسەر سیاسەتی ڕۆژئاوای کوردستان هەیە، بۆیە دەچێتە سلێمانی و لەوێ لەگەڵ مەلا بەختیار، لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کۆدەبێتەوە و پێیدەڵێ "ئێوەش نفوزتان لەگەڵ PKK و ڕۆژئاوا هەیە، بۆیە هاوکاربن بۆ سەرخستنی ئەو کۆبوونەوەیە، بەڵکو کۆدەنگییەک لە ڕۆژئاوا دروست ببێت و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاوکارییان بکات".

### بۆچی کۆبوونەوەکان لە دهۆک کران؟

لەسەر داوای سەرۆکی هەرێمی کوردستان، شاندی تەڤدەم و ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد لە سووریا (ENK-S) ڕۆژی 2014/10/14 لە شاری دهۆک کۆبوونەوە. بەڵام تاوەکو ئێستا نەگەیشتوونەتە هیچ ڕێککەوتنێک.

سەبارەت بە شوێنی کۆبوونەوەکە، سەرچاوەیەکی ئاگادار باسی دوو هۆکار دەکات "یەکەم، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەبەرئەوەی سەرپەرشتی بەرەکانی شەڕ دەکات لە میحوەری ڕۆژئاوای دیجلە، هۆکاری دووەمیش ئەوەبوو کە دهۆک بووەتە ناوەندی ئاوارەکانی ڕۆژئاوا".

شەش ڕۆژە دهۆک بووەتە شوێنی کۆبوونەوەی حیزبەکانی ڕۆژئاوا بۆ ئەوەی بگەنە ڕێککەوتنێکی هاوبەش بۆ بەڕێوەبردنی ئەو بەشەی کوردستان. زیاتر لە دوو ساڵە PYD ڕێگە بە حیزبەکانی نێو ئەنجومەنی نیشتمانی نادات بەشداری لە بەڕێوەبردنی ڕۆژئاوای کوردستاندا بکەن.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، لەیەکەم کۆبوونەوەدا، بارزانی بەپێکەنینەوە بە لایەنەکانی ڕۆژئاوای گوتووە "ئەگەر نەگەنە ڕێککەوتن دەتانبمە ڕەبیعە و شەڕی داعشان پێدەکەم".

سەرۆکی یەکێک لە حیزبەکانی ڕۆژئاوای کوردستان کە خۆی و حیزبەکەی بەبێ لایەن دەزانێت لە نێوان PYD و ENK-S ، پێیوایە زۆر ئەستەمە لایەنەکانی ڕۆژئاوا بگەنە ئەنجام "چونکە تورکیا، ئێران، سووریا، قەندیل، هەولێر و سلێمانی بەشداری ناڕاستەوخۆی کۆبوونەوەکانن".

تاهیر سەفوک، سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی کورد-سووریا دەڵێ بەو هیوایە هاتووین کە بەبێ "ڕێککەوتن نەگەڕێینەوە ڕۆژئاوا".

بەڵام سەرۆکی پارتێکی ڕۆژئاوا کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت "لەو هوتێلەی کۆبوونەوەکانی تێدا دەکرێ، تورک، فارس و عەرەبی لێیە" وەک ئاماژەیەک بۆئەوەی کە حیزبەکانی ڕۆژئاوا بەسەر ئەو سێ دەوڵەتەدا دابەشبوون و کەتوونەتە ژێر کاریگەریان. ئەو دەڵێت "هەر حیزبێک مەرجەعێکی هەیە، بۆیە ناگەینە ڕێککەوتن".

تاهیر سەفوک لەگەڵ ئەو سەرۆک پارتە ناکۆک نییە و دەڵێ "هیچ گومانێک نییە، هەندێک لە حیزبەکان بەبێ لایەنی دەرەکی ڕێککەوتن لەسەر هیچ شتێک ناکەن".

### ڕای قەندیل وەردەگرێ

نزیکەی دوو ساڵە لە ڕۆژئاوای کوردستان، پارتی یەکێتی دیموکراتی (پەیەدە) سێ کانتۆنی دامەزراندووە، لەگەڵ دروستکردنی هێزێکی لەشکری و ئاسایش، بەڵامENK-S دانیان پێدانانێت.

نەشئەت زازا، ئەندامی ENK-S لەبارەی بەردەوامبوونی کۆبوونەوەکان بێ ئەوەی بگەنە ئەنجام، بەپێکەنینەوە دەڵێ "شەو ڕێککەوتن لەسەر شتێک دەکرێت و ڕۆژی دواتر لایەنی بەرامبەر پاشگەز دەبنەوە". بەڵام فەوزی شنگالی کە ئەویش ئەندامیENK-S یە، هۆکاری دواخستنی کۆبوونەوەکان دەخاتە ئەستۆی PYD و دەڵێت "PYD دەستە خوشکی پەکەکەیە، بۆیە بۆ یەک وشەش پەنا بۆ قەندیل دەبات".

سەرچاوەیەک لە کۆبوونەوەکانی هەردوولا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "تاوەکو ئێستا لەسەر یەک خاڵ ڕێککەوتن نەکراوە، هەموویان دەڵێن لەسەر دامەزراندنی مەرجەعی سیاسی ڕێککەوتووین، پرسیار ئەوەیە، ئەگەر ڕێککەوتن کراوە بۆ ڕێککەوتن لەسەر دابەشکردنی پۆستەکانیش نەکراوە، تا ئێستا 40% بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی و 40% بۆ حیزبەکانی تەڤدەم ڕێککەوتنی لەسەر کراوە، بەڵام 20%ی پۆستەکان ماوە، تەنیا بۆ ئەوەی کۆبوونەوەکان نەگەنە بنبەست، ئەو خاڵەیان بەجێهێشت و دەستیان بە خاڵی دووەم کرد کە ئەویش ئیدارەیەکی هاوبەشە".

ئەحمەد سلێمانی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی پێشڤەرۆ کە لەلایەن حەمید دەروێشەوە سەرۆکایەتی دەکرێ، ڕاشکاوانە گوتی " PYDداوای کرد، هەندێ خاڵ هەن لەبارەی دەستکاری کانتۆنەکانی ڕۆژئاوا ئێستا ناکرێ قسەی لەسەر بکەین، با ئەوە بمێنێ بۆ قامشلۆ، بەڵام ئەو داوایەمان ڕەتکردەوە و گوتمان هەرچی هەیە دەبێ لێرە بیبڕینەوە". گوتیشی "PYD ناتوانێ بڕیار بدات و بەردەوام لەگەڵ دەرەوە (قەندیل) لەسەر خەتە و لەنێو کۆبوونەوەکاندا خاوەنی بڕیار نین".

### ئەمریکا مەرجی بۆ PYD هەیە

مستەفا ئەلمەشایخ، جێگری سکرتێری پارتی ئەلوەحدە لەبارەی هەڵوێستی ئەمریکا سەبارەت بە پشتیوانی لە ڕۆژئاوای کوردستان زانیاری گرنگ دەخاتەڕوو "ئەمریکا داوای کردووە کە دەبێ لایەنەکانی ڕۆژئاوا لەنێوان خۆیاندا ڕێکبکەون و هەماهەنگیتان هەبێ لەگەڵ هەرێمی کوردستان، ئەوکات هەرچی لەدەستمان بێت بۆتانی دەکەین".

### پرسی سەربازی بڤەیە

ئەوەی تاوەکو ئێستا باسنەکراوە و هێشتوویانەتەوە بۆ کۆتایی دانوستاندنەکان، پرسی سەربازییە. ئیبراهیم برۆ، سکرتێری پارتی یەکێتی کورد لە سووریا داوایکردووە کە دەبێ "هێزێکی نیشتیمانی" بۆ ڕۆژئاوای کوردستان دروستبکرێ، گوتیشی "شەڕی کۆبانێ دەریخست کە PYD ناتوانێ بەتەنیا شەڕ بکات، بۆیە دەبێ هێزێکی نیشتیمانی دروستبکرێ. بەڵام PYDئامادەنییە هیچ گفتوگۆیەک لەبارەی هێزەکانی YPG بکات".

**نەشئەت زازا، ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی:**
**PYD پاشگەز دەبێتەوە**

**PYD: باسکردنی YPG خەتی سوورە**



رووداو
ئابووری
ژمارە (330) دووشەممە 2014/10/20

## کوردستان پارە قەرز دەکات



**رووداو- هەولێر**

رۆژی ١٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤، ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ساز کرد و تێیدا بڕیاردراوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان قەرزی نێودەوڵەتی بکات. بەپێی ئەو راگەیێندراوەی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان دوای کۆبوونەوەکە بڵاویکردووەتەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارە نێودەوڵەتییەکان بەدواداچوونی وردی یاسایی کردووە و لە دەسەڵات و رێپێدانی یاسایی و دەستووری بۆ وەرگرتنی قەرزی نێودەوڵەتی کۆڵیوەتەوە و لەگەڵ لایەن و بانکە نێودەوڵەتییەکان گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە "هەرێمی کوردستان مافی وەرگرتنی قەرزی نێودەوڵەتی هەیە".

### ئەگەر پێداویستیی جوتیاران دابین بکرێ

# کوردستان دەتوانێ خۆخ لە دەرەوە نەهێنێ

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری گشتی رەزگەری و دارستانی هەرێمی کوردستان، کەشوهەوا و خاکی کوردستان بە "لەبار و گونجاو" دەزانێت بۆ چاندنی خۆخ، بۆیە پێیوایە ئەگەر پەرە بەچاندنی ئەو میوەیە بدرێت و پێداویستی بۆ جوتیاران دابین بکرێ، دوای شەش ساڵی دیکە کوردستان پێویستی بە خۆخی هاوردەکراو نابێت.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ، تێکرای بڕی بەرهەمی بەکاربراوی خۆخ لە 5 ساڵی رابردوودا لەهەرێمی کوردستان 116 هەزار و 802 تۆن بووە، کە نزیکەی 75 تۆنی بەرهەمی ناوخۆ بووە. هەر بەپێی ئامارەکە لە ماوەی ئەو 5 ساڵەدا 44 هەزار تۆن خۆخ لە پارێزگای هەولێر خوراوە.

حوسێن حەمەکەریم، بەڕێوەبەری گشتی رەزگەری و دارستانی کوردستان دەڵێت بەرهەمی خۆخ بەگوێرەی کەشوهەوا و خزمەت و کاریگەری نەخۆشیەکان، لەساڵێکەوە بۆ ساڵێکی دیکە دەگۆڕێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بەرهەمی ساڵانەی خۆخ لە کوردستان لەنێوان 11 بۆ 15 هەزار تۆنە، بەڵام هەرێمی کوردستان ساڵانە پێویستی بە 23 تاوەکو 28 هەزار تۆن خۆخە.

پسپۆڕانی بواری رەزگەری دەڵێن کەشوهەوا و خاکی هەرێمی کوردستان بەتایبەت ناوچە ساردەکان زۆر لەبارە بۆ چاندنی خۆخ، ئەگەر وەک پێویست لەم ناوچانە گرنگی بە باخەکانی خۆخ بدرێت، دەتوانرێت پێداویستی ناوخۆ لە خۆخ دابین بکرێت. بەڵام ئەم بەرهەمە تاوەکو ئێستا وەکو پێویست لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵەوە گرنگی پێنەدراوە.

حوسێن حەمەکەریم دەڵێت وەزارەتەکەیان بەرهەمی خۆخی وەک یەکێک لە بەرهەمە ستراتیژییەکانی میوە دیاری کردووە، بەمەبەستی پاراستنی بەرهەمەکەی و ساخکردنەوەی ساڵانە بۆ ماوەی چوار مانگ لەکاتی پێگەیشتنی بەرهەمی ناوخۆ، هاوردەکردنی خۆخ قەدەخە دەکات، گوتیشی "ئەگەرچی وەک ترێ و سێو پرۆژەی تایبەتمان بۆ باخی خۆخ نەبووە، بەڵام هاوشێوەی بەرهەمەکانی دیکە بەگوێرەی ئەو بودجەیەی بۆ وەزارەت دابینکراوە لە بەپێدانی پەیین و دەرمانی قڕکەر و قەرزی کشتوکاڵیی درێژخایەن، بۆ دامەزراندنی باخ هاوکاری جوتیارانمان کردووە، بەڵام لەئاستی پێویستدا نەبووە".

وەزارەتی کشتوکاڵ خاوەنی هیچ رووپێویەک نییە بۆ رووبەری باخەکانی میوە لەهەرێمی کوردستان بەگشتی و باخەکانی خۆخ بەتایبەتی. حوسێن حەمەکەریم دەڵێت "ئەمە یەکێکە لە کەموکورییەکانی ئێمە، لەچەند ساڵی رابردووش هەوڵی زۆرمانداوە بۆ ئەنجامدانی، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەنجامدانی رووپێوی سەرتاسەری پێویستی بە بودجەیەکی زۆرە، بۆیە تاوەکو ئێستا نەمانتوانیوە رووپێوییەکی سەرتاسەری بۆ باخەکان بکەین".

حوسێن حەمەکەریم دەڵێت "بەشێوەیەکی گشتی دوو چەشن خۆخ (کوڵکن و ساف) لە هەرێمی کوردستان هەن، چەشنی یەکەمیان چەند جۆرێکی هەیە وەک (دیکس رێت، ئەلبێرتا، چارلی چاپور، قۆخ هەنجیری)، چەشنی دووەمیشیان کە زیاتر لەپارێزگای دهۆک هەیە، چەند جۆرێکی هەیە و بەناوبانگترینیان (نکتارین)ە".

ناوبراو گوتیشی "باخی خۆخ لەپارێزگای سلێمانی بە پلە یەک لە ناوچەی شارباژێڕە وەک ناوچەکانی (چوارتا، سیوەیل، ماوەت) لەپارێزگای هەولێریش باخی خۆخ زیاتر لەناوچەکانی وەک (خەلیفان، حاجی ئۆمەران، دۆڵی باڵەکایەتی) هەن، لەپارێزگای دهۆکیش ناوچەکانی (زاخۆ، شێخان، دۆسکی و سێمێل) بەناوبانگن لە بەرهەمهێنانی خۆخ".



جیهانگیر عەبدوڵڵا، خاوەنی باخێکی 11 دۆنمیی خۆخە لە ناحیەی دینارتە، وەک خۆی دەڵێت بڕی بەرهەمی باخەکەی زۆر باشە و تێکڕای بەرهەمی ساڵانەی دەگاتە نزیکەی 40 تۆن، ئەم جوتیارە تەواوی پێداویستییەکانی باخەکەی خۆی دابینکردووە و دەڵێت "هیچ هاوکارییەکم لەوەزارەتی کشتوکاڵ وەرنەگرتووە".

جیهانگیر، کە ژیانی لەسەر بەربوومی باخەکەیەتی، نیگەرانە لە کەمیی هاوکارییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و پشتگوێخستنی باخەکان و دەڵێت "وەزارەتی کشتوکاڵ وەک پێویست هاوکارمان نییە لە بە بازاڕکردنی بەرهەمەکانمان و دابینکردنی پەیین و دەرمانی قڕکەری کرم کە ساڵانە زیانی زۆر بە بەرهەمەکانمان دەگەیەنێت".

سەبارەت بەگرفتەکانی بەردەم بەرهەمی خۆخ لەهەرێمی کوردستان بەگشتی و پارێزگای سلێمانی بەتایبەت، رزگار محەممەد ئاغا، بەڕێوەبەری باخداری سلێمانی گوتی "گرفتی سەرەکی بەردەم بەرهەمی خۆخ بوونی جۆرە کرمێکە کە پێیدەگوترێت قەدەسمە و لە قەد و بەری خۆخ دەدات، زیانی زۆر بە بەرهەم دەگەیەنێت، ئەمەش وایکردووە بڕی بەرهەم کەمبێتەوەو جوتیاران زۆر بەتەنگ فراوانکردنی رووبەری باخەکانیانەوە نەبن".

گرفتی دیکەی بەردەم بەرهەمی خۆخ بەپێی قسەی ئەو بەڕێوەبەرە، ئەوەیە کە خۆخ لەو میوانەیە لە ناوەڕاستی مانگی شوبات گوڵ دەکەن پێش دەرکەوتنی گەڵا، بۆیە لەگەڵ هەر شەپۆلێکی سەرما لەوکاتە گوڵەکانیان دەوەرێت و زیان بە بەرهەم دەگەیەنێ".

بەڕێوەبەری باخداری سلێمانی، لەبارەی سەرکەوتنی باخی خۆخ زیاتر لەناوچە ساردەکان زانیاری زیاتر دەدات و دەڵێت "سەرکەوتنی باخی خۆخ لەو ناوچە ساردەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تیشکی خۆر لەو ناوچانە وەک ناوچەگەرمەکان گەڵای دارەکان ناسووتێنێ و ئاوی پێویست بۆ ئاودانی باخەکان هەیە، جگە لەوەش کرمی قەدەسمە لەناوچە ساردەکان چالاکی کەمترە، چونکە ئەو کرمە لەمانگی ئایار لە زۆربەی ناوچەکان بڵاودەبێتەوە، بەڵام لە ناوچە ساردەکان بەهۆی ساردی زۆر ئەو چالاکییەی نییە کە بتوانێت زیان بەبەرهەم بگەیەنێت".

**تێکرای بڕی بەکاربراوی خۆخ لەهەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی پارێزگاکان لە 5 ساڵی رابردوو دا بە تۆن**

| پارێزگا | 2009 | | | 2010 | | | 2011 | | | 2012 | | | 2013 | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | خۆماڵی | هاوردە | کۆی گشتی | خۆماڵی | هاوردە | کۆی گشتی | خۆماڵی | هاوردە | کۆی گشتی | خۆماڵی | هاوردە | کۆی گشتی | خۆماڵی | هاوردە | کۆی گشتی |
| هەولێر | 8.926 | 285 | 9.211 | 5.210 | 5.608 | 10.818 | 4.068 | 3.572 | 7.640 | 4.087 | 1.151 | 5.238 | 2.454 | 8.560 | 11.014 |
| سلێمانی | 2.634 | 3.177 | 5.811 | 2.108 | 2.779 | 4.887 | 2.857 | 6.058 | 8.915 | 2.154 | 1.062 | 3.216 | 2.178 | 3.401 | 5.579 |
| دهۆک | 11.019 | 228 | 11.247 | 3.961 | 3.260 | 7.221 | 6.790 | 246 | 7.036 | 4.706 | 194 | 4.900 | 10.700 | 881 | 11.581 |
| گەرمیان | 452 | 243 | 695 | 73 | 658 | 731 | 393 | 100 | 493 | 62 | 205 | 257 | 131 | 171 | 302 |
| کۆی گشتی | 23.031 | 3.933 | 26.964 | 11.352 | 12.305 | 23.657 | 14.108 | 9.976 | 24.084 | 11.009 | 2.612 | 13.621 | 15.463 | 13.013 | 28.476 |

# "لەکوردستان پەینی کیمیاوی بە کەوچکی چا دابەش دەکرێت"

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری بەربوومی کێڵگەیی لە وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێت بەهۆی ئەو بودجە کەمەی ساڵانە بۆ کڕینی پەینی کیمیاوی تەرخان دەکرێت، لە ماوەی 5 ساڵی رابردوودا هیچ ساڵێک نەیانتوانیوە وەک پێویست پەین بەسەر جوتیاران دابەش بکەن، گوتیشی "ئەو بڕە پەینەی ساڵانە دابەشکراوە، تەنیا یەک لەسەر هەشتی پێداویستی جوتیاران بووە".

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ، هەرێمی کوردستان خاوەنی زیاتر لە 6 ملیۆن و 143 هەزار دۆنم زەوی شیاوە بۆ چاندن، لەم ژمارەیەش بەگوێرەی ئاماری ساڵی 2009 تەنیا نزیکەی 670 هەزار دۆنم زەوی سەرچاوەی ئاویان هەیە و بەراون، ئەوانی دیکە بۆ چاندن پشت بەئاوی باران دەبەستن، واتە دێمین.

بۆتان عزەددین فەیزی، لێپرسراوی بەروبوومی کێڵگەیی لە بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاری کشتوکاڵی دەڵێت، بەشێوەیەکی ستاندارد هەر دۆنمێک زەوی بۆ چاندنی بە دانەوێڵە پێویستی بە 50 کیلۆگرام (15 کگم یۆریا، 35 کگم Dap) پەینی کیمیاویی هەیە، ئەگەر وا دابنێین تەواوی زەوییە شیاوەکان بۆ چاندن بچێنرێن، ئەوا ساڵانە کوردستان پێویستی 307 هەزار تۆن پەینی کیمیاوی هەیە، گوتیشی "ئەو بڕە پەیینەی ساڵانە وەزارەتی کشتوکاڵ وەک پاڵپشتی بەسەر جوتیاران دابەشی دەکات، یەک لەسەر هەشتی پێداویستی جوتیارانە".

بۆ پەرەپێدان و زیادکردنی بەرهەم، لەزۆربەی وڵاتانی جیهان دوو جۆر سەرەکی لە پەین بەکاردێت کە بریتین لە (پەینی کیمیاوی، پەینی ئۆرگانی) کە سەرچاوەی یەکەمیان موادی کیمیاوییە، سەرچاوەی دووەمیشیان رووەکی یان ئاژەڵییە، لە بەشێک لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیش بۆ کوالێتی بەرهەم و پاراستنی ژینگە زیاتر پەینی ئۆرگانی بەکاردەهێنن.

بۆتان عزەددین فەیزی دەڵێت وەزارەتەکەیان زیاتر پاڵپشتی لە بەکارهێنانی پەینی کیمیاوی دەکات، چونکە کاریگەری خێرای بۆ گەشەی بەرهەم هەیە، گوتیشی "پەینی کیمیاوی جۆری زۆرە، بەڵام ئێمە زیاتر پەینی Dap، یۆریا، Npkی تواوە، کانزا بچووکەکان هاوردە دەکەین".

بەرپرسانی وەزارەتی کشتوکاڵ پێشبینی دەکەن ئەمساڵ رووبەری زیاتر لە 2 ملیۆن و600 هەزار دۆنم زەوی بەگەنم و نزیکەی 500 هەزار دۆنم زەویش بەجۆ بچێنرێت، چاندنی ئەم رووبەرەش پێویستی بەنزیکەی لە 155 هەزار تۆن پەینی کیمیاوییە، ئەمە لە کاتێکدایە وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ وەرزی چاندنی ئەمساڵ، بڕیاری لەسەر کڕینی تەنیا 16 هەزار و 85 تۆن پەینی کیمیاوی داوە، ئەویش بەهۆی نەبوونی بودجەوە تا ئێستا دابیننەکراوە.

فارس حوسێن، جوتیارێکی گوندی مورتکەی سەر ناحیەی قوشتەپەی پارێزگای هەولێرە، خاوەنی 80 دۆنم زەوی کشتوکاڵییە ساڵانە زەوییەکەی بەگەنم دەچێنێت. ئەم جوتیارە گلەیی زۆری لە بڕ و شێوازی دابەشکردنی پەینی کیمیاوی هەیە، فارس دەڵێت "نادادپەروەری زۆر لەدابەشکردنی پەین هەیە، بۆ نمونە 3 فەردە پەیین دەدەن بە جوتیارێکی هەژار کە زەوییەکەی دێمییە، بەڵام 2 تا 3 بەرامبەر ئەو بڕە دەدەن بەو جوتیارانەی کە دەوڵەمەندن زەوییەکەیان بەراوە".

سەبارەت بەمەرجەکانی سودمەندبوونی جووتیار لە وەرگرتنی پەیین، بۆتان عزەددین فەیزی، گوتی "بەهۆی کەمی بڕی پەینەکە ئێمە رێنمایی هۆبە کشتوکاڵییەکانمان کردووە زیاتر پەین ببەخشن بەو جوتیارانەی کە سەرچاوەی ئاویان هەیە و جوتیاری نمونەیین یان زەویەکانیان وەردە، بەڵام بەشێک لەهۆبە کشتوکاڵییەکان بۆ ئەوەی توشی گلەیی جوتیاران نەبن، بەگوێرەی رووبەری زەوییەکانیان پەین دەبەخشن بە هەموو جوتیارێک، ئەمەش وادەکات بڕی دابەشکراو ئەو سوودەی نەمێنی کە پلانمان بۆ داناوە". گوتیشی" ئامانجمان زیادکردنی بەرهەمە نەک خێرکردن بەجوتیار، بۆیە ئێمە رەچاوی دەوڵەمەندی و هەژاری جوتیار ناکەین".



لەئاماری 5 ساڵی رابردووی بڕی دابەشکراوی پەیین هەڵکشان و داکشانی زۆر لەبڕی دابەشکراوی پەین هەیە، بەجۆرێک لەساڵی 2009 دا 16168 تۆن پەیین دابەشکراوە، بەڵام لەساڵی دواتر بڕەکە گەیشتووەتە 50 هەزار تۆن، لە ساڵی 2011 بۆ 27 هەزار دابەزیووە، ساڵی دوای ئەویش بۆ 18 تۆن دابەزیووە.

لێپرسراوی بەروبوومی کێڵگەیی هەرێمی کوردستان، نهێنی ئەم هەڵکشان و داکشانەی دابەشکردنی پەین ئاشکرا دەکات و دەڵێت "لە ساڵی 2009 حکومەت نزیکەی 8 ملیار و 700 ملیۆن دیناری بۆ کڕینی پەین تەرخانکرد تەواوی پارەکەمان بەپەیین دا و بەنرخی پاڵپشتی لە%50 دابەشمانکرد و نیوەی پارەکەمان بۆ حکومەت گەڕاندەوە، بەڵام لەساڵی دواتر لەگەڵ کۆمپانیای بەڵێندەر رێکەوتین دوو بەرامبەر پارەی تەرخانکراو وەزارەت پەین هاوردە بکات لە%50ی پارەکەی لە ئێمە وەربگرێت لە %50 دیکەی لە جوتیاران، ئەمەش وایکرد بڕی دابەشکراو بۆ دوو بەرامبەر زیاد بکات".

بەهۆی بوونی رووبەرێکی فراوانی زەوی شیاو بۆ چاندنی دانەوێڵە، پێشبینی دەکرێت ئەمساڵ لە هەولێر ملیۆنێک و350 هەزار دۆنم زەوی بەگەنم بچێنرێت، ئەم رووبەرەش پێویستی بەنزیکەی 67 هەزار 500 تۆن پەین هەیە، بەڵام وەزارەت بڕیای داوە 3500 تۆن پەیین بۆ هەولێر بکرێت.

سەمیر فەخری، لێپرسراوی دابەشکردنی پەین لە هەولێر دەڵێت "ئەو بڕە پەینەی وەزارەت بڕیاری داوە بۆ ئەمساڵ دابینی بکات، بڕێکی یەکجار کەمە لەگەڵ پێداویستی جوتیاران یەک ناگرێتەوە، بۆ نمونە ئەگەر بڕی پەینەکە دابەشی سەر رووبەری چاندن بکەین هەر دۆنمێک زەوی نزیکەی 2 کیلۆ و 600 گرامی بەردەکەوێت، ئەمە لەکاتێکدایە هەر دۆنمێک زەوی پێویستی بە 50 کیلۆگرام پەیینە کەواتە یەک مەترچوار گۆشە لەوانەیە یەک کەوچک چای بەرنەکەوێت".

# یەکێتی و پارتی لەسەر دەسەڵاتەکەی کاکە حەمە لە کەرکووک ناکۆکن

**وەستا ڕەسوڵ:** تاوەکو ئێستا کاکە حەمەم لە سەنگەرەکانی پێشمەرگە نەدیوە

**ئەنوەر حاجی عوسمان:** کاکە حەمە لەگەڵ من سەنگەرەکانی پێشمەرگە بەسەردەکاتەوە

**هیوا حوسامەددین**
**ڕووداو- کەرکووک**

لە سنووری پارێزگای کەرکووک ناوی پێنج کەس دەهێنرێت کە بەرپرسی میحوەری کەرکووکن لە شەڕی دژ بە چەکدارانی داعش، بەڵام نازانرێت کامیان بەرپرسی ڕاستەقینەی میحوەرەکەیە.

بەبڕیاری مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، وەک فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی کوردستان، هەشت میحوەر لە سنووری پارێزگاکانی دیالە، سەلاحەددین، کەرکووک و موسڵ پێکهاتن، سەرپەرشتی 4 لەو میحوەرانە درایە پارتی و 4 میحوەرەکەی دیکەش درایە یەکێتی.

سنووری میحوەرەکان دەکەوێتە ناوچەکانی کەلار، خورماتوو، کەرکووک و دوبز و مەخموور، گوێر، زوممار و شنگال.

مەسعود بارزانی، لە یەکەم کۆبوونەوەیدا لە پارێزگای کەرکووک و لەنێو هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان پێش ئەوەی داعش پەلاماری شنگال و زوممار بدەن، محەممەدی حاجی مەحمود، سکرتێری حیزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستانی وەکو فەرماندەی میحوەرەکانی کەرکووک دەستنیشان کرد، بەڵام لە سنووری کەرکووک زیاتر لە پێنج بەرپرسی میحوەر هەن و تاوەکو ئێستا ڕوون نییە کێ بەرپرسی میحوەرەکانە.

وەستا ڕەسوڵ، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی کە وەکو بەرپرسی میحوەر لە کەرکووک ناوی دەهێنرێت، بە (ڕووداو)ی گوت "هەموو کوردستان کراوە بە هەشت میحوەر و لە نێوان پارتی و یەکێتی دابەشکراوە، سەرپەرشتیارانی میحوەرەکان کەسانی سەر بەو دوو حیزبەن، من بە فەرمانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و مەکتەبی سیاسی یەکێتی کراوم بە بەرپرسی میحوەری چواری کەرکووک. قۆڵی ڕۆژئاوای کەرکووک کە میحوەری پێنجە ئەنوەری حاجی عوسمان کراوە بە بەرپرسی. لە خورماتووش عەولا بۆر بەرپرسی میحوەری سێیە، لە سنووری جەبارەش مەردان چاوشین لێپرسراوی میحوەرە، بەرپرسی میحوەری یەکیش مەحمود سەنگاوییە، بەڵام بەهۆی هەندێک گۆڕانکاری کە لەم دواییە کرا، نازانم بەرپرسی میحوەرەکانی پارتی کێن".

سەبارەت بە پۆستی محەممەدی حاجی مەحموود لە کەرکووک، وەستا ڕەسوڵ دەڵێت "زۆرجار بە ئێمەش گوتراوە کە گوایە کاکە حەمە بەرپرسی میحوەرەکانی کەرکووکە، بەڵام ئەمە ڕاست نییە، مەکتەبی سیاسی یەکێتی و مەڵبەندی دوو پێیانگوتووم کاکە حەمە کراوەتە بەرپرسی هێزی چەکدارە خۆبەخشەکانی کەرکووک، ئەمەش بەفەرمانی بارزانی بووە نەک لێپرسراوی میحوەر، هیواداریشم وابێت، چونکە تاوەکو ئێستا کاکە حەمە سەنگەرەکانی پێشمەرگەی نەبینیوە".

هەر یەک لە خالید شوانی، ئەندامی سەرکردایەتی و کەمال کەرکووکی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی لە سنووری پارێزگای کەرکووک، بەتایبەتی لەشارۆچکەی دوبز وەکو بەرپرسی میحوەری ئەو سنوورە مامەڵە دەکەن و فەرمان بە پێشمەرگەکانی سنووری خۆیان دەدەن.

ئەنوەری حاجی عوسمان، بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لە کەرکووک دوو میحوەر هەیە، بە فەرمانی بارزانی دوو بەرپرسیان بۆ دانراوە، ئەوانیش من و وەستا ڕەسوڵین، کاکە حەمە بەرپرسی میحوەر نییە، بەڵکو ئەو سەرۆکی پارتێکی سیاسی و کەسێکی شارەزایە لەکاری سەربازی و شەڕ و بۆ باشتر چاودێریکردنی هێزەکانی پێشمەرگە و سنووری شارەکە، سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەکو نوێنەری خۆی بۆ سەرپەرشتیکردن دەستنیشانی کردووە".

ئەنوەری حاجی عوسمان دەڵێت "من وەکو خۆم پرس و ڕای پێدەکەم و زۆرجاریش یاوەری من دەبێت لە بەسەرکردنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە، ئەگەر لایەنێکیش هەبێت پرسی پێنەکات، ڕەنگە خزمەت بە پێشمەرگە و سنووری کەرکووک نەکات. دەبێت هەموومان بەشانازییەوە پەیوەندیمان بە کامە حەمەوە هەبێت لەبەر ئەوەی کەسێکی دیاری ناو شۆڕش بووە".

لە دوای ڕاسپاردنی وەکو سەرپەرشتیاری میحوەرەکانی کەرکووک لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە، حەمەی حاجی مەحمود شوێنی مانەوەی هێناوەتە کەرکووک و لە گوندی شۆڕاو نیشتەجێ بووە و ماوە ماوە لەگەڵ فەرماندەکانی پارتی هێزەکانی پێشمەرگە بەسەر دەکاتەوە.

لیوا جەبار حوسێن فەرماندە لەهێزی پێشمەرگەی کوردستان دەڵێت "فەرامۆشکردنی کاکە حەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەلایەن کاک مەسعود بارزانییەوە دەستنیشان کراوە، یەکێتی ئەم شارە بە شاری خۆی دەزانێت و نایەوێت هیچ بڕیارێک لەم شارە جگە لە بڕیارەکانی خۆی باڵادەست بێت، بۆیە پێموایە دەبێت جارێکی دیکە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە نووسراوی فەرمی ئەو پۆستە بە کاکە حەمە بداتەوە. لەبەر ئەوەی ئەو پیاوە یەکەم کەس بوو پاسەوانی بارەگاکەی خۆشی هێنایە کەرکووک و بەسەر میحوەرەکانی پێشمەرگە دەسووڕایەوە".

محەممەد حاجی مەحمود، سکرتێری حیزبی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان لەوبارەیەوە دەڵێت "من لە سەرەتای ڕووداوەکانەوە هاتوومەتە کەرکووک و وەکو پێشمەرگەیەک و لە خۆشەویستی ئەم شارە دەستم داوەتە چەک و بۆ پۆست نەهاتوومەتە کەرکووک، بەڵام سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوای لە من کرد ئەو پۆستە وەربگرم، لەو کاتەشەوە من بە بەردەوامی سەرپەرشتی و سەردانی هێزەکانی پێشمەرگەم کردووە تاوەکو ئێستاش پێشمەرگەکانم لەبەرەی شەڕدان".

گوتیشی "ئەوانەی دەڵێن کاکە حەمە بەرپرسی میحوەر نییە، با سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەوە ئاگادار بکەنەوە، من پەیوەندییەکی زۆرباشم لەگەڵ ئەفسەرە باڵاکانی یەکێتی هەیە، کەس ناتوانێت نکۆڵی لەوە بکات کە سەردانی بەرەکانی شەڕم کردووە".


**محەممەدی حاجی مەحموود :** ئەوانەی دەڵێن من بەرپرسی میحوەر نیم با لای بارزانی باسی بکەن

# شوێنەکەی نەجمەدین کەریم کێشە دەنێتەوە

**هیوا حوسامەددین**
**ڕووداو- کەرکووک**

دوای سوێندخواردنی شوان داودی، وەکو ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە شوێنی نەجمەددین کەریم، دیسان کێشمەکێشی ئەوەی کێ شایستەی شوێنەکەی دکتۆر نەجمەدینە، لە نێوان فەلاح سەڵاح و شوان داودی سەری هەڵدایەوە. ڕۆژنامەنووسێکی کەرکووکیش دەڵێت "ڕۆژێک دێت یەکێتی باجی نەجمەدین کەریم بدات".

دوای مشتومڕێکی توند لەسەر پڕکردنەوەی کورسییە پەرلەمانییەکەی سەرۆکی لیستی یەکێتی لە کەرکووک بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، لە بەرژەوەندی شوان داودی تەواو بوو، ئەمەش ناڕەزایی ئەو کاندیدەی لێکەوتووەتەوە کە زۆرترین دەنگی لەنێو دەرنەچووەکان هێناوە.

فەلاح سەڵاح لەنێو کاندیدە دەرنەچووەکانی یەکێتی بە کۆکردنەوەی 3758 دەنگ، بە پلەی یەکەم دێت، بەڵام ڕۆژی 2014/10/18 شوان داودی کە 2724 دەنگی هێنابوو، لە شوێنی د.نەجمەدین کەریم لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق سوێندی یاسایی خوارد. ئێستا فەلاح دەڵێت لە مافی خۆی خۆش نابێت.





شوان داودی کە پێشتر سەرنووسەری ڕۆژنامەی هەواڵ بووە. لەوبارەیەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "من کارێکی نایاساییم نەکردووە، بەڵکو فەرمانی حیزبم جێبەجێ کردووە".

داودی سەبارەت بە هەڕەشەکانی فەلاح سەڵاح گوتی "فەلاح هەر شتێک بکات پەیوەندی بە منەوە نییە، کاتێک بۆ شوێنگرتنەوەی نەجمەدین کەریم دیاری کرام، ڕەزامەندی سەرۆکی لیست و بەشی هەڵبژاردن و جێگری یەکەمی سکرتێری یەکێتیم پێبووە، بۆیە ئەمە کێشەی شەقام نییە".

لە بەرامبەردا فەلاح سەڵاح ئەو کاندیدەی زۆرترین دەنگی نێو دەرنەچووەکانی لیستی یەکێتی لە کەرکووک هێناوە هەرچەندە ئامادە نەبوو لێدوان بدات، بەڵام گوتی مافی بەدەستهێنانی کورسییە پەرلەمانیەکە فت، بەڵام بێدەنگ نابێت و لە نزیکترین کاتدا زۆرترین نهێنی بۆ دەنگدەران بڵاودەکاتەوە.

فەلاح لەپۆستێکدا لە پەیجی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک ئاماژە بەوە دەکات "ئەگەر مام جەلال سکرتێری یەکێتی لە کەرکوک بووایە نەیدەهێشت ئەم غەدرە بکرێ، بۆیە ماوەی 25 ڕۆژە سکاڵام تۆمار کردووە تاوەکو ڕێزی دەنگدەران بگیرێت".

ڕۆژنامەنووسێکی کەرکووکی دەڵێت "ڕۆژێک دێت یەکێتی باجی نەجمەدین کەریم بدات". ڕۆژنامەنووس عارف قوربانی لەسەر پۆستەکەی فەلاح کۆمێنتێکی نووسیوە و دەڵێت "باشترین شت ئەوەیە لەمەودوا هەڵبژاردن بەلیستی داخراو بێت، چونکە خەڵک متمانەی بە دەنگدان نامێنێت ئەگەر وابڕوات، بەڵام ئەگەر لیستی داخراو بێت ئیدی حیزب یان مەسئولەکان سەرپشکن لەوەی خۆیان چ کەسێک تەرشیح دەکەن و ئەوکات کەسیش هەقی گلەیی نامێنێت".

عارف قوربانی هێرش دەکاتە سەر پارێزگاری کەرکووک و دەڵێت "ئەوەی پەیوەندی بە نەجمەدین کەریمەوە هەیە، هێشتا زووە بۆ ئەوەی یەکێتی باجی بداتەوە، کە بەرای شەخسی خۆم ڕۆژێک دێت قوربانی زۆر گەورە بدەین تا دۆخەکە وەک پێش هاتنی ئەو لێدەکەینەوە".

بەپێی زانیارییەکان، بەهۆی نزیکیی فەلاح سەڵاح لە سکرتێری دووەمی یەکێتی د.بەرهەم ساڵح، نەجمەدین کەریم پارێزگاری کەرکووک کە هاوکات ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتییە، ئامادە نەبووە فەلاح شوێنگرەوەی بێت و کەسێکی نزیک لەخۆی کە شوان داودییە دەنێرێتە پەرلەمانی عێراق.

یاساناسێک باسی دۆسیەی ئەو دوو کاندیدە دەکات و دەڵێت لە ڕووی یاساییەوە ڕێی تێدەچێت شوان داودی شوێنی نەجمەدین کەریم بگرێتەوە، بەڵام لە ڕووی دیموکراسییەوە نا.

هەژار کاکەیی پارێزەر دەڵێت "لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا بڕگەیەک هەیە کە سەرۆکی لیست و پارتەکە سەرپشک دەکات لەوەی لە سنووری ئەو پارێزگایە کەسێک دەستنیشان بکرێت بۆ کەسی ڕۆیشتوو، بۆیە لەڕووی یاساییەوە تانە و سکاڵاکانی فەلاح سەڵاح لەسەر ئەو بابەتە سوودی نابێت و ڕەنگە هەر تەماشاشی نەکرێت، بەڵام لەڕووی دیموکراسیەوە ئەو کارە فەرامۆشکردنی پرۆسەی دەنگدان و دەنگدەرانە بە فەلاح و بەو کارەش هیچ بەهایەک بۆ هەڵبژاردن نامێنێتەوە".

ژنە کوردێک ئاشکرای دەکات

# وەزیرە تورکەکەی حکومەتی سوێد ئیسلامی دەرچوو



**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

وەزیرێکی کابینە نوێیەکەی حکومەتی سوێد کە لەلایەن سۆسیال دیموکراتەکان بە هاوپەیمانێتی پارتی ژینگەی سەوز پێکهات، بەوە تۆمەتبارە کە سەر بە ئیسلامی سیاسییە، بەڵام وەزیرەکە ئەوە رەتدەکاتەوە و دەڵێت پەیوەندی لەگەڵ هیچ پارتێکی سیاسیی ئیسلامیدا نەبووە.

محەممەد کاپلان، لە کابینەی نوێی حکومەتی سوێددا، پۆستی وەزیری خانووبەرە و گەشەپێدانی شارستانی لەسەر لیستی پارتی ژینگەی سەوز وەرگرت. کاپلان بە رەچەڵەک تورکە و ڵاتینامەی سوێدی هەیە.

ئەم تۆمەتبارکردنە لەکاتێکدایە کە لە سووریا و عێراق بەرەیەکی نێودەوڵەتی لە شەڕدایە لەدژی چەکدارانی بەناو دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق و شام. ئەم شەڕە وایکردووە کە ئەوروپییەکان زۆر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ دۆسیەی ئیسلامی سیاسی بکەن. چوونی هەزاران گەنجی ئەوروپی بۆ ریزەکانی داعش، هێندەی دیکە کەسایەتی و رێکخراوە ئیسلامییەکانی لە ئەوروپا خستووەتە ژێر گومانەوە.

پەیوەندی ئەو وەزیرە بە رەچەڵەک تورکە لەگەڵ ئیسلامی سیاسی لەلایەن پەرلەمانتارێکی پێشووتری کورد لەسەر لیستی سۆسیال دیموکراتەکان بە ناوی نالین پێکگول وروژێنرا. نالین دەڵێت "ئەم وەزیرە پاشخانێکی ئیسلامیی سیاسی هەیە و لەڕێگەی دەسەڵاتەکەیەوە کار لەسەر ئەو سیاسەتە دەکات".

پێکگول لە وتارێکدا کە لە رۆژنامەی داگس ئیندوستری سوێدی بڵاوی کردەوە و پاشانیش قسەکردنی بۆ رادیۆی سوید، مشتومڕێکی زۆری خستەوە. نالین دەڵێت محەممەد کاپلان پەیوەندی لەگەڵ پارتی داد و گەشەپێدانی دەسەڵاتداری تورکیا هەیە و کار بۆ ئەجێندایەکی سیاسی دەکات لە سوێد.

ئەگەر ئەو قسانەی پێکگول راست بن، رەنگە پەرلەمانتاران و سیاسەتمەدارانی سوێد زۆر بە جددی بە دوای ئەو بابەتەدا بچن، بە تایبەتی کە ئێستا حکومەتی تورکیا تۆمەتبارە بەوەی هاوکاریی لۆجستیکی پێشکەشی چەکدارانی داعش کردووە، سەرباری چاوپۆشین و ئاسانکاری بۆ تێپەڕبوونی هەزاران خۆبەخشی جیهادی لەناو خاکی تورکیاوە بۆ سووریا.

پێکگول باس لە هەڵەی چەپەکان و ئەم دەسەڵاتەی ئێستای سوید دەکات کە لەڕێگەی پاڵپشتی ئیسلامییەکان و ناوەندە ئاینییەکان دەیانەوێت توندوتیژی ئاینی نەهێڵن، بەڵام بەبڕوای ئەو، دواتر باجی ئەو سیاسەتە دەدەنەوە. پێکگول دەڵێت "سوێد کەسێکی وەک کاپلان دەکاتە وەزیر و لە ئەگەری پشتگیریکردنی سیاسەتەکەیدا دەیەوێت پشتگیریکردنی رای گشتیی سوید بۆ ئیسلامییەکانی ئەو وڵاتە رابکێشێت".

محەممەد کاپلان، سەرۆکی رێکخراوی گەنجانی موسوڵمان بووە لە سوێد. نالین پێکگول، ئەو رێکخراوە بەوە تاوانبار دەکات کە هەمیشە خەڵکانی توندڕەوی ئیسلامی بانگهێشتی سیمینارەکانیان دەکەن، ئەوانەی بە کردەوە بڕوایان بە جیهاد هەیە لەڕێی پەنابردن بۆ چەک.

ئەو مزگەوتانەی کاپلان سەردانی کردوون و کاری رێکخراوەیی تێداکردوون، زۆربەیان سەر بە ئیخوان موسلیمینن، یانیش لینکێکیان لەگەڵ پارتی داد و گەشەپێدانی تورکیا AKP دا هەیە.

محەممەد کاپلان داوای لە ناوەندە جیهانییەکان و یەکێتی ئەوروپیی کردووە، پشتیوانی دارایی مزگەوت و ناوەندە ئیسلامی و ئاینییەکان بکەن، بۆ وەستانەوە بەرامبەر بەو توندوتیژییە ئاینییەی هەیە و کار بۆ ئەوە بکەن "خەڵک لە داعش دووربخەنەوە".

نالین پێکگول باکسی کە خوشکی نووسەری بەناوبانگی کورد کۆردۆ باکسییە، لە خانەوادەیەکی بەناوبانگی خەباتگێڕی باکووری کوردستانن. نالین کۆنترین و یەکەمین پارلەمانتاری کوردی پەرلەمانی سویدە.

کاپلان پێیوایە هۆکاری پەیوەستبوونی گەنجان بە ریزەکانی داعشەوە ئەو رەوتی دژە ئیسلامییە یە کە لە وڵاتانی ئەوروپا هەیە، بەڵام بە بڕوای پێکگول هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی گەنجانی ئیسلامی لە وڵاتانی ئەوروپا وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی بێ رەگ و ریشە و بێ شوناس دەژین کە دەوڵەت خۆی بەرپرسە لەم هۆکارانە.

بەبڕوای کاپلان چارەسەری ئەم گرفتە بەوە دەکرێت کە بودجەیەکی تایبەت لەلایەن وڵاتانی ئەوروپاوە بخرێتە خزمەت مزگەوتەکانەوە، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو رەوتە.

لە شوێنێکدا پێکگول بەراوردی کاپلان دەکات لەگەڵ جیمی ئۆکێسۆن، سەرۆکی حیزبی راسیستی سوێد، زۆرجار کاپلان قسە لەسەر ئەوە دەکات کە ئۆکێسۆن راسیست نییە.


پێکگول دەڵێت، کۆمەڵگای سوید لە ترسی ئەوەی بە ئیسلامۆفۆبی ناویان نەبرێت، بێدەنگ بوون لەم ئەجێندا شاراوانەی کاپلان کە جگە لە نائومێدکردنی ئەو کەسانەی لەدەستی ئەم ئەجێندایانە لە وڵاتانی خۆیاندا چەوسێنراونەتەوە، هیچی دیکە نییە.

دانانی کاپلان وەک وەزیرێک لە حکومەتی تازە و نوێنەرانی حیزبی ژینگە لە پەرلەمان، پەیامێکی ئاشکرایە بۆ ئیسلامییەکانی سوید، تا پێیانڕابگەیەنن کە پشتیوانی رای گشتی سوێدیتان لەگەڵدایە.

ئێستا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و راگەیاندنی سوێدییەوە هێرشێکی توند دەکرێتە سەر محەممەد کاپلان و وەکو کەسێکی توندڕەوی ئیسلامی وێنای دەکەن، هاوکات ژمارەیەک لەوانەی کە لەسەر ئەو بابەتە لە رۆژنامە سوێدییەکاندا هاتوونەتە دەنگ، پرسیاری ئەوە دەکەن کە چۆن پارتی ژینگە کەسێکی وای بۆ وەزیر لە حکومەتی نوێی سوێد بە سەرۆکایەتی سۆسیال دیموکراتەکان دیاری کردووە.

ئەگەر راگەیاندنی سوێدی بەو شێوەیە لەسەر محەممەد کاپلان بنووسن، دوورنییە خۆی یانیش پارتەکەی ناچار بە دەست لەکارکێشانەوەی بکەن.

# ئەبو سەمرە.. ئەو گەنجە داعشیەی ترس و تۆقاندن بە جیهاندا بڵاودەکاتەوە



**ڕووداو- رۆژنامەی حەیات**

بەردەوام پرسیار و گومان لەلای ئەوانەی ناوی داعشیان بیستووە دەورووژێ، کێ لە پشت هەڵمەتی راگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو گرووپەیە کە بە گرتە پڕ لە توندوتیژییەکان و سەربڕین و کوشتنی بە کۆمەڵ ترسی بە جیهاندا بڵاوکردووەتەوە.

## 50 هەزار دۆلار پاداشتی دەستگیرکردنی

نووسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی ئەمریکی لە مانگی تشرینی دووەمی 2009، راپۆرتێکی لەسەر لیستی تیرۆرستان بڵاوکردەوە و تێیدا ناوی (ئەحمەد ئەبوسەمرە)ی زیادکردبوو بۆ ئەو لیستە.

ئەو کەسە لەسەر ئاستی ئەمریکا و دەزگا راگەیاندنەکان نەناسراو بوو، بەڵام دوای دەرچوونی بڕیاری دەستگیرکردنی لە لایەن دەسەڵاتدارانی واشنتنەوە، هەروەها تەرخانکردنی پاداشتێکی 50 هەزار دۆلاری بۆ ئەو کەسەی دەستگیری بکات، یاخود زانیاری لەسەر بدات کە ببێتە هۆکاری دەستگیرکردنی، ئیدی فۆکسی دەزگا راگەیاندنەکان لەسەر ئەبوسەمرە چڕبووەوە.

دوای راگەیاندنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)، رۆژ لە دوای رۆژ ناوی ئەبوسەمرە لە ئاسمانی ئەستێرەی توندڕەوەکان و دەزگاکانی قەڵاچۆکردنی تیرۆر لە سەرتاپای جیهان دەدرەوشایەوە، ئێستا ئەبو سەمرە بەرپرسی ماڵپەڕ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی داعشە و بەرپرسە لە ئیدارەکردنی پروپاگەندە و جەنگی راگەیاندن و شەڕی دەروونی، ئەبوسەمرە گەورەترین هەڕەشەیە بۆ سەر وڵاتانی رۆژئاوا و ئەمریکا.

ئێستا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پڕ بوون لە گرتەی پڕ لە توندوتیژی، هەندێک لەو گرتانە بە زمانی ئینگلیزی بڵاوکراونەتەوە، زۆر لە چاودێران پێیانوایە ئەو گرتانەی ئەبوسەمرە کە بە ئینگلیزی بڵاویان دەکاتەوە، وەکو موگناتیسێکن بۆ راکێشانی گەنجانی ئەوروپی و ئەمریکی بۆ ریزەکانی داعش.

## دوو رەگەزنامەی هەیە

زانیارییەکان دەربارەی ئەو کارەکتەرە سەرەکییە و ئەو ئەندازیارەی پەخشکردنی ترس و تۆقاندن لە نێو دوژمنانی داعش، بە گوتەی خۆیان "کافر و هەڵگەڕاوەکان" تەنیا ئەوەیە کە لە فەرەنسا لەدایکبووە و تەمەنی 32 ساڵە، هەڵگری هەر دوو رەگەزنامەی سووری و ئەمریکییە، سەرەتا لە قوتابخانەیەکی کاسۆلیکی دەستی بەخوێندن کردووە، پاشان لە زانکۆیەکی ئەمریکی لە بواری تەکنۆلۆژیا درێژەی بەخوێندن داوە تا دواجار لە کۆمپانیایەکی تایبەتمەند بەو بوارە دەستی بەکارکردووە.

لێهاتوویی و شارەزایی ئەبوسەمرە پاڵی بەداعشەوە نا هەر زوو لە خۆی بگرن تا لەوێوە ببێتە کەناڵی راکێشان و هێنانی گەنجانی ئەمریکی، بەریتانی و کەنەدی بۆ ریزی چەکدارانی داعش.

بەرپرسانی ئەمریکی جەختیان لەسەر ئەوە کردووەتەوە، کە ئەو پیاوە تەمەن 32 ساڵە هەموو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو فەیسبووک، تویتەر و یوتیوبی خستووەتە خزمەتی داعش و بڵاوکردنەوەی بیری توندڕەوی و راکێشانی گەنجان بۆ گۆڕەپانی شەڕ لە سووریا و عێراق.

کێران رامسی ئان، یاریدەری بریکاری نووسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی ئەمریکی دەڵێ "ئەبوسەمرە لە ساڵی 2004 لە ئەمریکاوە بەرەو عێراق رۆیشتووە، لە بەشی راگەیاندنی رێکخراوی قاعیدە کاری کردووە، ئێستا لە سەرتاپای جیهان هەموو هەوڵەکان بەردەوامن بۆ دۆزینەوەی ناوبراو".


## ڤیدیۆکانی داعش هۆڵیوودین

داعش بە گرتە ڤیدیۆکانی کە بە کوالێتییەکی بەرز و لە ئاستی هۆڵیوودن لە رووی رەنگ و دەنگ، سەرنجی گەنجانی رۆژئاوای بە لای خۆیدا راکێشاوە. ئەمەش بووەتە رێگایەکی گونجاو تا گەنجانی بەریتانی و رۆژئاوایی پەیوەندی بە داعشەوە بکەن، ئەم بەشەش راستەوخۆ لەلایەن ئەبو سەمرەوە سەرپەرشتی دەکرێت.

چارلس لیستەر، مامۆستای پەیمانگەی برۆکینگ لە دەوحە دەڵێ "هیچ گرووپێکی توندڕەو نەیتوانیوە لە بواری کاریگەری ئەلیکترۆنی و تەکنۆلۆژیا بگاتە ئاستی داعش".

پیتەر نیومان، بەڕێوەبەری سەنتەری نێودەوڵەتی بۆ توێژینەوەی توندڕەوی دەڵێ "بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆ کردەوە تیرۆرستییەکان لەلایەن ئەو رێکخراوە لە عێراق و سووریا، کاریگەرییەکی کارای بۆ بڵاوکردنەوەی ترس لەنێو خەڵکدا هەیە".

پیتەر نیومان دەڵێ ئەوان سەرکەتووبوون لە گەیاندنی پەیامەکانیان بە زمانی ئینگلیزی، ئێستا داعش هێزێکی راگەیاندنی هەیە کە هاوسەنگە لەگەڵ هێزە سەربازییەکەی".



# پێشمەرگە پێویستی بە ڕۆبۆتە بۆ تەڵەی پیاوە گێلەکان

شادیە ڕەسول
ڕووداو- سلێمانی

تیمێکی پسپۆڕی بەریتانی لە سلێمانی سەرقاڵی مەشق و ڕاهێنانن بۆئەوەی ژمارەیەک ئەفسەری پێشمەرگە ئامادەبکەن تاوەکو ببنە مامۆستا و ڕاهێنەری هێزەکانی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕدا. هەرچەندە پێشمەرگەکان دڵخۆشبوون بەوەی وانەیان لە بەریتانییەکان وەردەگرت، بەڵام ئەوە هێشتا بەس نەبوو بۆ ئەوەی هیوایەکی زۆریان هەبێ.

لە نزیک سەربازگەی کانی گۆمە لە سلێمانی، تیمە بەریتانییەکە نەیاندەویست کات لەدەستبدەن. ئەفسەرە کوردەکانیش لەوان بە پەرۆشتر دەردەکەون. ڕاهێنانەکە لەسەر پووچەڵکردنەوەی بۆمب و تەقەمەنیی شاراوەیە بە کەمترین زیان. لەم دیمەنەوە تێدەگەیت کە ئەمڕۆ پێشمەرگە ڕووبەڕووی شێوازێکی دیکەی شەڕکردن بووەتەوە لەگەڵ چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە (داعش).

عەمید زانا عەبدولکەریم، فەرماندەی خوێندنگەی مەشقی سەربازی لە سلێمانی، دەڵێ ئەو شوێنانەی کە داعش تێیاندا دەمێنێتەوە بەتەواوی بۆمبڕێژیان دەکات، بۆیە ئەم پێشمەرگانە ڕاهێنراون تاوەکو شارەزاییەکی باش وەربگرن و بتوانن ئەو بۆمبانە پووچەڵ بکەنەوە "خوێندنگەکەمان ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە مەشقی پێشمەرگە، لە چوارچێوەی ئەو هاوپەیمانێتییەی کە دژی بە داعش پێکهێنراوە، لە وەزارەتی پێشمەرگەوە بڕیار دراوە کە ئەم خولانە بکرێنەوە".

وەک ئەو بەرپرسەی وەزارەتی پێشمەرگە گوتی، تیمە بەریتانییەکە یەکەم تیمی لەوجۆرەن کە هاتوونەتە باشووری کوردستان. گوتیشی "بڕیارە لە داهاتوودا تیمی کەنەدی و فەرەنسیش بێن بۆ ڕاهێنان لەسەر ئەندازیاریی مەیدان و چەکە قورسەکان".

ئەم تیمە لەڕووی هەندەسەی مەیدانیەوە بۆ پووچەڵکردنەوەی بۆمبی چێنراو و مین و (تەڵەی گێلە پیاوان) ڕاهێنان بە پێشمەرگەکان دەکەن، لەم خولەدا 20 ئەفسەر لە سەرجەم لیواکانی وەزارەتی پێشمەرگە بەشدارن، ئەفسەرەکان پێشتر ئەم جۆرە ڕاهێنانەیان نەبینیوە.

کارەکە تەنیا لەو سەربازگەیە کۆتایی نایەت، وەک عەمید زانا عەبدولکەریم دەڵێت "ئەمانەی کە لەم ڕاهێنانە تەواو دەبن، پاشان دەگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان بۆ ئەوەی مەشق بە پێشمەرگەکانی دیکە بکەن".

بەڵام نیگەرانییەکانی عەمید زانا بۆ کاتێکە کە ڕاهێنانەکە کۆتایی دێت "ئەوەی کە پێویستمانە ئەو پۆشاکەیە کە بەکاریدەهێنین، چونکە بۆ ئەو ژمارە زۆرەی پێشمەرگە تەنیا 3 پۆشاکیان بۆ هێناوین، هەروەها ئامێری پشکنین و ڕۆبۆت، هەموو ئەم ئامێرانەی ڕاهێنانی پێدەکەین لە بەریتانیاوە بۆمان دێت، بەڵام تاوەکو ئێستا ڕۆبۆتەکانیشمان بۆ نەهاتووە". ئەو مەبەستی ئەو پۆشاکەیە کە پێشمەرگەکان دەبێت پێش ئەوەی دەست بە هەڵگرتنەوەی تەقەمەنی و مین بکەن، لەبەری بکەن.

ئەمە بۆ پێشمەرگە شتێکی نوێیە. یەکێک لە ڕاهێنەرە بەریتانییەکان دەڵێ "ئێمە تەنیا مەشق بەو پێشمەرگانە دەکەین کە لەلایەن وەزارەتی پێشمەرگەوە دەستنیشان کراون، تاوەکو ئێستا پێیاننەگوتووین مەشق بەو کەسانە بکەین کە خۆبەخشن و دەچنە نێو ڕیزەکانی پێشمەرگە".

ڕاهێنەرە بەریتانییەکە ڕازی نەبوو ناوی ئاشکرا بکرێت و وێنەی بگیرێت، وەک خۆی باسیدەکات ئەوان بەردەوام شوێن دەگۆڕن و هەرجارە و لە وڵاتێک ئەو ڕاهێنانە پێشکەش دەکەن، بەڵام گوتیشی "ئەو چەک و ئامێرانەی دەگاتە هەرێمی کوردستان، دەدرێنە وەزارەتی پێشمەرگە و ئەوانیش ئێمە ئاگادار دەکەنەوە بۆ ئەوەی ڕاهێنان لەسەر ئەو چەکانە بکەین، لەوەتەی شەڕی داعش دەستیپێکردووە یەکەم خولە لە بنکەکەمان دەکرێتەوە".

ڕاهێنەرە بەریتانییەکان 3 کەسن، یەکێکی دیکە لەوان گوتی "ئێستا داعش تاکتیکی شەڕیان گۆڕیوە، زیاتر لە ڕێگەی بۆمب و مین و مرۆڤی خۆکوژەوە شەڕ دەکات، بۆیە پێویستە پێشمەرگە لەسەر ئەو شێوازە ڕابهێنرێن تاوەکو کەمتر ڕووبەڕووی مەترسی ببنەوە".

ڕاهێنەرەکە گوتیشی "ئەم پێشمەرگانە زۆر زیرەکن، زوو فێردەبن و ئازایەتییەکی زۆریان هەیە، ئەو ڕێگەیەی کە ئێمە مەشقی پێدەکەین تەنیا شێوازی بەریتانی نییە، بەڵکو ڕێگەیەکی پێشکەوتووی جیهانییە".

هەروەها دەڵێ "ئێمە تەنیا لە ڕێگەی ئەم پۆشاکەوە دەتوانین مەشقیان بدەینێ، ئەوان بۆ ئەم مەشقە پێویستیان بە ڕۆبۆت هەیە، هێشتا ئەوەیان بۆ نەهاتووە".

مولازم ڕێبین، پێشمەرگە لە لیوای یەکی کەرکووک کە لیوایەکی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەیە، ماوەی مانگێکە بەشداری ئەم ڕاهێنانەی کردووە. ڕێبین کە پۆشاکی پووچەڵکردنەوەی بۆمبی پۆشیبوو، پێیوایە ئەم خولە زۆر سەرکەوتووە و ڕێگەیەکی پێشکەوتووە بۆ مەشقکردن "ئەم پۆشاکە زۆر قورسە، نزیکەی 38 بۆ 40 کیلۆیە، بەم جلانەوە دەتوانی بچیتە سەر بۆمبەکە کاتێک ڕۆبۆتت پێ نەبێت، واتە دەتوانی بەدەستی خۆت کار لەسەر پووچەڵکردنەوەی بۆمبەکە بکەیت".

ئەو ئەفسەرە زیاتر دەڵێ "ئەم ئامێرەی کە بەدەستمەوە بەستراوە، کۆنترۆڵی پۆشاکەکە دەکات، لەوانە گڵۆپ کە بە کڵاوەکەوەیە، هەروەها ئامێری فێنککەرەوە کە لەناو پۆشاکەکەدا هەیە، چونکە کاتێک کڵاوەکە دادەخەیت، ئەم هەوایە ڕێگە لە خنکاندن دەگرێت، ئەم پۆشاکە دژە تەقینەوەیە، بەڵام بەپێی قەبارەی بۆمبەکە دەکەوێت، بۆ نموونە ئەگەر ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو لە نزیکی تۆ بتەقێتەوە تەنیا ئازارت دەدات و ناتکوژێت".



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

## وەزیری کاروباری دەرەوەی سکۆتلاند:

# دەبێ بێ بیرلێکردنەوە چەک بدرێتە پێشمەرگە

ڕووداو – لەندەن

وەزیری دەرەوەی سکۆتلاند داوا لە جیهان دەکات بێ پێشاندانی دوودڵی هێزەکانی پێشمەرگە پڕچەک بکەن کە لە ڕیزی پێشەوەی شەڕێکی جیهانیدان لەدژی گرووپی تیرۆریستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش).

هەمزە یوسف، وەزیری کاروباری دەرەوە و پێشڤەچوونی نێودەوڵەتی لە سکۆتلاند، هاوکاری هەرێمی کوردستان دەکات بۆ ئەوەی مامەڵە لەگەڵ ئەو شەپۆلەی هاتنی ئاوارە لە سووریا و بەشەکانی دیکەی عێراقەوە بکات.

"کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێویستی بە دووبارە بیرکردنەوە نییە بۆئەوەی هاوکاری دارایی و چەک پێشکەشی پێشمەرگە بکات". یوسف لە گفتوگۆیەکیدا لە گلاسکۆ لەگەڵ بەیان سامی عەبدولڕەحمان، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەریتانیا ئاوا قسەی کرد.

یوسف دەڵێت تەنیا لەبەرئەوەی کوردی عێراق حەزیان لە سەربەخۆییە ئیدی مانای ئەوە نییە کە جیهان هاوکارییان نەکات لەم شەڕەدا "خولیای سەربەخۆیی نابێت ڕێگە لە حکومەتەکان بگرێت هاوکاری پێشمەرگە بکەن".

ئەو ئامادەیی حکومەتەکەی پێشاندا بۆ پێشکەشکردنی هاوکاری لەو قەیرانە مرۆییەی تووشی هەرێمی کوردستان هاتووە، هەرچەندە حکومەتی سکۆتلاند بودجەیەکی تایبەتی بۆ هاوکاری نێودەوڵەتی نییە.

یوسف دەڵێت ئەو ملیۆن و چوارسەد هەزار ئاوارەیەی لە کوردستان هەن، هێندەی هەموو دانیشتووانی شاری گلاسکۆیە.

لە دانیشتنێکی پەرلەمانی سکۆتلاند لە ئێدنبۆرگ، بەیان سامی عەبدولڕەحمان پشتگیری ئەندام پەرلەمانەکانی بۆ هاوکاری کوردستان مسۆگەرکرد.



بەیان سامی عەبدولڕەحمان و سیاسەتمەداران و پەرلەمانتارانی سکۆتلەندا قسە لەسەر ڕەوشی کوردستان دەکەن

"من لێرەم تا پشتگیری خۆم بۆ خەڵکی کوردستان پیشان بدەم. لە سکۆتلاند زۆر بە جیدی دەڕوانینە پرسی کورد". هەنزالا مالیک، پەرلەمانتار کە کۆبوونەوەکەی ڕێکخستبوو، وای گوت.

مالیک ئاماژەی بە تاوانی ئەنفال و پاشان کوشتوبڕی داعش کرد لەدژی کەمینەکانی عێراق، بە ئێزدی و کریستیان و شەبەک و کاکەییەوە. ئەو گوتی "ڕێگەمان بە ڕوودانی جینۆسایدی ئەنفال دا و ئێستاش ڕێگە بە دووبارەبوونەوەی دەدەین."

بۆب دۆریسی ئەندام پەرلەمانیش ڕەخنەی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گرت کە ئەوان بە شێوەیەکی پێویست هاوکاریی کورد ناکەن لە کاتێکدا شاری کۆبانی گەمارۆدراوە. "پێویستە کاری زۆر زیاتر بکەین لە کۆبانی. ئەگەر یاسای نێودەوڵەتی ڕێگە بە دەستتێوەردان لە سووریا نادات، ئیدی سوودی چییە".

بەیان سامی عەبدولڕەحمان جەختی لە مەترسیداریی دۆخەکە و ئەو بارەی کە داعش دروستی کردووە لە کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کردەوە.

ئەو داوای چەک و ڕاهێنان و هاوبەشکردنی زانیاری و پشتگیریی لۆجیستی و بەردەوامیی هێرشە ئاسمانییەکانی کرد بۆ ئەوەی شکست بە داعش بهێنرێت.

بەیان هەروەها ئاماژەی بە بارودۆخی سیاسی لە بەغدا کرد. ئەو ڕایگەیاند کە کورد پێشوازی لە سەرۆک وەزیرانی نوێی عێراق دەکات و بڕیاریانداوە بەشداری لە حکومەتە نوێیەکەی عێراقدا بکەن. بەڵام سێ مانگ مۆڵەتی بەغدایان داوە بۆ ئەوەی بەڵێنە لە مێژینەکانی جێبەجێ بکات.

"سکۆتلاند بەلای ئێمەوە گرنگە. وەکو هەرێمی کوردستان، بەشێکی گرنگی دەوڵەتێکی گەورەیە. خەڵکی هەردوولامان حەز و ویستیان بۆ سەربەخۆیی هەیە. هیواداریین کە پەرە بە پەیوەندییە دیپلۆماسی و بازرگانی و کەلتووریەکانمان بدەین". بەیان گوتیشی "داوا لە بەریتانیا دەکەین کە هاوکاری زیاترمان بکەن لە ڕووی سەربازی و مرۆییەوە. داوا لە خەڵکی سکۆتلاند دەکەم کە بێننە پێش چاوی خۆتان چۆن دەتوانن لەگەڵ دۆخێک هەڵبکەن کە لە شەو و ڕۆژێکدا ملیۆنێک و 400 هەزار کەس تێیدا ئاوارەبوون و بەتەواوەتی کەوتوونەتە سەر پشتبەستن بە خێری خەڵکانی دیکە".

ئێستا ڕێکخراوێکی خێرخوازیی سکۆتلەندی لەژێر ناوی (کوردستان لەلایەن سکۆتلاندەوە پشتگیری دەکرێ) خەریکی کۆکردنەوەی داهاتە بۆ گرووپێکی پزیشکی کوردی و سکۆتلەندی کە بەنیازن هاوکاری پزیشکی بۆ ئاوارەکانی کامپەکانی کوردستان دابین بکەن.

ڕێکخراوەکە هەروەها کار لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی ئاگایی لە پەرلەمان و میدیاکان و کۆمەڵگەی سکۆتلەندی دەکات لەمەڕ هێرشەکانی داعش بۆ سەر کەمینەکانی کوردستان.

## ئیڤان لوبنان کوردە

**رووداو- هەولێر**

گۆرانیبێژی لاوی دەڤەری بادینان ئیڤان لوبنان بەگۆرانییەکی نیشتیمانی کوردبوونی خۆی دووپات دەکاتەوە. ئیڤان بە (رووداو)ی راگەیاند "وەک ئەرکێکی نیشتیمانی گۆرانیەکم بەناوی ئەم کوردین تۆمارکردووە، کە باس لە بوێری و ئازایەتی پێشمەرگە دەکات". دەربارەی تێکست و میلۆدی گۆرانیەکەش گوتی "لە تێکستی نیوار ئەمین و میلۆدی منە و هونەرمەندان دیاری کورد و محەممەد زەکی کاری موزیکیان بۆ کردووە". گوتیشی "گۆرانییەکە ئێستا لە قۆناغی کلیپکردندایە کە دەرهێنەر خەلیل مەجید ئەرکی دەرهێنانی کلیپەکەی گرتووەتە ئەستۆ".



رووداو
هونەری
ژمارە (330) دووشەممە 2014/10/20

### خەڵاتەکان پێشکەشی شەڕڤانانی کۆبانی کران

# لە فێستیڤاڵی بەیروت خەڵات بەسەر فیلمی کوردیدا بارین



دیمەنێک لە فیلمی (دوا زستان)ی دەرهێنەری کورد سالم سەڵەواتی

**عوسمان گوڵپی**
**رووداو- بەیروت**

چوار دەرهێنەر کە سێیان کورد بوون و یەکێکیان فارس، لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی بەیروت (BIFF) چەند خەڵاتێکیان بردەوە و خەڵاتەکانیان کردە دیاری بۆ شەڕڤانانی کۆبانی، وەک رێزگرتنێک لە بەرەنگارییان لەبەرامبەر هێرشی چەکدارانی داعش.

"دوا زستان" کە لە دەرهێنانی دەرهێنەری کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان سالم سەڵەواتییە، دوو خەڵاتی لە فێستیڤاڵەکەدا بردەوە. ئەو فیلمە خەڵاتی باشترین فیلمی فیچەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەروەها خەڵاتی باشترین دەقی فیلمی فیچەری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بردەوە. پێشتریش فیلمەکە لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی هەولێر و فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی دهۆک و هەروەها لە فێستیڤاڵی فیلم لە بەغدا و فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی قۆخی زێڕین لە یەریڤان لە ئەرمینیا خەڵاتی بردبووەوە.

لە وتەیەکی پڕسۆزدا، سەڵەواتی کە بۆ خۆی کوردە، گوتی خەڵاتی فیلمەکەی دەبەخشێتە بەرگریکارانی کۆبانی. سێ دەرهێنەری دیکە کە بە فیلمەکانیانەوە بەشدارییان لە فێستیڤاڵەکەدا کردبوو، هەمان هەڵوێستی سەڵاواتییان نواند.

ئێستا کەم فێستیڤاڵ هەن دەرهێنەری کورد بەشداری تێدا بکەن و خەڵات نەبەنەوە، لەم فێستیڤاڵەشدا دەرهێنەرانی کورد خەڵاتیان بەسەردا باری.

دیمەنەکانی فیلمی دوا زستان، گوندێکی بچووکی رۆژهەڵاتی کوردستان پیشان دەدات کە دانیشتووانەکەی بەهۆی هەڕەشەی لافاوەوە گوندەکەیان بەجێهێشتووە. بەڵام کوێخا و هاوسەرەکەی تەنیا دوو کەسن کە لە گوندەکەدا دەمێننەوە، جگە لە یەکدی کەسی دیکەیان نییە. شەوێک بەهۆی زریانێکەوە هەردووکیان لەیەکدی دادەبڕێن و ژنەکەی کوێخا بە تەنیا لە ماڵەوەیە.

لە کاتێکدا کە هاوسەرەکەی هەوڵی زۆر دەدات بە زریانی بەفرەکەدا تێپەڕێت، ژنەکەی کوێخا بەناوی "باجی" لە ماڵەوە دوا چاپتەری چیرۆکی ژیانیان لەسەر پارچە قوماشێک دەچنێت.

هەروەها فیلمی "زیاتر لە دوو کاژێر" کە لەلایەن دەرهێنەری ئێرانی عەلی ئەسغەرەوە دەرهێنراوە، خەڵاتی ئەلفی زێڕینی بۆ باشترین کورتە فیلمی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بردەوە. فیلمەکە چیرۆکی کچێک دەگێڕێتەوە کە پاکیزەیی لە دەست دەدات و خوێنی لێ دەچێت. کچەکە و هاوڕێیەکی بە دوای نەخۆشخانەیەکدا دەگەڕێن بۆ ئەوەی چارەسەری بۆ بکرێت، بەڵام لەبەرئەوەی کە هاوسەرگیری نەکردووە ئەو پێداویستییە پزیشکییەی بۆ دابین ناکرێت.

هەروەها فیلمی کوردی، ئاپارتمێنتی مێروولەکان کە لەلایەن تۆفیق ئەمانیەوە دەرهێنراوە، خەڵاتی ئەلفی زیوینی بردەوە بۆ کورتە فیلمی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەو فیلمە چیرۆکی خێزانێکی عێراقی دەگێڕێتەوە کە لە دوای شەڕەوە لە ئاپارتمێنتێکی بچکۆڵەدا لە بیابانێکی عێراقدا دەژین تا دواتر رووداوەکان ئاراستەی ژیانیان دەگۆڕن.

### 60 دەرهێنەری کورد داواکارییان پێشکەش کردبوو

بەڕێوەبەری فێستیڤاڵەکە، کۆلیت ناوفال بە کەناڵی ئەلجەزیرەی راگەیاند "هەرێمی کوردستان لە عێراق و هەروەها ئێران، لە بەرهەمهێنانی سینەماییدا جێگەیەکی بەرزیان بۆ خۆیان داگیرکردووە. نزیکەی 60 داواکار لەو دوو هەرێمەوە داوای بەشدارییان لە فێستیڤاڵەکەدا کردووە."

هەروەها خەڵاتی ئەلفی برۆنزی بۆ کورتە فیلم لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەخشرایە فیلمی پەپوولەکان کە لەلایەن دەرهێنەری کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان عەدنان زەندییە، هەمان خەڵات بەخشرایە فیلی لێ میرۆر، کە لەلایەن دەرهێنەری فەرەنسی لوبنانی، سێلینا دروستکراوە.







### مەخمەلباف خەڵاتەکەی پێشکەشی کۆبانی دەکات

خەڵاتی سۆسایتێ ژێنەرال بۆ باشترین فیلمی فیچەری، بەزۆرترین دەنگی بینەران بەخشرایە فیلمی سەرۆک کە لەلایەن فیلمسازی ئێرانی، موحسین مەخمەلبافەوە دەرهێنراوە. ئەم فیلمە کە لە دەستپێکی کردنەوەی فێستیڤاڵی ڤینسی رابردوودا نمایشکرا، چیرۆکی دیکتاتۆرێک دەگێڕێتەوە کە دوای کودەتایەک لەگەڵ کوڕەزایەکی پێنج ساڵانیدا هەڵدێت. موحسین، هەمان هەستی دەرهێنەرانی کوردی هەبوو بەرامبەر کۆبانی، بۆیە خەڵاتەکەی بەخشییە شەڕڤانانی یەکینەکانی پاراستنی گەل و یەکینەکانی پاراستنی ژنان کە ئێستا بەرگری لە کۆبانی دەکەن.

فێستیڤاڵەکەی بەیروت لە سەرەتای ئەم مانگەدا دەستپێکرد، زیاتر لە 70 فیلمی تێدا نمایش کرا. زۆربەی فیلمەکان لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بەشدارییان کردبوو.

# هونەرمەندان تۆمارگەکان و کەناڵەکان پڕدەکەن لە سروود



**رێکەوت سەلام**
**رووداو- هەولێر**

خەریکە ژمارەی ئەو سروودانەی بە بەژن و باڵا و ئازایەتی پێشمەرگەدا دەگوترێن، ژمارەی پێوانەیی دەشکێنن. زۆر لە گۆرانیبێژان و ئاوازدانەرانیش پێیانوایە زۆربەی سروودەکان کرچوکاڵن و هەست جوڵێن نین.

رۆژ نییە هەواڵێک یان دوو هەواڵی هونەری بڵاونەکرێتەوە لەبارەی ئەوەی فڵان هونەرمەند سروودێکی بۆ پێشمەرگە تۆمارکرد، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ کام لەو سروودانە سەرنجی خەڵک و تەنانەت شارەزایانی بواری مۆسیقاشی رانەکێشاوە.

بەپێی قسەی هونەرمەند مەزهەری خالقی کە گۆرانیبێژ و ئاوازدانەرە، کورد خاوەنی زیاتر لە 150 سروودە جگە لەو لاوک و حەیرانانەی باس لە ئازایەتی گەلی کورد و پێشمەرگە دەکەن. خالقی زۆریی سروود و گۆرانیی شۆڕشگێڕی لە نێو کورد بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە گەلی کورد زۆربەی کات لە شەڕدا بووە.

پێشتر سروودەکان کاریگەری زۆریان هەبوو لەسەر چەکهەڵگرتن و چوون بۆ چیا، ئەوانەی ئەوکات پشکی شێریان بەردەکەوت لە چڕینی سروود بریتی بوون لە هونەرمەندی کۆچکردوو محەممەد جەزا، شڤان پەروەر، ناسر رەزازی و مەرزییە فەریقی و هەندێک هونەرمەندی دیکە.

دوای ئەوەی چەکدارانی داعش دەستیان بەسەر شاری موسڵدا گرت و دواتر سەنگەریان بەرامبەر پێشمەرگە گرت، خەڵکی کوردستان هەریەکە بە شێوەیەک پشتگیریی خۆیان بۆ پێشمەرگە دەربڕی، هونەرمەندانیش دەستیان بە سروودگوتن کرد و بە لێشاو سروود کەوتنە سەر شاشەی تیڤییەکان.

### رەزازی: دەنگی سروود لە کوردستان کەمە

بەڵام ئەم سروودانە سەرنجی هونەرمەندێکی وەکو ناسر رەزازییان رانەکێشاوە کە خاوەنی زیاتر لە 40 سروود و گۆرانی شۆڕشگێڕییە.

رەزازی دەڵێت "دەنگی هەموو کەس بۆ سروود نابێت، ئەمڕۆ لە کوردستان ئەوانەی کە دەنگیان بۆ سروود دەبێت زۆر زۆر کەمن، بەڵام کەس ناتوانێت رێگایان لێ بگیردرێت، لەبەر ئەوەی کە پاشاگەردانییە".

ناسر رەزازی سەرەڕای ئەوەش پێیوایە لەبەرئەوەی دۆخەکە پێویستی بە پشتگیری و هاندانە، بۆیە پێی باشە ئەو سروودانە دەگوترێن "من حەز دەکەم نە تەنیا ئەو گەنجانە، بەڵکو هەموو گۆرانیبێژانی کورد ئەگەر دەنگیشیان بۆ سروود باش نەبێت، ئەگەر بۆیان دەکرێت لەم کاتەدا سروود بۆ نەتەوەی کورد تۆمار بکەن، بەتایبەت بۆ شنگال".

### لالۆ رەنجدەر: سروودەکان بێ رۆحن

هونەرمەند لالۆ رەنجدەر کە بە هونەرمەندی گۆرانیی شۆڕشگێڕی و سروود ناسراوە، پێیوایە گرنگترین هۆکار بۆ لەدایکبوونی سروود رۆحیەتە، بەڵام لالۆ ئەو رۆحیەتە لەو سروودانەی ئێستا دەگوترێن نابینێتەوە و دەڵێت "ئەگەر روحیەت نەبوو لە جیاتی رۆحیەت هەرکەسێک پارەی هەبێت و بێت سروودێک بڵێتەوە هەر ئەو سروودانەی لێدەردەچێت".

لالۆ دەستخۆشی لەو گەنجانە دەکات کە سروودیان گوتووە، بەڵام دەڵێت هەموویان دەنگیان بۆ سروود ناشێت.

### گۆران سالح: ئەوە کاری سروودبێژانە

گۆران سالح، کە هونەرمەندێکی گەنجی شاری هەولێرە، تاوەکو ئێستا خۆی لە قەرەی گوتنی سروود نەداوە و دەڵێت "ئەو کارە توانایەکی زۆرباشی دەوێت و ئاسان نییە. دەبێ ئێمە ئەوەش جودا بکەینەوە کە سروود شتێکە و گۆرانیش شتێکی دیکە، من گۆرانیبێژم، نەک سروود بێژ".

ئەو پێیوایە ئەو سروودانەی ئێستا بۆ هاندانی پێشمەرگە دەگوترێن هیچیان بنەمای سروودیان تێدا نییە "زۆربەیان دەچنە قاڵبی گۆرانی، بەڵام لە ناوەڕۆکدا باسی ئەم رەوشەی ئێستا دەکەن.

ئەنوەر قەرەداخی، کە میوزیکزانێکی بە ئەزموونە، لە بیری نییە تاوەکو ئێستا چەند کاری بۆ بەرهەمهێنانی سروود کردووە جا بە ئاوازدانان بێت، یان دابەشکردن. ئەو دەڵێ "کاتێک رووداوێک روودەدات، هونەرمەند یان هەر کەسێک رەنگە پەنا بباتە بەر شاعیرێک یان خۆی شیعرێک دادەنێت و دەیکات بە گۆرانی بۆئەوەی بە ئاوازێک باس لەو رووداوە بکات، رەنگە دانانی سروود، کاری هەموو کەسێک نەبێت، بەڵام ناتوانی رێگر بیت لەو هەستە ئەگەر لاوازیش بێت، یان کارێک بێت لە ئاستێکی هونەریی بەرز نەبێت، بەڵام ئەوە هەستێکە دەبێت تەقدیر بکرێت و رێزی لێ بگیرێت".

سەبارەت بەوەی کە کێن ئەوانەی دەبێ سروود بڵێن، قەرەداخی دەڵێ "ئێمە ناتوانین دەستنیشانی کەسێک بکەین، بەڵام زۆر لەو سروودانەی گوتراون کاری باشیان بۆ کراوە".

سەبارەت بە بەراوردی سروودی ئەم سەردەمە و رابردوو، ئەنوەر قەرەداخی دەڵێت "ئەگەر بەراورد بکەین لە نێوان ئێستا و رابردوو، جیاوازی زۆرە، چونکە ئێستا سەدەی بیست و یەکە و دەبێ سروودەکە تەعبیر لەم سەردەمە بکات، بەڵام مەرجیش نییە سروودەکانی رابردوو لە هی ئێستا باشتر بووبن".

ئەنوەر قەرەداخی گلەیی لە میدیا هەیە و دەڵێت هیچ فلتەرێکیان نییە بۆ پەخشکردنی سروود و گۆرانی. ئەو سروودی ئەی رەقیب بە نموونە دێنێتەوەو دەڵێت "ئەم سرووده بە دەیان شێواز گوتراوەتەوە، هەندێکی باشە و هەندێکی لاوازە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر لێدەدرێتەوە، چونکە ئەمە سەر بە سلێمانییە یان هەولێرە، یان دهۆکە، یان ئەوە هی فڵانە حیزبە، ئەوە شتێکی زۆر هەڵەیە، چونکە ئەو کارە نیشتیمانیانە دەبێت بە یەک هەناسە و یەک چاو سەیریان بکرێت".

سەبارەت بە گوتنەوەی سروودە کۆنەکان کە پیشەی هەندێک لە گۆرانیبێژە گەنجەکانە، قەرەداخی گوتی "هەندێک کەس هەیە دێت سروودی کۆن تازە دەکاتەوە، بەڵام دەستکارییەکی سەقەتی دەکات، بەبڕوای من دەستکاری ئەو بەرهەمانە نەکرێت، بە بڕوای من ئەوە کارێکی زۆر هەڵەیە کە دەستکاریی بەرهەمەکانی رابردوو دەکرێت".

ڕووداو
تاراوگە
ژمارە (330) دووشەممە 2014/10/20



## کوردێک دەگاتە بەرزترین پلەی دادوەری سوێد

**ڕووداو- سوێد**

هەفتەی ڕابردوو پارێزەری کورد مەحموود باران، تەمەن 55 ساڵ، وەکو ئەندامی دادگای باڵای ئیداری سوێد دەستبەکاربوو، کە بەرزترین پلەی دادوەرییە لە سوێد. ئەندامێتی لە دادگای باڵای ئیداری وەزیفەیەکی هەرە باڵای دادوەرییە بۆ ئەوەی یاساناسێک پێی بگات. ئەو دادگایە 16 ئەندامی هەیە. مەحموود باران پێشتر وەکو پارێزەری باج لە کۆمپانیا تایبەتەکانی سوێد کاری کردووە. پێشتریش لە فەرمانگەی باج وەکو پسپۆڕێکی دادی کاری کردووە. مەحموود باران لە شاری کۆنیا لە دایکبووە و لە تەمەنی 19 ساڵی ڕووی کردووەتەوە سوێد.

## کوردی ئەورووپا دەبنە پێشمەرگە و شەڕڤان

# 200 کورد لە سوێدەوە بۆ شەڕکردن دەگەڕێنەوە کوردستان



**ڕووداو- کۆپنهاگن**

حوسێن محەممەد، موزیسیانێکی دانیشتووی ئەڵمانیا وازی لە کارەکەی هێنا و خێزانەکەی لەوێ بەجێهێشت و بووە پێشمەرگە لە کوردستان. لوقمان حەسەنیش بڕیاری داوە ئەڵمانیا بەجێبهێڵێت و بگەڕێتەوە کوردستان.

سەدان کوردی دانیشتووی ئەورووپا چوونەتە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگە و یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) بۆ شەڕ لەدژی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش).

"دەوڵەتی ئیسلامی هێرش دەکاتە سەر خوشک و براکانمان و دەیەوێ خاکەکەمان داگیر بکات" لوقمان بە ئاژانسی فرانس 24ی گوت کە "لەبەرئەوە ناچاربووین بگەڕێینەوە تا بەرگری لە وڵاتەکەمان بکەین".

حوسێن و لوقمان هەردووکیان لە ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوودا پێشمەرگە بوون.

سوزانە گوڤەن، سەرۆکی کۆمەڵەی نەتەوەیی کورد لە سوێد دەڵێت لە مانگی ڕابردوودا نزیکەی 200 کوردی سویدی، ئەو وڵاتەیان جێهێشتووە بۆ ئەوەی هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن لە شەڕی دژە داعشدا. ئەو کوردانە بە چەندین شێواز ئەو کارە دەکەن و هەندێک بوون بە پێشمەرگە.

لە مانگی ئابدا، ڕۆژنامەی VG ی نەرویجی ڕایگەیاند کە لاوانی کوردی نیشتەجێی نەرویج لە پێشەوەی بەرەکانی شەڕدان. بەگوێرەی ڕۆژنامەی Politikenی دانیمارکیش، نزیکەی 10 کوردی دانیشتووی دانیمارک پەیوەندییان بە هێزە کوردییەکانەوە کردووە.

ئازاد مەحموود، 27 ساڵ، یەکێکە لەوانە. ئەو بە (ڕووداو)ی گوت "باوباپیرانمان خوێنی خۆیان لە پێناوی ئێمە دا، تاوەکو ئێمە بتوانین خۆمان بەڕێوەببەین. من دانانیشم سەیر بکەم داعش هەموویمان لە دەست دەربکات".

ئازاد لە هێڵی پێشەوەی بەرەکانی جەنگە لە جەلەولا، لەکاتێکدا بەشێوەیەکی فەرمی تائێستاش هەر هاووڵاتیی دانیمارکە. ئەو لەوێ کاری فیتەری و دووکانداریی پیزا دروستکردنی کردووە.

شاهۆ میرانی، تەمەن 30 ساڵ کە ماستەری لە ئانترۆپۆلۆجی و زانستە سیاسییەکان هەیە، دوا ساتی ئارامگرتنی تا ئەو کاتە بوو کە داعش موسڵیان داگیرکرد لە مانگی حوزەیراندا. هەر ئەوکات بڕیاری دا دانیمارک بەجێبهێڵێت و لە هەرێمی کوردستان مەشق و ڕاهێنانی کرد و چەکێکی وەرگرت و بووە پێشمەرگە.

"ئەگەر داعش ئەم شەڕە بباتەوە، ئێمە هەموو شتێک دەدۆڕێنین. هەر کاتێک کورد پێویستی بە هاوکاری بێت، من ئامادەم پشتگیری لە خەڵکی خۆم بکەم". شاهۆ وا دەڵێت.

میرانی خۆی ئامادە کردووە بچێتە کۆبانی "ئامادەم بچم بۆ ڕۆژئاوا و بەرگری لە کوردی ئەوێ بکەم. بۆ من جیاوازی نییە لە چ بەشێکی کوردستان خەبات بکەم".


### • پەرلەمانتارێکی دانیمارکی:
### کێشەیەکی گەورەیە کە لاوانی دانیمارک شەڕ بۆ ڕێکخراوێکی وەک PKK بکەن

ئۆزلەم چەکیچ، پەرلەمانتاری دانیمارکی بە ڕەچەڵەک کورد دەڵێت لەگەڵ "دە دوانزە" کوردێکدا قسەی کردووە کە دەیانەوێت بچن بۆ کۆبانی و هەرێمی کوردستان بۆ شەڕی دژی داعش. بە وتەی دامەزراوەی پەخشی هۆڵەندی (NOS) یش، سێ هاووڵاتی هۆڵەندی پەیوەندییان بە هێزەکانی پێشمەرگەوە کردووە. ئەو سێ پیاوە ئەندامی یانەی مۆتۆرسواری "No Surrender"ن و سەرۆکی یانەکە، کلاس ئۆتۆ هەواڵی پەیوەندیکردنی سێ لە ئەندامەکانی یانەکەی بە هێزی پێشمەرگەوە پشتڕاستکردەوە و گوتی ئەوان بۆ شەڕ لەدژی داعش چوون. ئەو سێ کەسە پێشتر لە سووریا بوون و ئێستاش لە هەرێمی کوردستانن.

هەموو کەس بە هەواڵی لەم جۆرە شادمان نییە. پەرلەمانتاری دانیمارکی سۆرێن ئێسپەرسێن، لە پارتی گەلی دانیمارکی نیگەرانی ئەو کوردە دانیمارکیانەیە کە پەیوەندییان بە هێزەکانی یەپەگەوە کردووە، چونکە یەپەگە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) هەیە و PKKش لەلایەن یەکێتی ئەورووپا و ناتۆوە وەکو ڕێکخراوێکی "تیرۆریستی" ناسێنراوە.

ئێسپەرسێن بە (ڕووداو)ی گوت "کێشەیەکی گەورەیە کە لاوانی دانیمارک، بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ شەڕ بۆ ڕێکخراوێک بکەن کە لە لیستی تیرۆردایە. دەبێت پێیان بڵێن کە لە ماڵەکانی خۆیاندا بمێننەوە".

بەڵام فرێدریک هارۆف، پارێزەر و دادوەری پێشووتری دادگای نێودەوڵەتی بۆ یۆگۆسلاڤیا دەڵێت شەڕکردن لە وڵاتێکی دیکە تاوان نییە "بە مەرجێک پابەندی یاساکانی جەنگ بن و تاوان ئەنجام نەدەن، بەڵام لەبەرئەوەی کە PKK ناوی لە لیستی تیرۆردایە، ڕەنگە هەندێک لەو کوردانە لە کاتی گەڕانەوەیاندا ڕووبەڕووی کێشە ببنەوە".



# کوردێک باڵندەی ئاشتی بە ئاسمانی ئەورووپادا هەڵدەفڕێنێ

**مەهدی محەممەد ڕواندزی**
**ڕووداو- سۆران**

شەماڵ دەستبەرداری زۆربەی ئەو خۆشیانە بووە کە زۆربەی مرۆڤەکان خۆزگەی بۆ دەخوازن، ئەو دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ سروشت و دوا ساتەکانی ژیانی بەبڵاوکردنەوەی پەیامی سپی بە جیهاندا بەسەرببەرێت. ڕوو لە هەر وڵاتێک بکات، باڵندەیەکی سپی بۆ ئاسمان بەرز دەکاتەوە و لە دوای خۆشی پەیامی ئاشتی بەجێدێڵێت.

لەکاتێکدا جیهان سەرقاڵی شەڕی دژی تیرۆرە، شەماڵ قادر دەیەوێت بە دەستێک چەپڵە لێبدات و بە هێزی چاکە ڕووبەڕووی هێزی خراپە ببێتەوە.

شەماڵ قادر، 40 بەهار تەمەنیەتی، بەڵام پاییزی تەمەن لە ڕووخساریدا بە تەواوی دەرکەوتووە و سەرو ریشی سپی هەڵگەڕاوە. شەماڵ زۆربەی کات قژە درێژەکەی بەردەداتەوە و تێکەڵ بە ریشە درێژەکەی دەبێت، بەردەوامیش دارێکی درێژ بە دەستەوە دەگرێت و لە کێو و دۆڵان دەگەڕێت. شوێنی مانەوەشی ژێر کەپرێکە لە دەرەوەی شارێکی ئەڵمانیا.

شەماڵ خەڵکی شارۆچکەی دووکانی پارێزگای سلێمانی و دەرچووی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانییە.

ساڵی 1995 کوردستان جێدەهێڵێت و ڕوو لە ئەڵمانیا دەکات، لەوێ 6 ساڵ ئەکادیمیای هونەر دەخوێنێ، دواتریش دەست بە خوێندنی ماستەر دەکات، بەڵام لە نیوەی ڕێگا وازدێنێت و ڕوو لە کارێکی مرۆڤدۆستانە دەکات، ئەویش بڵاوکردنەوەی پەیامی ئاشتییە لە جیهاندا.

ئەو پیاوە کە لە ئاوەدانی یاخی بووە و زۆربەی کات لە دۆڵ و دەشتودەر دەبینرێت، تاوەکو ئێستا ژیانی هاوسەری پێکنەهێناوە. ئەو جگە لە زمانی کوردی، زمانەکانی ئەڵمانی، ئینگلیزی، تورکی، عەرەبی و فارسی دەزانێ.

ئێستا سەرقاڵی پرۆژەیەکە بە ناوی "باڵندەی ئاشتی". ئەو دەڵێت "دەمەوێت باڵندەی ئاشتی بکەمە مەسیجێک بۆ خۆم، تاوەکو لە ئاسمانەوە نامەیەک بە مرۆڤایەتی و نەتەوەکەم بگەیەنم".



دوو کچ بە شێلان دەیانەوێت ئازارەکانی پشتی شەماڵ چارەسەر بکەن

شەماڵ باس لەو پرۆژەیە دەکات کە هەموو ژیانی خۆی بۆ تەرخانکردووە "هەموو ژیان و خولیا و تەمەن و هێزی خۆم بەخشی بۆ پرۆژەیەک، هەستدەکەم کارەکانی ئەو پرۆژەیەم دەبێتە جێی سەرنجی زۆربەی زۆری مرۆڤایەتی و لەهەموو شوێنێکی دونیا دەنگ دەداتەوە".

شەماڵ جگە لەوەی لە زۆربەی شارەکانی ئەڵمانیا گەڕاوە و پەیامی ئاشتی بڵاودەکاتەوە بەقسەی خۆی تاوەکو ئێستا سەردانی 25 وڵاتی کردووە و باڵندەی ئاشتی لە ئاسمانی ئەو وڵاتانەدا هەڵفڕاندووە.

پەیکەرەکانی باڵندەی ئاشتی لە چەند مۆزەخانەیەک جێیان بۆ کراوەتەوە و ئاسمانی چەند وڵاتێکیش باڵندەکانی شەماڵیان لەئامێز گرتووە، ئەو پەیکەرانە لە ئەلەمنیۆم و پلاستیک و دار و تەختە و ئاسن دروستکراون.

شەماڵ کوردستانیشی لەبیر نەکردووە، ئەوەتا بۆ ئەوەی ئاسمانی نیشتمانەکەی بەردەوام لەئاشتیدا بێت، خۆی و باڵندەکانی گەڕاونەتەوە، بەڵام دەڵێ هیچ کەسێک هاوکاری نەکردووە.

ئەو پێناسەی خۆی بەوجۆرە دەکات "شەماڵ مرۆڤێکە بە شوێن ڕاستی و سەرچاوەکانی بووندا دەگەڕێت، دەستبەرداری هەموو درۆ و دەلەسەیەکی دونیا بووە و سروشت و خودا بەهرە و توانای زۆریان پێبەخشیوە، لە دونیایەک لەدایکبووە کە شوێنی مرۆڤە پاک و ڕاستگۆکانی تێدا نابێتەوە، ئەوانەی وێڵن بە دوای ڕاستییەکانی ژیاندا".

شەماڵ پێیوایە ئەو تەنیا مرۆڤە کە شەیتان نەیتوانیوە زەفەری پێ ببات و بیکاتە مرۆڤێکی دڵڕەق و دڕندە و مرۆڤکوژ.

زۆر لە هاوڕێیەکانی پێیانوایە کە شەماڵ لە ڕووی پۆشینی جلوبەرگ و گەڕان بە نێو سروشت و دوورەپەرێزبوون لەمرۆڤەکان، جۆرێک لە لاساییکردنەوەی پێغەمبەرەکانی پێوە دیارە، بەڵام شەماڵ ئەوە بەهەموو شێوەیەک ڕەتدەکاتەوە، گەرچی ئەوەش ناشارێتەوە کە فریشتەی بینیون.

سەبارەت بە پێشوازی خەڵک لە پرۆژەکەی دەڵێت "کاتێک لە شارەکانی ئەڵمانیا دەگەڕێم، خەڵک بەشێوەیەکی زۆرباش و جوان پێشوازیم لێدەکەن و لەکاتی قسەکانیشم زۆر بە هەستیارییەوە گوێم لێ دەگرن". بەڵام دەڵێت بەردەوام لەلایەن خێزانەکەی و برادەرەکانی ڕووبەڕووی توندوتیژی و سووکایەتی بووەتەوە".

شەماڵ لە ئەکاونتی خۆی لەسەر تۆڕی فەیسبووک وێنەیەکی بڵاوکردووەتەوە کە لەگەڵ دوو کچی شۆخ و شەنگ دەردەکەوێت و جەستەی دەشێلن، لەبارەی وێنەکەوە دەڵێت "دەمارێک لەپشتم ئازاری هەبوو، ئەوانیش هاتن بەو شێوازە هەوڵیان دەدا ئازاری پشتم کەم بکەنەوە و چارەسەرم بکەن، کچێکی هاوڕێم هەیە خەڵکی نەمسایە، تەنیا بە تیشکی خۆر و ئاو دەژیت، منیش خۆرم هەیە و جاری وا هەیە ماوەی دوو ڕۆژ هیچ شتێک ناخۆم".

### بەهۆی پشتیوانی لە کۆبانی

# لە سوێد سکاڵا لەسەر یانەیەکی کوردی تۆمار دەکرێت



**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

سەرەڕای هۆشداریی یەکێتی تۆپی پێی سوێد بۆ یانەی دالکورد، بەڵام یانە کوردییەکە سووربوو لەسەر دەربڕینی پشتگیری بۆ شاری کۆبانێی ڕۆژئاوای کوردستان. بۆیە یەکێتییەکە سکاڵای لەسەر یانەکە تۆمارکرد و پێدەچێت یانەکە ڕووبەڕووی سزای دارایی ببێتەوە.

یانەی دالکورد کە لە خولی پلە دووی تۆپی پێی سوێد یاری دەکات، ساڵی 2004 لەلایەن کوردی تاراوگەوە دامەزراوە.

ڕۆژی 11ی ئەم مانگە لە یاری بەرامبەر یانەی براگێ کە بە یەکسانبوون بەبێ گۆڵ کۆتایی هات. یاریزانانی یانەی دالکورد ئالاَیەکیان بەرز کردەوە کە لە سەری نووسرابوو "Save Kobani" هەرچەندە پێشتر لەلایەن یەکێتی تۆپی پێی سوێد ئاگادار کرابوونەوە کە نابێت لە نێو یاریگادا یاسا پێشێل بکەن.

هەربۆیە هەفتەی ڕابردوو یەکێتی تۆپی پێی سوید لەسەر "یاسا پێشێلکردن" سکاڵایەکی لەسەر دالکورد تۆمار کرد.

یەکێتی تۆپی پێی سوید دەڵێت هەر چالاکیەکی وەرزشی هەڵگری پەیامی سیاسی بێت، ئەوە بەپێی یاسای یەکێتی تۆپی پێی سویدی و یەکێتی تۆپی پێی جیهان FIFA بە پێشێلکردنی یاسا دادەنرێ.

ئێستا ئەو داوایە گەیەندراوەتە کۆمیتەی دیسپلینی یەکێتی تۆپی پێی سوید و ئەو کۆمیتەیە بڕیاری لەسەر دەدات. یەکێتی تۆپی پێی سوێد ئامادە نییە هیچ بڕیارێکی یەکلاکەرەوەی لەسەر بدات هەتاوەکو کۆمیتەی دیسپلینی یەکێتی تۆپی پێی سوید ئەو چالاکییەی هەڵنەسەنگێنێت کە ئایا ئەوە پەیامێکی سیاسییە یان پەیامێکی مرۆیی. بۆیە تاوەکو ئێستا یەکلایی نەبووەتەوە داڵکورد سزای دارایی دەدرێت یان نا.

بەپێی مەڵپەڕی فۆتبۆڵس کەناڵێن کە ئەم هەواڵەی بڵاوکردووەتەوە، ئەگەر کۆمیتەی دیسپلینی یەکێتی تۆپی پێی سوێد، ئەم کارەی داڵکوردی بە چالاکییەکی سیاسی دانا، ئەوە ڕەنگە یانەکە بە نیو ملیۆن کرۆن سزا بدرێت.

ڕووداو


ژمارە (330) دووشەممە 2014/10/20

## ئافرەتێک گیان لەدەست دەدات

**ڕووداو – هەولێر**

هەفتەی ڕابردوو لە ئەنجامی پێکدادانی دوو ئۆتۆمبێل ئافرەتێک بە ناوی شادمان سەلیم مەحموود گیانی لە دەستدا. ئەم ڕووداوە لە نێوان تانکەرێک و تاکسییەکی جۆری سەنی ڕوویدا، کە تاکسییەکە 6 سەرنشینی تێدابوو لەئەنجامدا شادمان سەلیم کە یەکێک بوو لەسەرنشینەکان گیانی لەدەست دا. تەرمی ئافرەتەکە ڕەوانەی پەیمانگەی پزیشکی دادی هەولێر کرا، بەمەبەستی لێکۆڵینەوە، برینداەکانیش ڕەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوا کران بە مەبەستی چارەسەرکردنیان. هێڵکاری بۆ شوێنی ڕووداو کرت، دەرکەوت کەوا ئۆتۆمبێلی نیسان سەنی کەمتەرخەم بووە، بۆیە شوفێرەکەی بەپێی مادە 24ی هاتوچۆ بەندکرا.





جاری چوارەم چەکدارێکی داعش بە دیاری دەیداتە ئەمیرەکەی

# سێ جار لەلایەن داعشەوە دەفرۆشرێ

**کاروان عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

وادیارە لە ناخیدا پەژارەیەکی قووڵ هەیە لەوەی داعش بەسەری هێناوە، بەڵام کاتێک گەیشتەوە نێو کەسوکارەکەی، هیچ شتێک هێندەی هەڵوێستی مێردەکەی شاگەشکەی نەکرد، کاتێک ئامادەیی خۆی نیشاندا باوەشی بۆ بگرێتەوە و جارێکی دیکە وەکو ژن و مێرد ژیانێکی نوێ دەستپێبکەنەوە.

لۆزینا حەجی عیدۆ، ژنە کوردێکی ئێزدی تەمەن 18 ساڵانە، کاتێک شنگال دەکەوێتە دەستی داعش، ئەویش وەکو سەدان ژنی دیکەی ئێزدی وەک دەستکەوتی شەڕ بەتاڵان دەبرێت، وەکو خۆی دەیگێڕێتەوە، چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە داعش، لە نێو خۆیاندا سێ جار کڕین و فرۆشتنیان پێوە کردووە، دواجار یەکێک لە چەکدارەکانی داعش دەیکڕێتەوە و وەکو دیاری پێشکێشی ئەمیرەکەی دەکات.

زوو زوو هەواڵی هەڵاتنی یەکێک لەو ژنانەی لەلایەن چەکدارانی داعشەوە ڕفێندراون، بڵاودەبێتەوە. زۆر لەو ژنانەی هەڵدێن، لەو بازاڕانەی داعش بۆ فرۆشتنی ژنانی داناون، کڕین و فرۆشتنیان پێوە کراوە.

لە مەملەکەتی داعشدا ئەگەر ژن بێت، تاوەکو گەنجتر و جوانتر بێت، مەینەتی و دەردەسەریت زیاتر دەبن، چونکە چاوەکانی ئەوانەی کڕین و فرۆشتن بە ژنان و کچانی ئێزدی دەکەن، لەسەر گەنجەکانە.

لۆزینا، بەرلەوەی بکەوێتە دەستی چەکدارانی داعش، تەنیا 4 مانگ بوو شووی بە گەنجێکی ئێزدی کردبوو، دوای ئەوەی دەکەوێتە دەستی داعش، لە ماوەی تەنیا 69 ڕۆژدا 3 جار بەشوو دەدرێتەوە، ئەویش دوای ئەوەی سێ جار کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکرێت.

ئەم ڕەفتارە تەنیا وەک پڕوپاگەندەیەکی دژی داعش تەماشا دەکرا، زۆر کەس پێیانوابوو ئەمە بەشێکە لە پرۆسەی بەدڕندەکردنی ئەو چەکدارانەی لە سەرانسەری دنیاوە هاتوون و دەیانەوێ خەلافەتێکی ئیسلامی ئاوا بکەن، بەڵام هەفتەی ڕابردوو دەوڵەتی ئیسلامی کە تا ئەوکاتە هیچ شتێکی لەبارەی ئەو دەنگۆیانە نەدرکاندبوو، چیرۆکی بە تاڵانبردنی ژنانی کوردی ئێزدی تەئکید کردەوە کاتێک بە فەرمی لە میدیاکانی خۆیەوە بەرگریی لەو ڕەفتارە کرد و بە هەڵگرتنی شوێنپێی هاوەڵەکانی پێغەمبەری ئیسلام ناوی برد.

چیرۆکی ئەو کچ و ژنە ئێزدیانەی لەلایەن چەکدارانی داعشەوە ڕفێندراون و دواتر فرۆشراون تا دێت زۆرتر دەبن. تاوەکو ئێستا ژمارەیەکی دروست لەبەر دەست نییە کە چەند کچی ئێزدی لەلایەن داعشەوە فرۆشراون. بەڵام ئەوەی ئاشکرایە، تاوەکو ئێستا نزیکەی 40 لەو ژنانە بە ڕێگەی جۆراوجۆر توانیویانە خۆیان لەدۆزەخی دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق و شام ڕزگار بکەن.

لۆزینا پانتۆڵێکی ڕەش و ماکسییەکی ڕەشی تۆپ تۆپی سپی لەبەردابوو، سەرپۆشێکی ڕەشی نەخشێنراوی لەسەر نابوو، لەگەڵ مێردەکەی لەلای پیاوێکی ئاینیی ئێزدی دانیشتبوو بۆ ئەوەی خۆی لەو "گوناهانە" پاکبکاتەوە کە دوور لە خواست و ویستی خۆی بەسەری هێنراون لەلایەن چەکدارانی داعشەوە.

لۆزینا بە (ڕووداو)ی گوت "منیان لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە لە سنوونێ دەستگیر کرد، گوتیان ئێوە دەبەینە شنگال، بەڵام درۆیان لەگەڵ کردین، ئێمەیان بردە خانە سۆر".

پاشان لۆزینا و دەستگیرکراوەکانی دیکە دەبەنە مووسڵ و لەوێشەوە دەیانبەنە حەمام عەلیل.

ئەو ژنە گەنجە، لەو ماوەیەی کە لەلای داعش بووە، دوای ئەوەی سێ جار دەفرۆشرێت، یەکێک لە چەکدارەکان دەیکڕێتەوە و بە دیاری دەیداتە ئەمیرەکەی خۆی.

لۆزینا دوو چاوی ڕەشی قەترانیی هەیە، زۆر بە خەمگینییەوە چیرۆکی فرۆشتنەکانی خۆی دەگێڕێتەوە و دەڵێت "سێ جار لەلایەن سێ کەسەوە لە بەرامبەر هەندێک پارە ئاڵوگۆڕ کرام، دواجار کەسێکی ڕێکوپێکم تووش بوو کە منی کڕییەوە و منی دایەوە دەست کەسوکارم".

لۆزینا لەوەتای گەیشتووەتەوە بە خێزانەکەی، لەگەڵ کەمالی هاوسەری چەند جارێک سەردانی لالشی کردووە، بۆ ئەوەی خۆی لە گوناهەکانی پاکبکاتەوە.

کەمال ئەلیاس، هاوسەری لۆزینا دەڵێ "ئەو کارەی بەسەر لۆزینادا هاتووە، بە دەستی خۆی نەبووە، بۆیە من ئامادەم وەکو پێشتر ژیانی لەگەڵ دەبەمە سەر". ئەم هەڵوێستە بۆ پیاوێک لە کۆمەڵگای کوردیدا گەورە بووبێت، پێویستی بە ئازایەتییەکی زۆر گەورە هەیە.

زۆر ئاستەنگ و زەحمەتی هاتنەپێش بۆ گێڕانەوەی لۆزینا لە مووسڵەوە بۆ دهۆک تاوەکو بگاتەوە دەستی خێزانەکەی، بەتایبەتی بۆ ئەو کەسانەی لۆزینایان لە مووسڵەوە هێناوەتە سنووری کەرکووک و لەوێشەوە داویانەتەوە دەست خزم و کەسەکانی.

مەحموود سەعید، یەکێکە لەو کەسانەی کە بەهۆی کارەکەیەوە پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ عەرەبەکانی مووسڵ هەیە، ئەو تاوەکو ئێستا توانیویەتی 60 کەس ڕزگار بکات کە زۆربەیان ئێزدین و لە دەستی داعشدا بوون.

مەحموود بە (ڕووداو)ی گوت "من پەیوەندیی زۆر باشم لەگەڵ عەرەبەکان هەیە، بەتایبەتی لە ڕومادی و تەلەعفەر و کەرکووک و لە چەندین شوێنی دیکە، بەهۆی ئەو پەیوەندییە ئەوانەم ئازاد کردوون".

بابەچاوش، کە یەکێکە لە پیاوە ئاینییەکانی ئێزدی لە لالش دەڵێ "ڕێزێکی زۆرمان هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە کەسێک ڕزگار دەکەن، ئێمە لەلای خودا داوای لێخۆشبوونیان بۆ دەکەین".

# هاوسەرەکەی دەکوژێت و لە زیندان شوودەکاتەوە

**ژیان سابیر**
**ڕووداو- سلێمانی**

لە گرتووخانەی چاکسازیی ژنان لە سلێمانی، ژنێکی تەمەن 33 ساڵ، دەبێت 18 ساڵی دیکە بژمێرێت بۆ ئەوەی ماوەی یاسایی سزاکەی کۆتایی بێت و بگەڕێتەوە نێو کەسوکارەکەی. بەدرێژایی گێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆی، پەشیمان نییە لەوەی بەوێ گەیشتووە، بەڵام ڕەتیدەکاتەوە کە ئەو بکوژی هاوسەرەکەی بووبێت.

"خۆزگا نەمردایە و بیزانیایە چەند خۆشحاڵم بەبێ ئەو، هەرچەندە لە زیندانیشم".

(کوێستان.م) خەڵکی قادر کەرەمە و لە کەرکووک دانیشتووە. ئەو دەڵێ هەر لەسەرەتاوە حەزی لەوە بووە خوێندن تەواو بکات، بەڵام بەهۆی هەژارییەوە نەیتوانیوە. بەقسەی خۆی لە تەمەنی 15 ساڵی بە خواستی خێزانەکەی بەشوودراوە.

### باوکم خۆی بە تاوانبار دەزانێت

کوێستان قسەی باوکی ڕەتناکاتەوە، دوور لە خواستی خۆی شوو دەکات، بەڵام خۆی بە بەختەوەر زانیوە "بەو هیوایە بووم کەمێک خۆشبەختی ببینم و لە هەژاری ڕزگارم ببێت".

بەڵام لە یەکەم شەوی بووکێنیدا نەهامەتیەکانی دەستیپێکرد "هاوسەرەکەم زۆری لێدام، پێیوابوو دەبێت یەکەم شەو ژن لێی بدرێت بۆئەوەی لە مێردەکەی بترسێت".

کوێستان دەڵێ هەر دوای ئەو شەوە داوای جیابوونەوەی کردووە، بەڵام خێزانەکەی قبوڵیان نەکردووە جیاببێتەوە و هەڕەشەیان لێکردووە. کێشەکان بەردەوام بوون، کوێستان دەڵێت "تەنانەت نەیدەهێشت بچمە دەرەوە. سەرەڕای ئەو هەموو ئازاردانە لە ماڵی خۆمان و بەبەرچاوی خۆمەوە خیانەتی لێدەکردم".



(کوێستان.م) ئێستا خاوەنی 4 منداڵە، دواجار بڕیار دەدات لە چوارچێوەی دیوارەکانی ماڵەوە بێتە دەرەوە، دەچێتە پەناگەیەکی ژنان تاوەکو ڕزگاری بێت لەو ژیانە. بەڵام هاوسەرەکەی لە پەناگەکە دەیهێنێتە دەرەوە و بەڵێنی پێدەدات کە جارێکی دیکە توند نەبێت لەگەڵی "بەڵام دیسان فریوی دام".

کوێستان دەڵێت "هەموو ئەو شتانەی بەسەرم هاتوون باوکم لێیان بەرپرسیارە، چونکە دوور لە خواستی خۆم بەشووی دام".

### 7 جار هەوڵی خۆکوشتنی داوە

کوێستان، خۆی بە "ستەملێکراو" دەزانێ و دەڵێ هەشت جار بە جەستەی خوێناوییەوە چووەتە بنکەکانی پۆلیس "هەموو جارێک هاوسەرەکەم دەگیرا و پاش ماوەیەکی کەم بە کەفالەت ئازاد دەکرا".

کوێستان دەڵێت شەڕی هاوسەرەکەی بە تەنیا لەگەڵ ئەو نەبوو، بەڵکو لەگەڵ تەواوی خێزانەکەی بوو "نەیدەهێشت سەردانم بکەن". کێشەی نێوان ئەو ژن و مێردە ڕۆژ بەڕۆژ گەورەتر دەبوو، بۆیە دەڵێت "باری دەروونیم زۆر خراپ بوو، نەیدەهێشت سەردانی پزیشکی دەروونیش بکەم و گوتی چارەسەری تۆ لای مەلا عەلی کەڵەکە، بۆ چارەسەر بردمی بۆ لای ئەو، ئەویش لە کارەبای دەدام و هەفتەی دووجار 80 داری لە بنی پێم دا و گوتی تۆ جنۆکە لە گیانتدا هەیە".

کوێستان ئەوەندە لە خۆی بێزار دەبێت، ناچار بیر لە ڕێگەچارەی زۆر هەڵە دەکاتەوە و دەڵێت "7 جار هەوڵی خۆکوشتنم داوە".

### لە زیندان شوو دەکاتەوە

هەرچەندە لە دۆسیەی کوێستاندا وا هاتووە کە ئەو لەگەڵ کەسێکی دیکە بەناوی بەهمەن بکوژی هاوسەری کوێستانن، بەڵام کوێستان دەڵێ "شەوی 2012/2/18 لەماڵەوە بووین لەگەڵ هاوسەرەکەم و خێزانەکەم، هاوسەرەکەم پەیوەندییەکی پێوەکرا و چووە دەرەوە، زۆری پێچوو نەگەڕایەوە و ئێمە خەوتین. دواتر لە دەنگی هاوسەرەکەم بە ئاگا هاتم کە زۆری خواردبووەوە، حاڵی زۆر خراپ بوو".

ئەو دەڵێ کاژێر 1ی شەو بینیویەتی هاوسەرەکەی حاڵی باش نییە، پەیوەندی بە پۆلیسی فریاکەوتن و ئاسایشی چەمچەماڵەوە کردووە و ئەوان چوونەتە ماڵیان "مردنی هاوسەرەکەم پەیوەندی بەو تەلەفۆنەوە هەیە کە بۆ هاوسەرەکەم کرا و چووە دەرەوە، کەچی من و بەهمەن دەستگیرکراین لەسەر کوشتنی".

کوێستان ڕۆژی 2012/7/16 سزای 20 ساڵ بەندکردنی بەسەردا سەپێنرا.

3 کوڕ و کچێک لەو خێزانە تێکچووە جێماون، 3 منداڵی لەلایەن ماڵی باوکی هاوسەرەکەی بەخێودەکرێن و لە خوێندن دابڕاون و کوڕێکیشی چووەتە خانەی نەوجەوانان. بەڵام کوێستان دوای 6 ڕۆژ لە حوکمدانی، هەر لەنێو زیندان ڕۆژی 2012/7/22 بەشێوەیەکی فەرمی هاوسەرگیری لەگەڵ بەهمەن کردووە کە ئێستا لە بەشی پیاوانە لە زیندان.

هوشیار ڕەمەزان، سەرۆکی ڕێکخراوی دڵی هەژاران لە کەرکووک دەڵێ کاتێک باوکی بەشارەت حەمید سەردانی ئەوانی کردووە، لەبارەی چیرۆکی کوشتنی کوڕەکەی قسەی بۆ کردوون و گوتوویەتی "سەرەتا بەشارەتی کوڕم پەیوەندی لەگەڵ کوێستان هەبوو، بەڵام ئێمە ناڕازی بووین، کەچی پشتی کردە ئێمە و کوێستانی خوازبێنی کرد".

خەزووری کوێستان قسەکانی بووکەکەی ڕەتکردەوە و گوتی "بەڵگەمان لایە کوێستان پەیوەندی لەگەڵ کوڕی دیکە هەبووە، ڕاستە کوڕەکەی ئێمەش کاری نەشیاوی هەبووە و خەریکی خواردنەوە و قومارکردن بووە، بەڵام دوای هاوسەرگیری لەگەڵ کوێستان فێری ئەو کارانە بوو".

کوردۆ عەباس، پارێزەر لە دادگای سلێمانی، دەڵێت لە یاسای ژمارە 405_406ی یاسای عێراقی باس لە چەند جۆرێک تاوانی کوشتن دەکرێت "ڕاستە هیچ دادگایەک بەدەر نییە لە هەڵە، بەڵام کەسێکیش بەبێ بەڵگە دەستگیر ناکرێت و کارێکی هەروا ئاسان نییە". گوتیشی "کەیسی وا هەیە دوو ساڵ لە لێکۆڵینەوە بووە، بەدواداچوونی زۆر وردی دەوێت تاوەکو کەیسێکی کوشتن یەکلایی دەکرێتەوە".

بەپێی وتەکانی ئەو پارێزەرەی دادگای سلێمانی، بارودۆخی سیاسی باشووری کوردستان و بوونی چەکێکی زۆر لە ماڵەکاندا، ڕێژەی تاوانی کوشتنی بەڕێژەی 10% لەچاو ساڵی ڕابردوو بەرزکردووەتەوە "ئەگەر پارێزەرێک ساڵی ڕابردوو دوو کەیسی کوشتنی هەبووبێت، ئەمساڵ چوار کەیسی کوشتنی لەلایە".

کۆمەڵایەتی
ڕوودااو
ژمارە (330) دووشەممە 2014/10/20



## گەنجێک خۆی دەخنکێنێت

**ڕووداو- هەولێر**

شەوی ١٢/١٠/٢٠١٤، لە گەڕەکی باداوەی هەولێر، گەنجێک خۆی کوشت، ئەو گەنجە کە ناوی (ش.ع.ن) بوو، تەمەنی 23 ساڵ بوو، کاری کرێکاری دەکرد، پۆلیسی هەولێر بڵاویکردەوە "ئەو گەنجە لە نێو ماڵی خۆی لە نهۆمی دووەم بە حەبل خۆی هەڵواسیوە و خۆی خنکاندووە. تەرمەکەی رەوانەی پزیشکی دادی کرا بۆ زانینی هۆکاری ڕاستەقینەی ڕووداوەکە. دادوەر بڕیاری دا بە وەرگرتنی وتەی داواکارانی مافی کەسی و وەرگرتنی وتەی شایەتەکانی ڕووداو".

# نەوتی لە ماڵی باوکی هێنا و خۆی پێ سووتاند

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- ڕاپەڕین**

لە دوو ڕووداوی جیاوازدا لە سنووری ئیدارەی ڕاپەڕین دوو کچی یەک ماڵ سووتان، ژنێکیش لە ماڵەکەی خۆیدا نەوتی بەخۆیداکرد و ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا. یەکێک لە کچەکان بەهۆی سەختی برینەکەیەوە گیانی لەدەستدا.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە 1/1/2014 تاوەکو 31/8/2014 لە هەرێمی کوردستان 141 ژن سووتاون و 63 ژنیش خۆیان سووتاندووە. لەوانەش 14 ژن لە سنووری ئیدارەی ڕاپەڕین سووتان و 9 ژنیش خۆیان سووتاندووە.

ڕۆژی 7/10/2014 لە گوندی قادراوای سەر بە ناحیەی سەنگەسەر دوو خوشک بە ناوەکانی مریەم ڕەسوڵ، تەمەن 29 ساڵ و ڕێحان ڕەسول، تەمەن 24 ساڵ لە نێو ماڵەکەیان بەهۆی گڕگرتنی غازەوە سووتان و یەکێک لە خوشکەکانیش لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا.

خالس ڕەسوڵ، کە برای ئەم دوو خوشکەیە ڕووداوەکەی بە قەزا و قەدەر ناوبرد و گوتی "ڕووداوەکە لە ماڵی خۆمان بووەو بە قەزاو قەدەری دەزانین، کەس دەستی لە ڕووداوەکەدا نییە، بۆیە داوامان لەسەر کەس نییە".

مستەفا محەممەد باپیر، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین، هەواڵی سووتانی ئەو دوو خوشکەی پشتڕاستکردەوە و گوتی "برینی سووتانی ئەو دوو خوشکە سەخت بوو، بۆیە ڕەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوای هەولێر کران، بەڵام ڕۆژی 12/10/2014 یەکێک لەو دوو خوشکانە بەناوی مریەم بەهۆی سەختیی برینەکەی گیانی لەدەستدا".

ڕائید مستەفا گوتیشی لەبەرئەوەی ڕووداوەکە قەزاو قەدەر بووە، داوا لەسەر کەس تۆمار نەکراوە و پۆلیسیش پەڕاوی لێکۆڵینەوەی بۆ ڕووداوەکە کردووەتەوە و بە دواداچوون بەردەوامە".

ڕۆژی 11/10/2014 لە گەڕەکی ماردینی قەزای ڕانیە، ژنێکی تەمەن 17ساڵ بە ناوی (س.ئەحمەد) لە ماڵەکەی خۆی دەبەیەک نەوتی بەخۆیدا کرد و ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا، بەهۆی سەختی برینەکەی ڕەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی کرا.

(ڕووداو) چەند جارێک پەیوەندی بە کەسوکاری ژنەکەوە کرد، بەڵام ئامادەنەبوون قسە بکەن. بەڵام حەمەد ئیسماعیل کە مامی هاوسەری (س) بە (ڕووداو)ی گوت "لە کاتی ڕووداوەکەدا کەس لە ماڵەوەیان نەبووە، (س) لە ماڵی باوکی بووە، بۆ خۆیان نەوتیان نەبووە لە ماڵی باوکی نەوتی هێناوە و خۆی پێ سووتاندوە، ئەوان کێشەی ئابووریان نەبووە و لە ماڵەوە بە یەکەوە زۆرباش بوون. ئەوان نزیکەی ساڵێکە بە خواستی خۆیان هاوسەرگیریان کردووە، یەکدیان خۆشدەویست، بەڵام تا ئێستا منداڵیان نەبووە".

حەمەد ئیسماعیل کە قسەی لەگەڵ (س) کردووە لە نەخۆشخانە و هۆکاری خۆسووتاندنەکەی لێپرسیووە، ئەو گوتوویەتی "کێشەم لەگەڵ کەس نەبووە، تەنیا لە خۆم بێزار بووم، بۆیە داوای لەسەر کەس تۆمار نەکردووە".

وەکو زۆر لەو ژنانەی خۆیان دەسووتێنن پەشیمان دەبنەوە، (س)یش پەشیمانە لەوەی ئاگری لە جەستەی خۆی بەرداوە.

حەمەد ئیسماعیل ڕەتیکردەوە لەگەڵ کەسوکاری (س) هیچ ناخۆشییەکیان هەبێت و گوتی "لە نەخۆشخانە کەسوکاری هەردوولا چاودێری دەکەن و پەیوەندیمان باشە". گوتیشی "باری تەندروستی (س) باشە و دکتۆر گوتویەتی بەرەو باشتربوون دەچێت".





**ڕائید ژیلەمۆ عەبدولقادر ***

# کەللەڕەقی ژن و مێردێک

ئافرەتێک سەردانی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنانی کرد، ئەو ژنە دەیگوت مێردەکەی لە ماڵەوە دەریکردووە و منداڵەکانیشی لێسەندووەتەوە.

کێشەی نێوان ئەو ژن و مێردە پەیوەندی بە کێشەی مێردەکەی و ئاوەڵزاوایەکییەوە هەیە، ئەو ژنە گوتی مێردەکەم لەگەڵ مێردی خوشکەکەم نێوانیان خۆشبوو، بەڵام ڕۆژێکیان ناخۆشی کەوتە نێوانیان، بۆیە مێردەکەم ئاگاداری کردمەوە بەهیچ شێوەیەک سەردانی خوشکەکەم نەکەم. مێردەکەم سەفەری دەرەوەی وڵاتی کرد، منیش ئەوەم بە هەل زانی، سەردانی خوشکەکەم کرد و پێکەوە چووینە بازاڕ، بەڵام کەسوکارەکەی یەکسەر پەیوەندییان پێوە کرد و گوتیان ئەوە لەلای خوشکەکەیەتی. مێردەکەشم تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی بۆچی چوویتە ماڵی خوشکەکەت، هەر کە گەڕامەوە نابێت لەو ماڵە بمێنیت، کە هاتەوە یەکسەر منی لە ماڵەوە دەرکرد، ئێستاش سکاڵام لەسەر پیاوەکەم هەیە کە بۆچی بە ئارەزووی خۆی دەچێتە دەرەوە و سەفەر دەکات، بەڵام من بۆم نییە بچمە ماڵی خوشکەکەم.

داواکارییەکی دیکەی ژنەکە ئەوە بوو کە منداڵەکانی لەلای خۆی بن، تاوەکو کێشەی لەگەڵ مێردەکەی یەکلادەبێتەوە. دۆسیەی ئەو ژنە ڕەوانەی لای دادوەری لێکۆڵینەوەی توندوتیژی خێزانی کرا. دادوەر بڕیاری دا، پیاوەکە ئامادە بێت. پیاوەکە لە قسەکانیدا گوتی بەڵێ ڕاستە من لەگەڵ ئاوەڵزاوایەکەم کێشەم هەیە و بە ژنەکەشم گوتووە هاتوچۆیان نەکات، بەڵام ئەو بەبێ پرسی من، چووەتە ماڵی خوشکی کاتێک من لە سەفەر بووم. سەبارەت بە منداڵەکانیش من ئامادەم منداڵەکانی بدەمێ.

کێشەی ئەو ژن و مێردە ڕەوانەی لێژنەی ئاشتەوایی کرا، لەکاتی گفتوگۆ نەگەیشتنە ئەنجام، پیاوەکە یەکسەر کاغەزێکی دەرهێنا و گوتی بە ئیتیفاق دەستمان لێکهەڵگرتووە، ئافرەتەکەش گوتی ڕاستە، من دەستبەرداری داواکەم دەبم، بەڵام با منداڵەکانم بداتەوە، پێش ئەوەی لە دادگای باری کەسی بمداتەوە. پیاوەکەش گوتی من منداڵەکانم دایەوە، بەڵام ئەو منداڵەکانی بۆ هێنامەوە.

دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت ئەو پیاوە ژنێکی دیکەی هەیە و منداڵیشی لێی هەیە، بۆیە بە هەموو جۆرێک ئامادەبوو منداڵەکان بداتەوە ژنەکەی و خەرجیشیان بکێشێت.

کێشەی ئەو ژن و مێردە تەنیا ئەوە نییە کە ئەو ئافرەتە بەبێ پرسی مێردەکەی چووەتە ماڵی خوشکەکەی، یان ژنەکە هەناوی سووتابێت بۆ خوشکەکەی، بەڵام پاڵنەری گەورەتر لەپشت ئەو کێشەیە هەیە، ئەگەر نا نابێت پیاو هەموو شتی ئافرەت ڕەتبکاتەوە یاخود ڕێگری لێبکات بچێتە ماڵی کەسوکاری، نابێت ژنیش لە ڕقی مێردەکەی هەندێک شت بکات.

بەپێی مادەی دووەم لە یاسای ژمارە (8)ی ساڵی 2011 یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی. بڕینی پەیوەندی خزمایەتی بە توندوتیژی دادەنرێت، سزاکەشی بەپێی هەمان یاسا حەپسکردنە بۆ ماوەیەک کە کەمتر نەبێت لە شەش مانگ و زیاتر نەبێت لە سێ ساڵ، یان بژاردن کە کەمتر نەبێت لە یەک ملیۆن دینار و زیاتر نەبێت لە پێنج ملیۆن دینار، یان بە یەکێک لەم دوو سزایە.

*** بەڕێوەبەری نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە هەولێر**

## پۆلیسی هەولێر دەستگیری دەکات

# گەنجێک چەند کچێک ناچار دەکات واز لە خوێندن بێنن

**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو- هەولێر**

گەنجێک لە هەولێر ڕێگە لە قوتابیانی کچ دەگرێت و بەهۆی ئەو گەنجەوە چەند کچێک وازیان لە قوتابخانە هێناوە، ئەو گەنجە ژمارە تەلەفۆنی خۆی بۆ فڕێداون و هەڕەشەی لێکردوون کە پەیوەندی لەگەڵ دانێن، پۆلیسی هەولێر کە ئەو گەنجەیان گرتووە دەڵێن "داوا لە دایک و باوکی کچەکان دەکەین، بێن سکاڵای لەسەر تۆمار بکەن".

ئەو گەنجە کە ناوی (ن)ە، لە گەڕەکی ڕووناکی هەولێر لەسەر مۆلیدەیەک کاری دەکرد، (ن) تەمەنی 21 ساڵە و خەڵکی شارۆچکەی تەقتەقە، ژنی نەهێناوە و شەوان هەر لە تەنیشت مۆلیدەکە لە هەولێر دەخەوێت، ڕۆژی 15/10/2014 دەستگیر کرا.

ڕائید فەخرەدین نووری، بەڕێوەبەری پۆلیسی شارەوانی هەولێر کە هێزەکەی ئەوان (ن)ی دەستگیر کردووە، دەڵێت "ئەو گەنجە هەڕەشەی لە زیاتر لە 10 کچ کردووە، تەمەنی کچەکان لە نێوان 13-15 ساڵیدایە، دایک و باوکی چەند قوتابییەک ئاگاداریان کردینەوە، کەوا لە کاتی هاتنەوەی منداڵەکانیان لە قوتابخانە ڕێگە لە کچەکانیان دەگرێت و داوای پەیوەندییان لێدەکات، پاشان ژمارە تەلەفۆنی خۆی بۆیان فڕێدەدات، زۆرجاریش دەست بۆ جەستەیان دەبات".

(ن) بە ماتۆڕێکەوە چووەتە بەردەم قوتابخانەکان، ڕائید فەخرەدین دەڵێت "چاودێری ئەو کچانەی دەکرد کە بە تەنیا بوون، یان کاتێک لە پاس دادەبەزین و بە تەنیا دەمانەوە، ئینجا دەچووە سەر ڕێیان، یەکێک لەوانەی کە دوایینجار ڕێگری لێکردبوو، گوتی هاتە پشتەوەم، هاتە تەنیشتم هیچ وەڵامم نەدایەوە، ئەمجارە ڕووبەڕووم هات، بۆیە ڕامکردە نێو ماڵێک، هەموو هاتنە دەرەوە گوتیان کچەکە چی بووە، منیش گوتم ئەو کوڕە لە دوام بوو، کوڕەکە هەڵات".

دایکی ئەو کچە تەلەفۆنی بۆ ڕائید فەخرەدین کردبوو، گوتبووی "مێردەکەم پێشمەرگەیە لە ڕەبیعە، بەخوا مێردەکەم بزانێت هەتا ئەو کوڕە نەکوژێت ڕاناوەستێت، بۆیە ناتوانم بێم سکاڵا تۆمار بکەم، ناتوانم بە مێردەکەشم بڵێم".

ڕائید فەخرەدین هەروەها گوتی "ئەگەر سکاڵا لە دژی ئەو گەنجە تۆمار بکرێت، ئەوا سزاکەی قورس دەبێت، بەڵام ئەگەر سکاڵای لەسەر تۆمار نەکرێت، سزاکەی هیچ نابێت، ئەو کچانە بۆیە سکاڵا تۆمار ناکەن، چونک خەڵک لە خۆیانەوە پێیان دەڵێن کچەکان بێ ڕەوشتن، ئەوە لە کاتێکدایە ئەو گەنجە لە ئیفادەکەیدا گوتی، یەک کچیش وەڵامی نەداومەتەوە، یەک کچ تەلەفۆنی بۆ نەکردووم، واتا ئەو کچانە زۆر بە ڕەوشت بوون". گوتیشی "بەهۆی ئەوە 3-4 کچ وازیان لە قوتابخانە هێناوە".

ڕائید فەخرەدین باسی ئەو گەنجە دەکات و دەڵێت "لە ڕووخساری هەستت بە خراپەکاری دەکرد، تەنانەت مەدالیاکەی ملی چەقۆیەک بوو، دوو مۆبایلی پێبوو، میمۆرییەکەی پڕ بوو لە دیمەنی فیلمی ڕووت، 8-9 ژمارە تەلەفۆنی خۆی لەسەر وەرەقەیەک نووسیبوو، تاوەکو ئامادە بێت لەهەر شوێنێک کچ ببینێت بۆیان فڕێ بدات، تەنیا 14 هەزار دیناری لە گیرفاندا بوو".

شێروان سەمیر، 25 ساڵ، دانیشتووی هەولێر دەڵێت "ئەوە کێشەی ڕۆژانەی بەردەم قوتابخانەکانی کچانە لە هەولێر، پێویستە لە بەردەم هەر قوتابخانەیەکی کچان پۆلیس هەبێت، زۆر کچ هەیە لەبەر ئەو کوڕانە وازیان لە قوتابخانە هێناوە، چونکە ئەو گەنجانە کاریان بووەتە ئازاردانی کچان، بە ناوی خۆشەویستی و ترساندنەوە".

مامۆستایەکی ژن لە هەولێر، بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو) گوت "ڕۆژانە ئەو گەنجانە بە چاوی خۆم دەبینم، هەوڵمانداوە لەگەڵ مامۆستایانی قوتابخانەکەمان ئەوە چارەسەر بکەین، بەڵام چەند هەوڵمان داوە هیچمان پێ نەکراوە، چونکە هیچ یاسایەک یان ڕێنماییەک نییە بۆ ئەو کێشەیە، هیوادارم ئەو کوڕە سزایەکی توند بدرێت تا بۆ زۆر کەسی دیکە ببێتە پەند".





# کۆبانی دڵی مرۆڤ ئازار دەدات

ئیدانەی ئەو ستەمە وەحشیگەرانە دەکەم، کە لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆریستی (داعش)ەوە، بە خۆحەشاردان لە ژێر ناوی ئایندا ئەنجام دەدرێن. هاوکات دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ ئەو بانگەوازانەی لە هەر چوار لای جیهانەوە دەکرێن بۆ کۆتاییهێنان بە کردە دژە مرۆڤایەتییەکانی ئەم ڕێکخراوە و ڕاپێچکردنی بکەرەکان، لەزووترین کاتدا بۆ بەردەم دادگا.

هەموو جۆرە فشار، ستەم و هێرشێک بۆ سەر کەسانی سیڤیلی بێتاوان بەتەواوی دژیەکە لەگەڵ بنەما ئەڵماسییەکانی قورئان و سوننەتەکانی سەروەرمان (د.خ.). شـێونکەوتوانی (داعش) ئەگەر دەسـکەلای دەسـتی کۆمەڵێک هێزیش نەبن، ئەوا کۆمەڵە جاهیلێکن کە بە هیچ شێوەیەک کرۆکی ئاینی ئیسلام و پێغەمبەرەکەیان نەناسیوە. بەدڵنیاییەوە ئەوەی دەیکەن تیرۆرە و پێویستە هەر بەو ناوەش ناوزەد بکرێت.

ئامانجی ئاین بەدیهێنانی ئاشتییە لە سەرتاپای جیهاندا لەسەر بنەماکانی مافە گەردوونییەکانی مرۆڤ، سەروەری یاسا و بەها بەرزە مرۆییەکان. هەموو لێکدانەوەکان بە پێچەوانەوەی ئەمەوە، بەتایبەت خراپ بەکارهێنانی ئاین بە مەبەستی هەڵگیرساندنی ئاگری شەڕ و پێکدادان دژیەکە لەگەڵ کرۆکی ئاین و بگرە نیفاقە.

لـە ڕوانگـەی بنەما سـەرەکییەکانی فیکری ئیسـلامەوە، ئەو ڕێگایانەی هەڵدەبژێردرێن بۆ گەیشـتن بـە ئامانج، دەبێت وەک ئامانجەکـە ڕەوا بن. هەر بزووتنەوەیەک بە پێچەوانەی ئەو بنەمایەوە بجووڵێتەوە، ئەوا (ماکیاڤێلی)یەتە.

بە بۆنەی ئەم ڕۆژە تاڵ و پڕ ئازارانەوە، پرسە و سەرەخۆشی خۆم ئاراستەی سەرجەم شەهیدانی هێزەکانی پێشمەرگە و ئاکنجی تورکمان و سەربازانی سوپای عێراق دەکەم، کە لە بەرەکاندا گیانیان بەخت کردووە. هاوسۆزی خۆشم دەردەبڕم بۆ گەلی کوردستان و عێراق، کە ٩ بۆ ١٠ سەدەیە لەگەڵ گەلی ئێمەدا وەک گۆشت و ئێسقان ئاوێتە و تەواوکەری یەکدی بوون.

هاوکات سەرەخۆشـی خۆم ئاراسـتەی سـەرجەم ئەو کەسـانە دەکەم، کە لە عێراق و سـوریا گیانیان لەدەسـت داوە. بە تایبەتیش، کورد و عەرەب و تورکمان و ئێزدی و نەتەوەکانی دیکە، بە سـوننە مەزهەب و شـیعە مەزهەب و پێکهاتە ئاینییەکانی دیکەوە، کە نەهامەتی دەچێژن لەدەسـت دێوەزمەی (داعش). داوا دەکەم لە خودای گەورە ئارامی و هێز ببەخشێت بە خانەوادە و خۆشەویستانیان بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکانیان. نزاش دەکەم ئازاری بەم چەشنە نەچێژنەوە.

سەبارەت بە کۆبانێش، ڕۆژ بە ڕۆژ مەترسی لەسەر ئایندەی دانیشتوانە بێتاوانەکەی زیاتر دەبێت و، کۆبانێ دڵی مرۆڤ ئازار دەدات. داوا لە زاتی خودای باڵادەسـت دەکەم کە کەسـی بێ کەسـانە و پەنای دەردەدارانە، چی زووە ڕزگاریان بکات لەو گێژاوی نەهامەتییە و هەموومان لە جیهانێکی پڕ لە ئاشتی و ڕێز و بەزەییدا کۆبکاتەوە.

هەموو لایەکیش بانگهێشت دەکەم (ئامین) بکەن بۆ ئەم نزایە.

فەتحوڵڵا گولەن



رووداو
هەمەجۆر
ژمارە (330) دووشەممە 2014/10/20

## عەتا و سالار هەر پێکەوەن



**رووداو- هەولێر**

هەردوو هونەرمەند سالار مەحمود و عەتا ئەحمەد لە نوێترین کاری هونەریدا دیسان پێکەوەن.

عەتا ئەحمەد لەبارەی کارە هونەریەکە بە (رووداو)ی گوت "سەرقاڵی ئەلبوومێکین کە لە 8 تراک پێکهاتووە، 4 تراکی من دەیڵێم و 4 تراکەکەی دیکەش سالار مەحموود دەیڵێت". سەبارەت بە ناوی ئەلبوومەکەش گوتی "رەنگە ناوی بنێین شەهید". عەتا ئەحمەد نزیکەی 35 ساڵە کاری ئاوازدانان دەکات و تاوەکو ئێستا 45 ئاوازی داناوە، جار جاریش وەکو گۆرانیبێژ دەردەکەوێت، بەتایبەتی لەگەڵ سالار مەحموود و کەمال محەممەد. عەتا دەڵێت "لەگەڵ ئەو دوو هونەرمەندە یەک ستایلمان هەیە بۆیە بەیەکەوە دەردەکەوین".

# کاوە گوڵی زەرد پێشکەشی شەڕڤانان دەکات



**رووداو- هەولێر**

هونەرمەندێکی رۆژهەڵاتی کوردستان بەناوی کاوە بابان زادە گۆرانیەک بۆ کۆبانی دەڵێت.


کاوە بابان زادە بە (رووداو)ی راگەیاند "گوڵی زەرد ناوی ئەو گۆرانیەیە کە پێشکەشی خۆڕاگرانی کۆبانی دەکەم".

تێکستی گۆرانیەکە لەلایەن شاعیری گەورەی کورد عەبدوڵڵا پەشێو نووسراوە و شەهریار جەمشیدیش ئاوازی بۆ داناوە.

کاوە گوتی "ئەم گۆرانیە دەربڕینی پاڵپشتییە بۆ خەڵکی کۆبانی کە بەرگری لە خاکی خۆیان دەکەن".

دەربارەی کلیپی ئەو گۆرانیەش گوتی "لەسەر ئەرکی خۆم کلیپێکمان بۆ کردووە و لەم رۆژانە بڵاودەکرێتەوە".

# سەرکردەیەکی یەکگرتوو شیعر بۆ هەڵکەوت زاهیر دەنووسێ



**هیوا سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

ئەبوبەکر عەلی (کاروانی) ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی شیعرێک بۆ گۆرانیەکی نیشتمانی دەنووسێ.

ئاوازدانەر هەڵکەوت زاهیر ناوەڕۆکی گۆرانیەکەی بۆ (رووداو) ئاشکرا کرد و گوتی "بۆ یەکەمجارە کارێکی هاوبەش لەگەڵ بەڕێز کاک ئەبوبەکر عەلی، ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی دەکەم کە شیعرێکی زۆر جوانی بەناوی رابن رابن نووسیوە و منیش ئاوازێکی جوانم بۆ داناوە و بە دەنگی میرا تۆمارکراوە".

هەڵکەوت گوتیشی "ئەم گۆرانییە باس لە سەربەخۆیی و برایەتی و پێکەوەژیان دەکات، بەشێوازێکی مۆدێرن لە دەرەوەی کوردستان کاری میوزیکی بۆ کراوەو بە نیازین لەم رۆژانە کلیپی بۆ بکەین".

# ئەفسانەی حەوا دەکرێتە گۆرانی



**رووداو- هەولێر**

گۆرانیبێژی رۆژهەڵاتی کوردستان رۆژان فەیزی، بە گۆرانیەکی فارسی باس لە نەهامەتییەکانی جەنگ دەکات.

رۆژان لەبارەی ئەو گۆرانییە بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەفسانەی حەوا ناوی گۆرانیەکەیە کە شاهین یوسف زەمانی ئاوازی بۆ داناوە، عەلی رەزاش کاری دەرهێنانی بۆ کردووە".

گوتیشی "ئەم گۆرانییە باس لە نەهامەتیەکانی جەنگ دەکات، هەڵبەتە ئافرەت بەشی زۆری مەینەتی و ناخۆشیەکانی جەنگی بەردەکەوێ، چونکە لە یەک کاتدا دایک و خوشک و هاوسەریشە، بە درێژایی مێژوو ئافرەتەکانمان جەرگسووتاو بوون، بۆیە خۆیان لەو گۆرانیەدا دەبیننەوە".

رۆژان فەیزی لە خێزانێکی هونەردۆستی شاری سنە لەدایکبووە و ئێستا لە ئەمریکا دەژی. تاوەکو ئێستا چەندین کاری لەگەڵ هونەرمەندی ناوداری ئێرانی داریوش کردووە.

# کاروان دەڵێت کردار شەرتە



**رێکەوت سەلام**
**رووداو- هەولێر**

هونەرمەند کاروان کامیل کارەکانی ئەلبوومەکەی تەواو کرد و بە گۆرانیەک و چەند کارێکی خێرخوازیش پشتگیری پێشمەرگە دەکات.

کاروان بە (رووداو)ی گوت "کارەکانی دوایین ئەلبوومم کە لە 8 تراک پێکهاتووە، خەریکە تەواو دەبێت".

سەبارەت بە کاتی بڵاوکردنەوەی ئەلبوومەکەشی گوتی "ئەمساڵ بەهۆی ئەم رەوشەی ئێستا بڵاوی ناکەمەوە".

کاروان کامیل رەتیکردەوە کە بەرامبەر رەوشی کوردستان بێ هەڵوێست بووبێت و گوتی "من بە کردار وەڵام دەدەمەوە، لە ماوەی رابردوو گۆرانییەکم بە ناوی دلۆڤانی لەسەر ئەو رەوشە بڵاوکردەوە، هەروەها لەگەڵ هونەرمەندانی شاری دهۆک بەشداری کاری خێرخوازیم کردووە، جگە لەوە بەشداری خۆپیشاندانەکانیشم کردووە".

# هەیفا ریکۆرد دەشکێنێ



رووداو- ئاژانسەکان

هونەرمەندی لوبنانی هەیفا وەهبی بەهۆی بڵاوکردنەوەی گۆرانی فیلمی (حلاوە الروح) لە یوتیوب ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار دەکات.

ئەم گۆرانییە بەهۆی بینەرێکی زۆر توانی ریکۆردێکی نوێ تۆمار بکات کە تەنیا لە ماڵپەڕی یوتیوب زیاتر لە بیست ملیۆن تەماشەڤانی هەبووە، ئەمەش بۆ یەکەمینجارە گۆرانیی ناو فیلمێک ئەم ژمارە خەیاڵییە تۆمار بکات.

دوای ئەوەی چەند رۆژێک فیلمەکە لەسەر پەردەی سینەماکان نیشاندرا، بە فەرمانێکی حکومەتی میسر راگیرا، بەڵام گۆرانییەکەی نێو فیلمەکە کە هەیفا سەمایەکی زۆر وروژێنەری تێدا دەکات، بڵاوکرایەوە کە بینەرێکی بێشوماری لە خۆی کۆکردەوە.

# دڵنیا داهاتی ئەلبوومەکەی دەبەخشێ



**رووداو- هەولێر**

دڵنیا قەرەداخی ئەلبوومی گۆرانی یادی تەواوکردووە و داهاتەکەشی بۆ پێشمەرگە و ئاوارەکانی شنگال و کۆبانی دەنێرێت.

دڵنیا قەرەداخی بە (رووداو)ی گوت "ئەلبوومی یاد دەمێکە کارەکانی کۆتایی هاتووە کە 10 تراکە، بەڵام بەهۆی ئەم بارودۆخەوە تاوەکو ئێستا بڵاوم نەکردووەتەوە".

قەرەداخی دەشڵێ "ئەم ئەلبوومەم جیاوازە لە ئەلبوومەکانی دیکەم، ئەگەر بارودۆخی کوردستان بەمشێوەیە مایەوە ئەوە منیش وەک هونەرمەندێکی گۆرانیبێژ پاڵپشتی لە پێشمەرگە دەکەم و داهاتی ئەلبوومەکەم پێشکەش بە برا پێشمەرگەکان و ئاوارەکانی شنگال و کۆبانی دەکەم".

# توبا باشترین ئەکتەرە



**رووداو- ئاژانسەکان**

ئەکادیمیای نێودەوڵەتیی هونەر و زانستی تەلەفزیۆن- ئیمی، توبا بویوکستۆنی وەک باشترین ئەکتەری بیانی لە درامای 20 خولەک دیاری کرد.

لە خولی 42 هەمینی خەڵاتی ئەکادیمیای نیودەوڵەتیی هونەر و زانستی تەلەفزیۆن لە ئەمریکا، ئەکتەری شۆخ و شەنگی تورک توبا بویوکستۆن وەک یەکەمین ئەکتەری تورکی دیاری کرا بۆ وەرگرتنی ئەم خەڵاتە جیهانییە.

بڕیارە مەراسیمی خەڵات بەخشینەکە لە 24ی مانگی داهاتوو لە شاری نیویۆرک بەڕێوەبچێت.

توبا ساڵی 1982 لە تورکیا لەدایکبووە، سەرەتا نمایشکاری جلوبەرگ بووە، بەڵام لەساڵی 2003 روودەکاتە دونیای سینەما و دراما.

# بەختی رووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

**کاوڕ**

چارەسەری کێشەکان ئاسانە، بەڵام کەمێک ماندووت دەکەن. هەرگیز گەشبینی لەدەست مەدە، چونکە گەشبینی دەبێتە یارمەتیدەری سەرکەوتنەکانت. هەست بەچەند شتێکی نامۆ دەکەن و دەتانەوێت دڵنیا ببنەوە. گەشت هەندێک ئاسوودەییت پێدەبەخشێ.

**گا**

پێویستت بە سۆزی زیاترە، بەڵام دەبێت چاوەڕوانی زیاتر بکەی. هەستێکی بەهێزت دەبێت و یەک لەدوای یەک کارەکانت رایی دەکەی. دەتوانی داوای هاوکاری بکەیت لەو کارەی کە تەنیا بە توانای خۆت ئەنجامدانی گرانە. لە زۆربەی گرفتەکاندا هێمنی دەتپارێزێت.

**جمک**

لەم مانگەدا ئەگەر شتێک لەوادەی خۆی دوابکەوێت، ئەوا لە کۆتاییدا دەبینی لەقازانجت بووە کە دواکەوتووە. ئەو کارانەی تێیاندا سەرکەوتوو نەبوویت دەبنە وانەیەکی گرنگ بۆ زامنکردنی سەرکەوتن لە داهاتوو. ئەگەر بەنیازی دەستبەکاربوونن بۆ باشترکردنی دەرامەت ئەوا خێرا بڕیار بدەن.

**قرژاڵ**

ئەم ماوەیە کاتێکی زێرینی بەختەوەرییە، ئارەزووەکان زیاتر دەبن و پێویستتان بەپشووە بۆ ئەوەی تواناتان بگاتەوە ئاستی جاران، کاتی زیاتر بۆ هاوڕێ و ئازیزەکانتان تەرخان بکەن. کارکردن لە شوێنە قەرەباڵغەکان ئاسوودەتان دەکات،

**شێر**

بیرکردنەوە بۆ ئەنجامدانی کارێک کە شارەزاییت تێدا نییە قورسە، بەڵام دەتوانی هاوکارێک یان پشتیوانێک پەیدا بکەیت. خۆگونجاندن لەگەڵ کۆمەڵ زۆر پێویستە، بەتایبەت لەگەڵ نزیکەکان و ئازیزانتان.

**گوڵەگەنم**

لەم کاتەدا دەتوانی کارەکانی خۆت هەڵسەنگێنی و چاکسازیی تێدا بکەیت، ئەو ئەنجامە باشانەی بەدەستت هێناون دڵخۆشت دەکەن. کارەکان کە زۆربوون بێجگە لە ماندووبوون بێزاریشت دەکەن، بەڵام لەم کاتەدا قورسە بتوانی پشوویەک وەربگریت.

**تەرازوو**

ناتوانن بیرتان لەسەر خاڵێکی دیاریکراو چڕبکەنەوە، چونکە هەستەکانتان وەک دەریا شەپۆل دەدەن. چواردەورەکەت پێویستییەکی زیاتریان پێت هەیە لەکاتێکدا تۆ دەتەوێت وچانێک بەئازادی بدەیت. خەیاڵەکانتان ئەوەندەی دیکە بەرفراوان دەبن.

**دووپشک**

هەوڵ بدەن لەگەڵ چواردەورەکەتان خۆتان بگونجێنن باشترە لەوەی پەنا بۆ رق و کینە ببەن. جوڵە و چالاکی و خۆماندووکردن خەم و بێزاریتان دەڕەوێنێتەوە، سەردانی جێگە کۆمەڵایەتییەکان بکەن. هەتا مانگێکی دیکە چەندین فرسەتی باشتان بۆ دەستەبەر دەبێت.

**کەوان**

بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی یەکێک لەو کارانە دەدەن کە بیرتان لێکردووەتەوە. بەهۆی پەیوەندییە نوێیەکانەوە بیرۆکەی گرنگ وەردەگرن. بۆ دەستپێکی هەر جۆرە کارێکی دارایی بەخت هاوکارییەکی باشتان دەکات. لایەنی سۆزداری بەخواستی ئێوە بەڕێوە ناچێت.

**کارژۆڵە**

بۆ ئەوەی خۆت لە ڕاڕایی یەکلایی بکەیتەوە، گفتوگۆی زیاتر لەسەر ئەو بابەتە دروست بکە. قسەکانت بەشێوەیەکی جوانتر دەرببڕە. سەرکەوتنت لەو کاتانەدا دەردەکەوێت کە دەتوانی بەرنامەکانت نوێ بکەیتەوە و بڕیاری کاری قورستر دەدەیت.

**سەتڵ**


فەرامۆشکردنی کارەکان لەشوێنی خۆیان ئەوەندەی دیکە کارەکان کەڵەکە دەکات و ئەرکیان زیاتر دەبێت. ئەنجامەکان بە پێچەوانەی خواستەکانت بوون، بەڵام بەگەشبینییەوە دەڕواننە هیوا گەورەکان، لەکۆتاییشدا رەنگە ماندووت بکات، بەڵام سەرکەوتوو دەبیت.

**نەهەنگ**

پێشنیازێکی نوێ هەندێک لە بیرکردنەوەتان دەگۆڕێت. دوودڵ مەبە لە هەنگاوەکانت سەرکەوتن چاوەڕوانتە، باشتر وایە توانات بەکاربهێنی و بەرگە بگریت. گفتوگۆکانی ئەم ماوەیە ئەنجامی باشی لێدەکەوێتەوە، رەنگە هەندێکیان بە رێککەوتنێک کۆتاییان بێت.

# داعش لە دەروازەکانی بەغدا..
# چاوەڕێی تەواوبوونی دەنکەکانی تەسبیحەکەیە

مەشرق عەباس



"بەغدا نێچیرێکی ئاسـان نابـێ".. ئەبوبەکر بەغـدادی، خەلیفەی داعش ئەو ڕاستییە باش دەزانێ، لەوەتای چەکدارەکانیشی لە مووسڵەوە دڵگەرمانە، بەرەو کەرکووک و تکریت و دیالە و ئەنبار داکشاون، وادیارە ئەوەی بەباشتر زانیوە کە لەهەر چوار لاوە لە سنوورەکانی بەغدا نزیک ببێتـەوە و خاڵە لاوازەکانی ئەو شـارە تاوتوێ بکات کە بەلای چەکدارەکانیەوە تاجی سـەری خەلافەتەکەیـان و ئەو ئامانجە سـتراتیژییەیە، هاوسـەنگیی هێز لەناوچەکەدا بـۆ هەتاهەتایە سەرەوژێر دەکات.

دوو فاکتـەری بنەڕەتـی هـەن کـە دەبنـە جەوهـەری سـتراتیژی بەغـدادی و گرووپـی پلاندانەرانی ڕێکخراوەکەی:

یەکەمیـان: زەمـەن، ئـەو پێشـڤەچوونە زۆر خێرایـەی کـە ڕێکخراوەکـە بـە توانـا سـنووردارەکانیەوە لەعێراق و سـووریا تۆماری کـردوون، لەڕووی سـەربازییەوە وەکو خاڵێکی لاوازی دێتـە ئەژمـار، هـەر لەبەرئەمەشـە کە ڕێکخراوەکـە هەوڵی نـەداوە بەهەمان گوڕوتین پەلاماری شـارە گەورەکان بدات. وەک دەبینین گۆڕەپانـی شـەڕ لەعێراق لەناوەڕاسـتی مانگی حوزەیـران (یۆنیۆ)ی ڕابردووەوە تا سـەرەتای تشـرینی یەکەم (ئۆکتۆبەر)، هەمان گۆڕەپانە و شـتێکی ئەوتـۆ نەگـۆڕاوە. شـەڕوپێکدادان بەدرێژایـی ئـەم ماوەیە هەر لـە دەوری هەندێ گوند و شـارۆچکە سـوڕاوەتەوە کە بە پێوەری سەربازی بەستراتیژی دانانرێن و سەرجەمیان لە دەرەوەی سنووری یەکەمی ئەو شارە گەورانەن کـە ڕێکخراوەکە لەعێـراق تێیاندا جێگیر بووە، لەوانەش مووسڵ و تکریت و فەللوجە و قائیم.

دووەمیان: ئابووریی سەربازی، ئەم ڕێکخراوە بەشـێوەیەکی سـەرنجڕاکێش پێگیریی کردووە بەدەسـتگرتن بەو توانا مرۆیی و سـەربازییەی لەبەردەسـتیدایە بۆئـەوەی بـە کەمترین زیان بگاتـە ئەو ئامانجانەی پلانیان بۆ دادەنێ، هیچ دوودڵیش ناکات لە پاشەکشەکردن لە هەندێ لەو ناوچانەی داگیریان دەکات، بەڵام دوایی دیسان دێتەوەو داگیریان دەکاتەوە، بەسـوودوەرگرتن لەو بێ سـەروبەرییەی پلانی جەنگ کە سـوپای عێراق و میلیشیاکانی شیعە بەڕێوەی دەبەن.

## پەلکێشکردنی واشنتن

زۆر پرسـیار هەبـوون دەربـارەی پێداگریی ڕێکخراوی داعش لەسەر تێوەگلاندنی پێشمەرگە لەم شـەڕەدا و پاشـان ڕاکێشـانەوەی ولایەتە یەکگرتـووەکان بـۆ ناو شـەڕەکە پێش ئەوەی جەنگی گەورەی بەغدا بەرپابکات، سیغەی ئەم پرسیارانە بەجۆرێک بوون کە ئەمەیان دادەبڕی لە تێڕوانینی گشـتیی بەغدادی بۆ مەسەلەکە، بـەڵام ئەو ڕاکێشـانەی ئەوان بۆ ناو شـەڕەکە وادیـارە زۆر بەوردی پلانـی بۆ دانراوە، ئەوەش بە پشتبەستن بە:

– بەغـدادی هـەر لەسـەرەتاوە دەیویسـت ڕێکخراوەکـەی دابـڕێ لەو گرووپە عەشـایرییە سوننە ڕاپەڕیوانەی کە سەرکردەکانی لە هەولێر کۆبوونەتەوە، تەوقیتی ئەو خۆجیاکردنەوەیەشی خسـتە دوای ئەمانـی بیانووەکانی "شۆڕشـی سـوننی" و دەسـتپێکردنی قۆناغی "خەلافەتی ئیسلامی".

– بەغـدادی شـارەزای ئاڵۆزییەکانـی عێراق و ناوچەکەیـە و سروشـتی ململانێ سیاسـی و تائیفیەکانی دەزانێ، هەروەک چۆن دەیزانی ئەو هەڕەشەیەی ئەو دروستی دەکات بایی ئەوەندە نابـێ کـە ولایەتـە یەکگرتـووەکان بەخێرایی بـۆ شـەڕی وشـکانی لەسـەر خاکـی عێـراق ڕابکێشـێتەوە، ڕەنگە لەدواجـاردا هەر ناچاری کردبایـە پەنا بۆ هەندێ وڵاتـی ناوچەکە ببات بۆ بەجێهێنانی ئـەو ئەرکە، بەڵام تێوەگلاندنی کورد ڕاکێشانی ئەمریکای بۆ ناو شەڕەکە خێراتر دەکـرد و ڕێـک ئەوەش ڕوویـدا، ئەمە هەروەها کۆمەڵێ پرسـیاری دواخراویش تـەرح دەکات: شیعە چۆن ڕەفتار دەکەن ئەگـەر تورکیا یان وڵاتێکی عەرەبی تەدەخولی کرد؟ ئەی سوننە چ کاردانەوەیەکیان دەبێت ئەگەر ئێران تەدەخولی کرد؟

– هێشـتنەوەی هێزی پێشمەرگە وەک خۆی دەبێتە هەڕەشـەیەکی گەورە لەسـەر مووسـڵ ئەگەر داعش بڕیاری دا بەرەو باشـوور بکشێت، بۆیە پێویسـت بوو مەودایەکی فراوان (دەشتی نەینەوا و شنگال) لەنێوان مووسڵ و پێشمەرگە دروستبکرێ کە ببێتە مەیدانی شەڕو پێکدادانی سـەربازی لەگەڵ کورد و، میحوەرێکی گەورەی سـەرقاڵکردن کـە تێیدا بڕێکی زۆر لە توانای سەربازیی ئەمریکا و کورد بەفیڕۆ دەچێ. دەبێ ئەوەش وەبیربهێنینەوە کە داعش نە شـەڕێکی گـەورەی کردووە و نە خەسـارەتی گەورەشـی داوە چ لـە قۆناغـی داگیرکردنی شـارۆچکە و گوندەکانی دەشـتی نەینەوا و شـنگال و چ لە قۆناغی پێشـڤەچوونی پێشمەرگە بەپشتیوانی هێزی ئاسـمانیی نێودەوڵەتی، مەگەر تەنیا لە ڕزگارکردنی هەندێ گوند و شـارۆچکەدا نەبێت کە لەدەستی دان.

– ئـەو هێزانەی بۆ شـەڕی وشـکانی لەدژی داعش کۆدەبنەوە، پێویسـتیان بـە کات هەیە بـۆ ڕێکخسـتنی کارتـەکان، مەزەندەکردنـی مەترسـییەکان و خاڵـە لاوازەکان، دەبـێ ماوەیەکی درێژیش سەرقاڵی بۆردومانی ئاسمانی بن کە ناتوانێ شـەڕەکە یەکلایی بکاتەوە. ئەم وەختـەش لەبەرژەوەندی داعشـە کـە هاوکات نزیکـەی 20 گۆڕەپانی هەسـتیار و لێکجوودای شەڕی کردووەتەوە بۆ سەرقاڵکردنی نەیارەکانی و پەکخسـتنی تواناکانیان و ڕێگرتن لەوەی پێ بەپێـی ئەو ببزوێـن لە جموجوڵـە خێراکانیدا لەنێوان بەرەکان، لەکاتێکدا تائێسـتا هەر ئەوە کە سـیاقی شـەڕ و وادە و گۆڕەپانی شەڕەکان دیاری دەکات.

## بەغدا پێش تاران نییە

داعـش گرنگیـی بەغـدا تەنیـا لە ئاسـتە سیمبولیکەکەیدا نابینێ، بەڵکو وای دەبینێ کە ئامانجێکی ستراتیژیی یەکلاکەرەوەیە. چوونە ناو بەغدا بەلای ئەوەوە بەڕێوەبردنی شەڕ و مانۆڕی شـەقامەکانی نییە، بەڵـکو جێگیربوونە تێیدا، لانیکەم لەبەری لای کەرخی شارەکە هاوشێوەی مووسڵ. بەم ئەنجامەش، بەغدا نابێتە ئامانجی ئێسـتای شـەڕەکە، بەڵـکو مەبەسـتی خودی شـەڕەکە بەغدایـە، بۆیـەش دەبـێ گۆڕەپانی سـەربازی بەتـەواوی ئامادەبێـت بۆ گەیشـتن بەو شـارە، وەکچۆن دەبێ پێکدادانی سیاسـی و مەزهەبی و ئیقلیمی گەیشـتبێتە دواسنووری خۆی تا ئەوکاتە.

بەم دواییە حەسەن ڕووحانی سەرۆکی ئێران گوتـی کە وڵاتەکـەی دوودڵی نانوێنێ لە هاتنە نێـو شـەڕەکەوە ئەگەر نزرگە پیـرۆزەکان لای شیعە، بکەونە بەر مەترسی. ئەمەش لەڕاستیدا یەکێکـە لـە کارتە سـتراتیژییەکانی دەسـتی داعش کە پێدەچێ بە سیاسـەتی پراگماتیانەی کۆماری ئیسـلامی تووشـی موفاجەئە بووبێ. بوونی کۆماری ئیسلامی بە تەرەفێکی ئاشکرا و ڕاستەوخۆی ئەو شەڕە، یەکێکە لەو وەرچەرخانە بنەڕەتیانەی کە داعش هیوایەکی زۆری لەسـەر هەڵچنیـوە بۆ جێگیرکردنی وجودی خۆی وەک دیفاکتۆ و لایەنێکی قبووڵکراو لەسـەر ئاسـتی ئیقلیمـی و نێودەوڵەتـی و پێـش ئەوانیـش لەنێوەندی سوننەی عێراقدا.

تـاران هەرزوو درکی بەم هەسـتیارییە کرد، بۆیە بەو ئاراستەیەدا چوو کە شەڕی دژی داعش بەبڕیـاری ئەمریکا بێت، بەڵام وەک دەوڵەتێکی تێوەگلاو لـە ململانێکانی ناوچـەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت و کەنـداوی عەرەبـی، ناهێڵێ ئەم دەستێوەردانەی ئەمریکا بە زیانی بەرژەوەندییە سـتراتیژییەکانی بشـکێتەوە، ڕێگـەش نادات گەلەکۆمەی نێودەوڵەتی لەدژی داعش دوور لەو بەڕێوەبچێ، بۆیە ئەوە شـتێکی ئاسایی بوو کە بەشـێوەیەکی نافەرمی و لەڕێی پەنجەکانییەوە لەعێـراق نارازیبوونێکـی شـیعی و ئیقلیمـی دەربارەی نیازەکانی ئەم جەنگە ببزوێنێ و ئەو گومانانە قـووڵ بکاتەوە کە ڕێکخـراوی داعش وەکـو ئامرازێکـی نێـو گەمەیەکـی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی دەربکەوێ.

هەرچۆنێـک بـێ، داعـش بـەدوور نییە لەم پێناسـەیە، بەڵام ئـەو ڕێکخـراوە وەکو هەموو پێکهاتە میلیشیاییەکانی دیکە بەدرێژایی مێژوو، بەدەسـتوبرد بوو لە سواربوونی شەپۆلی گەمە ئیقلیمییەکـە و گۆڕانـی لـە ئامرازێکـەوە کـە دەوڵەتانـی ناوچەکە یەکدی تۆمەتبار بکەن بە بەکارهێنانی، بۆ یاریزانێک کە ئامانجێکی جیاواز لە ئامانجی هەمووانی هەیە.

"نزرگـە پیرۆزەکانـی شـیعە"ش ئامانجێکی سـتراتیژیی داعشـە، بەڵام ئەویش ئامانجێکی هەنووکەیی نییە، بەڵکو ئەو قۆناغەیە کە بازدانی کۆتایی بەرەو بەغدا بۆ داعش ئاسان دەکات. ئەو ڕێکخراوە تائێستا هەڕەشەی لە نزرگە پیرۆزەکەی سامەڕا نەکردووە، ئەگەرچی شارەکەی لە هەموو لایەکـەوە دەورە داوە، هەروەهـا لەناوچەکانـی جـەرف ئەلسـەخەر، ئەسـکەندەریە، هندیە و موسەیەبەوە هیچ پێشـڕەوییەکی نەکردووە بۆ هەڕەشـەکردن لە کەربـەلا، ئەگەرچی دەتوانێ ئەوە بکات. ئەو تەنیا نزرگە پیرۆزەکانی شیعەی خسـتووەتە ژێر هەڕەشەیەکی گریمانەکراوەوە، ئەوەش بۆ پەکخسـتنی هەڕەشـەکانی سوپا و میلیشیاکانی شیعە.

وەکو دیـارە، بەغدادی هەوڵـی داگیرکردنی بەغـدا نـادات تاوەکـو ئێـران بەکـردەوەو بە سـوپاوە ڕانەکێشـێتە نێـو شـەڕەکە، نزرگـە پیرۆزەکانی سامەڕا و کەربەلاش باشترین کلیلن بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجـە، بەڵام ئەوە کەی؟ ئەوکاتەی کە جەنگی بەغدا بەتەواوی پێدەگات و هاوکێشەکانی کامڵ دەبێت.

## شارەکانی فورات

مەسـەلەی هەڵبژاردنی تەوقیتەکان پێناچێ لانیکەم بۆ سـەرکردە سـەربازییە عێراقییەکان جێی مەترسی بێت، بۆیە هەرگیز ئەم پرسیارە مەنهەجیەیان لەخۆیان نەکردووە:

"ڕێکخـراوی داعش بۆچـی خاوەخاو دەکات لـە کۆنترۆڵکردنی تەواوەتـی پارێزگای ئەنبار، لەگـەڵ ئـەوەی لـە 1ی کانوونـی دووەمـی ڕابـردووەوە فەللوجـەی کۆنترۆڵ کـردووە و لە 15ی حوزەیرانیشـەوە دەستی بەسەر (قائیم) دا گرتووە، کە ئەمانە دوو گرنگترین شاری ئەو پارێزگایەن؟". شـارەکانی ئەنبار سـەرجەمیان دەکەونە سـەر ڕووباری فورات، قائیم دەکەوێتە خاڵـی هاتنە نـاوەوەی فورات بۆ نێـو عێراق، لەکاتێکـدا فەللوجـە دەکەوێتـە دوایین خاڵی دەرچوونی فورات لە سـنووری پارێزگای ئەنبار (باشـووری ڕۆژهەڵاتـی ڕومـادی). بەمجـۆرە، شـار و شارۆچکە بنەڕەتییەکانی دیکەی ئەنبار (ڕومادی، هیت، حەدیسە، عانە و ڕاوە) دەکەونە ناوچەی دەسەڵاتی ڕێکخراوەکەوە، با سەرکێشی داگیرکردنیشی نەکردبن بەهێزی سەربازی.

بـەڵام ئەو ڕێکخـراوە بەدرێژایـی مانگەکانی ڕابـردوو موکـوڕ بووە لەسـەر مسـۆگەرکردنی ناوچەی ستراتیژیی گرنگتر بەنیسبەت خۆیەوە، ناوچـەی ئەوتـۆ کـە ڕووبـەری بەرفـراوان لە پارێـزگای ئەنبـار لەخۆدەگرن و لە سـنووری سـووریا و ئوردن و سـعودیەوە درێژدەبنەوە تا ناوچەکانی باکووری کەربەلا و باشـووری بەغدا و باکووری ڕۆژئاوای بابل، ئەمانەش ناوچەکانی ترێبیل، عەکاشـات، ڕوتبـە و نەخیب لەوپەڕی ڕۆژئـاوای عێراق تا یوسـفیە، ئەسـکەندەریە، جەرف ئەلسـەخەر و موسـەیەب لە ناوەڕاستی وڵات لەخۆدەگرن.

ئەم پێشڕەوییەی داعش بەرەو بیابان لەجیاتی شـارەکانی فورات هەروا بێ ئامانج نییە، ئێستا داعش لەسـەر دەروازە سـتراتیژییەکانی عێراق لەگەڵ سـووریا و ئوردن و سعودیە باڵادەستە، ئەگەرچـی دەروازەیەکـی وەک (وەلید) لەگەڵ سووریا و (نەخیب) لەگەڵ سعودیە گرنگییەکی ئابووریـی ئەوتۆیـان نییـە، بـەڵام دەروازەی ترێبیـل لەگەڵ ئوردن بـۆ داعش زۆر گرنگ کە لـە 22ی حوزەیرانی ڕابـردوو کۆنترۆڵی کرد و پـاش چەند ڕۆژێک لێی کشـایەوە دوای ئەوەی هەستی کرد کۆنترۆڵکردنی ئەو دەروازەیە زیانی گەورەی لێـدەدات. ئەوەی لە میدیاکاندا بەهیچ جۆرێک باس ناکرێ و نە دەسـەڵاتدارانی عێراق و نە ئەوانەی ئوردن دانی پێدانانێن، ئەوەیە کە داعش دوو دەروازەی نوێی لەو سنوورانە بۆخۆی کردووەتەوە. یەکەمیان لەناوچەی ڕوتبە (ڕێگای نێودەوڵەتی بەرەو بەغدا) و دووەمیان لە نەخیب (ڕێگای کۆن بەرەو کەربەلا). لەم دوو دەروازەیە باج وەردەگیرێ لە هەموو جموجوڵێکی بازرگانی لەنێـوان عێـراق و ئـوردن بـە تانکەرەکانـی نەوتیشـەوە. ئـەم دوو دەروازەیـە بەتـەواوی جێگیرن و پسوولەی باج دەدەنە خاوەن بارەکان و داهاتیان لە هەفتەیەکدا دەگاتە ملیۆنان دۆلار.

بـەڵام فاکتـەری ئابـووری تەنیا شـتی ئەم گەمەیەی بیابان نییە کە داعش بەباشی دەیزانێ، بەڵکو کۆنترۆڵکردنی ئەم ڕووبەرە بەرفراوانە ئەوە بۆ ڕێکخراوەکە فەراهـەم دەکات کە هەرکاتێک ویسـتی، بەخێرایـی لـەلای باشـوورەوە بەرەو گەمارۆدانی بەغدا و، هەڕەشـەکردن لە کەربەلا لەلای ڕۆژئاوا و باکووری شارەکەوە بکشێ.

## دەوروبەری بەغدا

لەسەر نەخشە، دەتوانین بڵێین حاڵی حازر ڕێکخـراوی داعش لە هەموو لایەکـەوە بەغدای گەمارۆ داوە، بەڵام ئەم گەمارۆیە جێگیر نییە.

لـە ڕۆژهەڵاتـی بەغدا کـە پارێـزگای دیالە هەڵکەوتووە، شارۆچکەکانی خاڵس، هوبهوب و بەنی سـەعد هەن کە لەگـەڵ ڕۆژهەڵاتی بەغدا هاوسـنوورن، لەکاتێکـدا قەزای بەلـەدروز کە گەورەترین قەزاکانی دیالەیە، ڕووبەرێکی فراوان و ئاڵـۆز لـەڕووی جوگرافیەوە داگیـردەکات و لەلای باشـوورەوە تا سنووری کوت و باشووری بەغـدا درێـژ دەبێتەوە، لـەلای باکووریشـەوە هاوسـنوورە لەگـەڵ شـارۆچکەکانی جەلەولا و سـەعدیە کە لـە حوزەیرانی ڕابـردووەوە لەژێر دەسـەڵاتی داعشـدان. جوگرافیـای بەلـەدروز لـەڕووی ئاڵۆزییەوە، تەواو هاوشـێوەی بیابانی ئەنبـارە، هەربۆیـە بەشـێوەیەکی بـەردەوام ئامانجێکی نموونەیی داعش بووە و هەمیشە لە گوندە لێکدوورەکانی نێوان گردە بەردینەکاندا تا دەگاتە ئەو شارۆچکانەی بە بەغداوە نووساون، ئامادەیـی هەیـە، بەڵام خـۆی لـە بەعقوبە و عوزێم و خاڵس دەپارێزێ کە لەژێر دەسـەڵاتی حکومەتـی عێراقیدان. ئەو ناوچانە لە شـەڕی داهاتـووی بەغـدادا زۆر کاریگـەر نابن، چونکە دراوسـێی گەورەترین کۆمەڵگاکانی نیشتەجێی شیعەن لەشارەکەدا (حوسەینیە، شەعب، شاری سـەدر، عوبێـدی، کەمالیە و بەغـداد جدیدە)، بەڵام بەهای ئەو ناوچەیە لەوەدایە کە دەڕوانێتە سـەر گەورەترین کێڵگەی نەوتیی دەرنەهێنراو لەعێراق کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی بەغدا.

لەبەرامبەردا، وادیارە کە بەغدا لەلای باشوور و باکووری ڕۆژئاواوە بەتەواوی بۆ داعش کەشفە.

لەلای باشوورەوە، ڕووبەرێکی فراوان هەیە کە ناوچەکانی لەتیفیە، جەرف ئەلسەخەر و یوسفیە بە مەدائینەوە دەبەستێتەوە تا دەگاتە عەزیزیە و سـوێرە لە باکووری واسـت (کوت)، ژینگەی دیمۆگرافی و جوگرافیی لەو ناوچەیەدا ناپتەوە، ناوچەکانی تەنیشت بەغدا: پردی دیالە، زۆنگاوی ڕەجـەب و عەرەبی جبوور تا دەگاتە مەحمودیە و دۆرە یـان کشـتوکاڵین، یان بیابانن و یاخود پیشەسـازین، لەپشـتی ئەوانـەوە کۆمەڵـگای نیشتەجێبوونی سوننە دەستپێدەکات.

لێـرەدا دەبێ ئاماژە بۆئـەوە بکەین کە ئەو سیاسـەتانەی لەدوای 2003 بەرامبەر سوننەی بەغدا گیرانەبەر، هیچ جیاوازییەکی نەبوو لەگەڵ ئەوەی بەرامبەر دانیشـتووانی مووسڵ کرا. ئەو سیاسـەتە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتـی لەباری بۆ داڵدەدانی داعش ڕەخسـاند، هەربۆیە لەزۆربەی ئەو کۆمەڵگا سوننیانەی ناو بەغدا و چواردەوریدا شانەی نووستووی هەن.

ڕێکخراوی داعش لەمانگی نیسانی ڕابردوودا، واتـە دوو مانگ بەرلەوەی مووسـڵ داگیربکات، مانۆڕێکی سـەربازیی بێوێنەی لە شـارۆچکەی ئەبوغرێـب (ڕۆژئـاوای بەغـدا) کـرد، پاشـان بەتـەواوی دیارنەمـا و هیـچ چالاکییەکـی لەو شارۆچکەیەدا نەکرد.

ئەبوغرێب کـە گرتووخانە ناودارەکەی لێیە، هێشـتا لەڕووی کارگێڕییەوە سـەر بە بەغدایە، ئەگەرچـی بـە بڕیارێـک کە هێشـتا جێبەجێ نەبووە، خراوەتە سـەر ئەنبار. ئەم شارۆچکەیە خاڵـی هەرە مەترسـیداری پلانەکەی داعشـە، چونکـە لای ڕۆژئاوایـەوە ناوچەکانی خان زاری و عامریـەی فەللوجە هەن تـا دەگاتە فەللوجە خۆی، لەلای ڕۆژهەڵاتیشـەوە بەستراوەتەوە بە گەڕەکەکانـی عامریە، خـەزرا و گەڕەکی جیهاد لەنـاو بەغدای پایەتەخت، هەموو ئەم ناوچانەش ئەمڕۆ بوونەتە ناوچەی سوننی داخراو و نزیکن لە فرۆکەخانەی بەغداوە، لەولاشەوە تا ناوچەی سەوز لەناوجەرگەی شاری بەغدا درێژ دەبنەوە.

لە بەری باکووری بەغداوە نەخشەکە ئاڵۆزترە.



هەردوو شـاری کازمیەی شـیعی و ئەعزەمیەی سـوننی درێژبوونەوەی قووڵیـان هەیە لەڕووی دانیشـتووان و دیـرۆک و بەهای سـیمبولیک. کازمیە هاوسنوورە لەگەڵ ناوچەکانی باشووری پارێـزگای سـەلاحەدین وەک تاجـی و تارمیە تـا دەگاتـە دوجێل و بەلـەد و زلوعیە، هەموو ئـەم ناوچانەش ئەمڕۆ بـە گۆڕەپانی جموجوڵ و تەراتێنـی داعـش دادەنرێن کـە ماوەی چەند مانگێکە تەرکیزی کردووەتە سـەر داگیرکردنی زلوعیە وەک ڕێڕەوێکی ستراتیژیی قایم تاوەکو دواتر ببێتە خاڵی ئاراستەکردنی هەڕەشەکانی بۆ سامەڕا لە باکوور و بەغدا لە باشوور.

لە دەوروبەری بەغدا، تاوەکو ئەمڕۆش لەلایەن داعشەوە تەنیا 60%ی دەنکەکانی تەسبیحەکە ڕیزکـراون کـە خۆی لە گوند و شـارۆچکەکانی دەوروبەریدا دەبینێتەوە. تەواوبوونی تەسبیحەکە پێویسـتی بـە کەوتنی سـەرجەم ئامانجەکانی دەوروبەری بەغدا هەیە، لەگەڵ پاراستنی توانای ڕێکخراوەکە لەسەر سەرقاڵکردنی نەیارەکانی بە شەڕو پەلاماری شارۆچکە و گوندە دوورەکانەوە. بەڵام سەری تەسبیحەکە خۆی بریتی دەبێت لە تەقاندنەوەی پێکدادانێکی گەورە و ڕاشکاوانەی تائیفی لەناو بەغدا.

## خزمەتگوزاریی خۆڕایی بۆ داعش

ئەبوبەکـر بەغـدادی کاتێک تەماشـای ئەم نەخشە ئاڵۆزەی دەکرد، هەرگیز خەونی بەوەوە نەدەبینی لابەلا هەدیەی وەهای پێشکەش بکرێ کە خزمەتی سـەرکەوتنی پلانی جەنگی بەغدا دەکـەن. یەکەمیـن خەڵاتیـش بڵاوکردنـەوەی میلیشیاکانی شیعە بوو لەناوچە هەستیارەکانی پێکدادانـی سـوننە و شـیعە لەنـاو بەغـدا و دەوروبەری.

ئەمـڕۆ هێـزی جۆراوجـۆری میللـی لـە خۆبەخشانی شیعە پێکهێنراون کە گرنگترینیان: "سرايا السلام" بە سەرکردایەتی موقتەدا سەدر، عەسایبی ئەهلی حەق، بە سەرکردایەتی قەیس خەزعەلی، کەتیبەکانی حیزبوڵڵا و کەتیبەکانی ئەبوفەزل ئەلعەباسن، ئەوە سەرباری هێزەکانی بەدر کە هـادی عامری سـەرکردایەتی دەکات. ئەمانە لە پارێزگاکانی بەغدا، دیالە، سەلاحەدین و کەرکـووک بڵاوکراونەتەوە. "سـرايا السـلام" لەناوچەکانی باشووری بەغدان. هێزەکانی بەدر لە پارێزگاکانی دیالە و کەرکووکن. کەتیبەکانی حیزبوڵـڵا لەناوەڕاسـت و ڕۆژهەڵاتـی بەغـدان و عەسـایبی ئەهلـی حەق لە ڕۆژئـاوای بەغدا. لەهەنـدێ ناوچـەی وەک سـامەڕاش هەموویان هـەن. هەرچەنـدە ئـەم هێزانـە توانیویانـە پێشڤەچوونی داعش لەچەند بەرەیەکەوە ڕاگرن و لەدیالـە بەتایبەتـی بچنـە پێشـەوە، بەڵام هەڵوێستی خەڵکی سوننە بەتایبەتی لەناو بەغدا بەرامبەر بەم هێزانە ئەرێنی نییە. بەڕاسـتیش مایـەی سەرسـوڕمانە میلیشـیایەکی وەک عەسـایبی ئەهلی حەق لەناوچەکانـی ڕۆژئاوای بەغـدا بڵاوبکرێنەوە کە زۆرینەی دانیشـتووانی سـوننەن، دەکرا لەم شوێنانەی "سرايا السلام" بڵاوبکرێنـەوە کە لەلای خەڵـک قبووڵکراوترن بەهۆی هەڵوێستەکانی موقتەدا سەدر خۆی.

بەگشـتی، پەنابردنە بەر ئەم میلیشـیایانە چارەسـەرێکی ناچـاری بـوو بـۆ بەرگرتـن بە هەرەسـهێنانە ترسناکەکەی سـوپای عێراق و لەوکاتەداهیچ ئەڵتەرناتیڤێکی ئامادە لەبەردەست نەبوو، بەتایبەتیش کە ئەم میلیشیایانە شەڕڤانی لێزان و شـارەزا لەخۆدەگـرن، هەندێک لەمانە ئەزموونی هاوشێوەی ئەم شەڕەی ئێستایان لە سووریا وەرگرتووە.

بـەڵام ئـەم چارەسـەرە ناچارییـە وەکـو بۆمبێکی تەوقیتکراویش وایە کە لەهەر ساتێکدا ڕەنگە بتەقێتـەوە. ئەبوبەکر بەغدادیش ماوەی چەنـد مانگێکە لەڕێـی توندوتیژیی تائیفییەوە لەنـاو پایەتەخـت خەریکـی تەقاندنـەوەی ئەم بۆمبەیـە، بەتایبەتیش بە تەرکیزکردنە سـەر تەقینـەوەکان لەناوچەکانی نیشـتەجێبوونی شیعە، لەم هەوڵانەشـی بـەردەوام دەبێت بۆ سازاندنی کەشوهەواکە، پاشان پەنا دەباتە بەر هەڕەشەکردن لە نزرگە پیرۆزەکانی شیعە.

پلانـی خـراپ بـۆ ئۆپەراسـیۆنەکان و بێ سـەروبەری لـە بڵاوکردنـەوەی هێـزەکان، بەجێهێشـتنی کـۆگا زەبەلاحەکانـی چـەک و تەقەمەنـی بۆ داعش لەجیاتی تەقاندنەوە و لەناوبردنیان، نەگێڕانـەوەی متمانە بۆ خەڵکی سوننەی بەغدا بـۆ کەمکردنـەوەی گـرژی لەناوچەکانیاندا، هەروەها هەنگاونەنان بۆئەوەی ئۆپەراسیۆنەکان لەحاڵەتی بەرگرییەوە بگۆڕێن بۆ هێرشـبردن بەئامانجی دەرهێنانی فاکتەری هەڵبژاردنی شـوێن وکاتی پێکدادان لەدەسـتی چەکدارەکانی بەغـدادی، هەمـوو ئەمانـە خزمەتگوزاری خۆڕایین کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراقەوە، پێشکەشی بەغدادی دەکرێن.

**سەرچاوە: ڕۆژنامەی (الحياة).**

رووداو
ژمارە (330) دووشەممە 2014/10/20



# منداڵانی کۆبانی پێویستیان بە فریاگوزاریی دەروونی هەیە

ئیکرام حوسێن- لیزان ئەمین
رووداو- سلێمانی



"فیشەکێک بەر قاچی پوورم کەوت، ئەو بە برینداری لەگەڵ ئێمە بوو، لەسەر سنوور چاوەڕێمان دەکرد بچینە تورکیا".

ئەوە گوتەی منداڵێکە کە هێشتا 6 ساڵ لە تەمەنی تێنەپەڕیوە. بە قسەی پزیشکانی پسپۆڕ ئەو منداڵانە پێویستیان بە چارەسەری دەروونییە.

ئەو منداڵە چیرۆکی ئاوارەبوونی خۆی و خێزانەکەی بۆ (رووداو) گێڕایەوە، بەڵام تەمەنە کەمەکەی ڕێگر نەبوو لە تۆمارکردنی ڕووداوەکان و ئەو ترسە زۆرەی داعش لە دڵی ئەڤین و منداڵەکانی دیکەی کۆبانیدا دروستی کردبوو.

پسپۆڕێکی دەروونی دەڵێت، بە داخەوە لە کوردستان تیمی فریاگوزاری دەروونی نییە، منداڵانی کۆبانی پێویستیان بە چارەسەر و ڕێنمایی دەروونی هەیە.

هەرگیز شەڕ ئەنجامی باشی بەجێنەهێشتووە، بەڵام لە هەمووی خراپتر جێهێشتنی کاریگەریی خراپی دەروونییە، چونکە مەرج نییە کاریگەرییەکان ڕاستەوخۆ بن، بەڵکو هەندێکجار لەگەڵ تەمەندا گەورە دەبن.

د.ڕێبوار غەریب، پزیشکی پسپۆڕی دەروونی، بە (رووداو)ی گوت "هەموو ئەو منداڵانەی بەو ڕووداوە ناخۆشانەدا تێپەڕ دەبن، ئەگەر هەیە لە داهاتوودا تووشی حاڵەتی PTSD ببن، واتە تەنگژەی دەروونی پاش زەبر، کە کۆمەڵێک نیشانەی زۆری هەیە، لەوانەش دڵەڕاوکێ و خەمۆکی".

د.ڕێبوار گوتیشی "هەندێکجار منداڵەکە دەبێتە منداڵێکی شەڕانگێز، دووریش نییە ڕووداوەکە دووبارە بکاتەوە، ئەوەش بەپێی ڕووداوەکان دەگۆڕێت".

ئەڤین عەلی، کە ئێستا لەگەڵ خێزانەکەی لە کەمپی باریکەن لە نزیک شارۆچکەی عەربەتی پارێزگای سلێمانی، منداڵێکی قژ کاڵی پێست تۆخ بوو، ڕەنگی ترس و ئاوارەیی بە سیمایەوە دیار بوو، ئەو بە دەنگێک کە خەمبار دەردەکەوت گوتی "داعش ستەمی لە ئێمە کرد، ستەمێکی گەورەی لە ئێمە کرد"

دکتۆر ڕێبوار، جگە لەوەی پسپۆڕی دەروونییە، مامۆستای زانکۆی سلێمانیشە، باسی نیشانەکانی تەنگژەی دەروونی پاش زەبر بۆ دەکات. ئەو دەڵێت ئەو منداڵانەی بەر ئەو شاڵاوە کەوتوون، پێوستیان بە هەڵسەنگاندن هەیە لە لایەن تیمێکی پسپۆڕی دەروونییەوە کە پێکهاتبێت لە پزیشکی پسپۆڕی دەروونی و چارەسازی دەروونی و توێژەری کۆمەڵایەتی و دەروونی.

شەڕ یاخوود ئەو حاڵەتەی ئێستای کۆبانی، بە دوو شێوە کاریگەری دەروونی خراپی هەیە لەسەر منداڵان، یان بە شێوەی ڕاستەوخۆیە و لەوانەیە منداڵەکە تووشی شۆکی دەروونی ببێت و بەو هۆیەوە زمانی ببەسترێت، دواتر لایەنە فەسلەژییەکانی ژیانی گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، تەنانەت بۆی هەیە دوور بکەوێتەوە لە خواردن و مەترسی لەسەر ژیانی دروست ببێت، بەڵام لەوانەیە کاریگەرییەکان ناڕاستەوخۆ بن و لە هزری منداڵەکە بمێننەوە و دواتر خەمۆکی و دڵەڕاوکێ و بێتاقەتی بەرهەمدەهێنن.

خەبات محەممەد، 7 ساڵ، منداڵێکی دیکەی کۆبانییە، قژێکی کاڵ و دوو چاوی گەشی قاوەیی هەیە، هێشتا تەمەن ڕێگای پێنەداوە ددانە هەمیشەییەکانی پێشەوەی ڕێک ببنەوە، ئەو بەم شێوەیە چیرۆکی ئاوارەبوون و ترسی داعشی گێڕایەوە "ئێمە لە گوندی خۆمان بووین، دەبابەکانی داعش هاتن، تۆپبارانیان کردین و ئێمە ڕامانکردە ناو ماڵەکان، دواتر هەڵهاتین، بەڵام دواتریش هەر تەقەیان لێدەکردین، ئەوان ئاپۆچییەکانیان دەکوشت، ئەگەر بیانگرتینایە هەموومانیان دەکوشت، لەگەڵ چوار گوندی دیکە بۆ سەر سنوور هەڵهاتین، لەوێ چوار کاژێر ماینەوە، بەڵام هەر تەقەیان لێدەکردین، ئاپۆچییەکانیان دەگرت و یەکە یەکە دەیانکوشتن، لەسەر زەوی دەیانخستن و دەیانکوشتن، خەڵکیان هەمووی دەکوشت".

لە وڵاتانی پێشکەوتوو تیمی فریاگوزاری دەروونی خێرا هەیە، چارەسەری دەروونی بەو منداڵ و مێردمنداڵانە دەدات کە ڕووداوی ناخۆشیان بینیوە، هەرچەندە ناتوانرێ بنبڕ بکرێ، بەڵام لە ڕێگای چەند چالاکی و ڕێنماییەکەوە، وا دەکرێ ئەو ڕووداوانە ئاسانتر بە سەریاندا تێپەڕ ببێ، هەروەها کاریگەری دەروونی درێژخایەن لەسەریان جێنەهێڵێت.

دکتۆر ڕێبوار وەک بەڵگە بۆ قسەکانی ئاماژە بەو ڕووداوە ناخۆشانە دەدات کە تووشی کورد هاتووە، ئەو دەڵێت، ڕزگاربووەکانی هەڵەبجە و ئەنفال، کە مەرگی کەسە نزیک و خۆشەویستەکانیان بە چاوی خۆیان بینیوە، ئێستا کەسانی دڵتەنگ و خەمۆک و بێتاقەتن.

هەروەها دەڵێت بەپێی لێکۆڵینەوەکان هەموو ئەو ڕووداوانەی ترس و دڵەڕاوکێی زۆر جێدەهێڵێت لە دەروونی منداڵدا، لە داهاتوودا کاریگەری لەسەر لایەنی جەستەییش جێدەهێڵێت، بۆی هەیە کەسی تووشبوو کەسێکی لاواز دەربچێت، یان کار بکاتە سەر لایەنی بەرگری و تووشی چەند نەخۆشییەکی جەستەیی ببێت.

# ئیبۆلا... مەترسیدارترین پەتای سەردەم

رووداو- ئاژانسەکان

هەفتەی ڕابردوو ڤایرۆسی ئیبۆلا گەشەسەندنی بەرچاوی بەخۆوە بینی و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بە مەترسیدارترین و توندترین پەتای سەردەم ناوی هێنا، هەروەها هۆشداری دا لەوەی لە سەرەتای مانگی دیسەمبەرەوە هەفتانە بە هەزاران کەس تووشی ئەو ڤایرۆسە ببن. ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیش داوای هاوکاری دارایی و مرۆیی لە ئەندامەکانی کرد بۆ کۆنترۆڵکردنی ئیبۆلا، ئەنجوومەنی ئاسایش ڕایگەیاند کە ڤایرۆسی ئیبۆلا هەڕەشە لە جیهان دەکات.

## ئیبۆلا چییە؟

ڤایرۆسی نەخۆشییەکی کوشندەیە، پێنج جۆری هەیە و چواریان دەتوانن مرۆڤ نەخۆش بخەن، دوای ئەوەی دەچنە لەشەوە، خانەکان دەکوژن و وا لە هەندێکیان دەکەن بتەقنەوە، سیستمی بەرگریی لەش کاول دەکەن و دەبنە هۆی خوێنبەربوونی ناوەکی و بە نزیکەیی سەرجەم ئەندامەکانی لەش تێکدەدەن، ڤایرۆسێکی تا بڵێی ترسناکە، بەڵام تەنیا بە بەرکەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کەسی تووشبوودا دەگوازرێتەوە.

## چۆن دەگوازرێتەوە؟

لە کەسێکەوە دەگوازرێتەوە بۆ کەسێکی دیکە لە ڕێگەی شلەی لەش، خوێن، پیسایی، ڕشانەوە، تۆوی پیاو، میز، ئارەقە، فرمێسک، هەروەها شیری دایکیش، کاتێک یەکێک لەو شلانە بچنە دەم، لووت، کۆئەندامی زاوزێ، یان شوختێکی پێست.

## نیشانەکانی

لە ماوەی 2 بۆ 21 ڕۆژ نیشانەکانی دەردەکەون، سەرەتا بە هەڵامەت دەستپێدەکات، لەرز و تای کتوپڕ، بێهێزی، ئازاری ماسولکەکان، سەرئێشە و قورگ ئێشە.

کاتێکیش نەخۆشییەکە خراپتر دەبێت، نیشانەکان دەگۆڕێن بۆ ڕشانەوە، سکچوون، خوێن هەڵهێنانەوە بێ ئەوەی برین هەبێت، خوێن لێهاتن لە پووک و چاو.



## ئیبۆلا لە کوێیە؟

ئەم ڤایرۆسە بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1974 دۆزرایەوە، سێ جار بڵاوبووەتەوە، بەڵام لە 2014 دا لە گینیا دەستی بە بڵاوبوونەوە کرد و دواتر بۆ سیرالیۆن و لیبریا و نەیجیریا پەڕییەوە، تا ئێستا نزیکەی پێنج هەزار کەسی کوشتووە و زیاتر لە 9 هەزار کەسیش تووشی هاتوون.

## چارەسەر یان دژە ڤایرۆسی ئیبۆلا هەیە؟

تا ئێستا چارەسەر یان دژی ئیبۆلا نییە، کە بتوانێت ڕێگا لە تووشبوونی خەڵک بگرێت، بەڵام چەندین دەرمان تاقیکراونەتەوە، زانایانیش سەرقاڵی لێکۆڵینەوەن دەربارەی ڤاکسینێکی نوێ، کە دەشی ببێتە ڕێگرتن لە تووشبوونی مرۆڤ، بەڵام هێشتا پێوستیان بە کاتی زیاترە.

## چارەسەر چییە؟

هیچ دەرمانێکی تایبەت بە ئیبۆلا نییە، بەڵام هەندێک شت دەکرێت بۆ کەسانی تووشبوو کە نیشانەکان لاواز دەکات، وەک پێدانی شلەمەنی بە بەردەوامی لە ڕێگای دەمارەوە، پێدانی ئۆکسجین، پاراستنی فشاری خوێن، چارەسەرکردنی هەر هەوکردنێکی دیکە کە هەبووبێت.

**چۆن خۆتی لێ دەپارێزی؟**

**گەشت بۆ ئەو وڵاتانە مەکە کە نەخۆشیەکەیان تێدا بڵاوبووەتەوە، لەوانە دووریکەوەرەوە کە تووشی نەخۆشییەکە هاتوون، خۆت لە ئاژەڵی کێوی بەدووریگرە، بە تایبەتی مەیمون و شەمشەمەکوێرە، زوو زوو دەستت بشۆ.**

# وریای بەکارهێنانی مایکرۆوەیڤ بن

رووداو- ئاژانسەکان

ژمارەیەکی زۆری خەڵک بۆ گەرمکردنەوەی خواردنەکانیان ئامێری مایکرۆوەیڤ بەکاردەهێنن، لەبەرئەوەی کاتێکی زۆریان بۆ دەگەڕێنێتەوە و هەروەها هەوڵدانێکی کەمتریشی دەوێت، بەڵام ئەو ئامێرە مەترسی تەندروستی بەدواوەیە.

ئامێری مایکرۆوەیڤ بە ڕێگایەکی خێرای گەرمکردنەوەی خۆراکی ڕۆژانە دادەنرێت، بەڵام بەردەوام ڕای جیاواز هەیە دەربارەی زیانە تەندروستییەکانی ئەو ئامێرە.

شارەزایان مەترسییەکانی ئامێری مایکرۆوەیڤیان دیاریکردووەو دەڵێن، نابێت بۆ گەرمکردنەوەی هەموو شتێک پەنا بۆ ئەو ئامێرە ببردرێت، گەرمکردنەوی هێلکە بە توێکڵەوە دەبێتە هۆی تەقینەوەی، هەروەها گەرمیی دەرچوو لە نێو مایکرۆوەیڤەوە کارلێک لەگەڵ بیبەری تیژ دەکات و ماددەیەکی لێ بەرهەم دێت کە چاو و ناوپۆشی قورگ دەسووتێنێ.

گەرمکردنەوەی خۆراک لە ئامێری مایکرۆوەڤدا دەبێتە هۆی لەدەستدانی توانا و نرخی خۆراکەکەش، هەروەها دەبێت خۆت بپارێزیت لە دەفری سەرداخراو، پێویستە پێشخستنە ناو ئامێرەکە سەرەکەی بکرێتەوە، جگە لەوەش، نابێت هیچ کەرەستەیەکی کانزایی وەک کەوچک لەگەڵ دەفری خۆراکدا بکرێتە ناو ئامێرەکەوە. دەفرە پلاستیکییەکانیش مەترسییان لەسەر تەندروستی دەبێت ئەگەر بخرێنە ناو مایکرۆوەیڤەوە، یان نابێت دەفری شووشەی سەرداخراو بە نایلۆن یان پلاستیک بەکاربهێنرێت، چونکە لە کاتی گەرمکردنەوەی خۆراکەکەدا، گەردیلەکانی پلاستیکەکە لەگەڵ خۆراکەکە کارلێک دەکەن، بەوەش دەبنە هۆکاری دروستکردنی چەندین نەخۆشی، لە پێشەنگی ئەو نەخۆشیانەشداشێرپەنجە.

شارەزایان هەروەها هۆشداریش دەدەن لە بەکارهێنانی دەفری کانزایی و ئەلەمنیۆم بۆ ئامادەکردن یان گەرمکردنەوەی خۆراک لە مایکرۆوەیڤدا، چونکە لەوانەیە ببێتە هۆی کەوتنەوەی ئاگر لە نێو ئامێرەکەدا.



# 38 نەخۆش بە ئەنقەست دەکوژی

رووداو- AP

لە ئیتاڵیا پەرستارێک دەستگیرکرا بە تۆمەتی کوشتنی چەندین کەس کە نەخۆشیی سەختیان هەبووە، لەکاتێکدا لەژێر چاودێریی ئەودابوون.

بە گوێرەی وتەی داواکاری گشتی، دانیێلا پۆگێلاتی کە لە نەخۆشخانەیەکی باکووری ئیتاڵیا پەرستار بووە، بەمەبەستی کوشتنیان بڕێکی ئێجگار زۆر کلۆریدی پۆتاسیۆمی بە دەرزی لە نەخۆشەکان داوە.

"بڕوامان وایە ئەو خاتوونە مەبەستی کوشتنی ئەو نەخۆشانە بووە کە هیوای چاکبوونەوەیان نەماوە، هەروەها ئەو نەخۆشانەش کە خزمەتێکی زۆریان دەوێت و دەبنە هۆی بێزارکردنی کەسوکارەکەیان". ئەلیساندرۆ مانتینی داواکاری گشتی وای گوت.

دوای ئەوەی ستافی تەندروستی نەخۆشخانەکە بۆیان دەرکەوت لەکاتی شەفتی دەوامی ئەو خاتوونەدا ڕێژەی مردنی نەخۆشەکان بەشێوەیەکی بەرچاو زۆر بووە، لێکۆڵینەوەیان دەستپێکرد.

بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی ناوچەکە گومانەکانی گەیاندە نووسینگەی داواکاری گشتی و ئەویش فەرمانی بە لێکۆڵینەوە لە کەیسەکە کرد.

لێکۆڵینەوەی پزیشکی دادوەری بۆ جەستەی یەکێک لە مردووەکان کە ژنێکی تەمەن 78 ساڵان بووە، دەریخست ماددەی کلۆریدی پۆتاسیۆم لە جەستەی ئەودا گەلێک بەرز بووە، بێ ئەوەی پزیشکەکان ئەو دەرزیەیان بۆ نووسیبێت.

دواتر دەرکەوت ئەو دەرزییە ڕاستەوخۆ بە دەمار و بەمەبەستی کوشتنی بۆ قوربانییەکە کراوە.

ئێستا لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوە دەکرێت ئایا سەرجەمی ئەو 38 مردنە گوماناویەی ڕوویانداوە تەنیا بەهۆی ئەو پەرستارەوە بوون یان نا.

لە باری ئاساییدا کلۆریدی پۆتاسیۆم دەکرێتە ئاوی دڵۆپێنراو یان جۆرە ئاوە پزیشکییەکانی دیکەوە و بەهێواشی دەچێتە جەستەی کەسەکە، خۆ ئەگەر ڕاستەوخۆ بە دەمار بۆی بکرێت، ئەوە کوشندەیە و دەبێتە هۆی وەستاندنی دڵ.

# جوڵاندنی خەڵک لە دژی کۆمپانیاکانی نەوت لە قازانجی کێیە؟



عومەر ئەحمەد

زۆر دیارە کۆمپانیاکانی نەوت عاشقی چاو و ئەبرۆی ئێمە نین، ئەوان عاشقی ئەو نەوتەن کە لەژێر خاکی کوردستاندایە. هەر لەبەرئەوەش ئەوان لە هەرێمی کوردستان بەدوای قازانجی خۆیان و بەرزکردنەوەی یەدەکی نەوتی خۆیاندا دەگەڕێن، بەڵام دۆزینەوەی نەوت بۆ هەرێمی کوردستانیش لەم قۆناغەی ئێستادا وەک شارەگی ئابووریی کوردستان ئەژمار دەکرێت و لەڕووی ئابووری و سیاسییەوە قازانجی زۆر بە هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت.

لەوەتای دەستکراوە بە کارەکانی دۆزینەوەو گەڕان لە دوای نەوت، تێبینی دەکرێ چەندین جار هاونیشتمانیان لەو شوێنانەی کە کۆمپانیاکانی نەوت کاردەکەن، بەهۆکاری جیاواز ناڕەزاییان دەربڕیوە. حکومەتی هەرێمی کوردستانیش تا ئێستا چەندین جار پێداچوونەوەی بە میکانیزمی قەرەبووکردنەوەی جوتیاران و دانیشتووانی گوندەکانی ناوچە نەوتییەکاندا کردووە، بەڵام دیارە ئەوە پرۆسەیەکە و بەردەوامیی هەیە و لەوانەشە هێشتا زۆر لە هاونیشتمانیان هەر ناڕازی بن.

جگە لە چەندین کۆمپانیا کە چەندساڵێکە هاتوونەتە هەرێمی کوردستان و گەیشتوونەتە نەوت و ئێستا سەرقاڵی بەهەمهێنانی نەوتن، زۆربەی کۆمپانیاکانی دیکە هێشتا خەریکی ئامادەسازیی لۆجستیکی و تەکنیکین و لە قۆناغی پێش دۆزینەوەی نەوتدان. کۆمپانیاکانی نەوت ناچارن تا ئەوکاتەی دەگەنە قۆناغی بەرهەمهێنانی نەوت لە پارەی خۆیان خەرج بکەن بەهیوای ئەوەی کە بە دەرهێنانی نەوت خەرجییەکانیان قەرەبوو بکەنەوەو قازانجیش بکەن.

هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی کاری کۆمپانیاکانی نەوت، چەندین کۆمەڵە و NGO لە هەرێمی وکردستان دروستبوون کە لە بەیاننامە و داواکاریەکانیاندا هەڵوێستی توند بەرامبەر بە کۆمپانیا نەوتییەکان وەردەگرن، ئەوەش بەزۆری لەو ناوچانەی کە هێشتا کۆمپانیاکان نەگەیشتوونەتە قۆناغی بەرهەمهێنانی نەوت و هێشتا لە گیرفانی خۆیان خەرج دەکەن.

وەکو کەسێک کە چاودێری کاروباری کۆمپانیاکانی نەوت و کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان دەکەم، تێبینیم کردووە لە درێژەی کارەکانیاندا، کۆمپانیاکانی نەوت ڕووبەڕووی زۆر کێشە و گرفت دەبنەوە، بەتایبەت لەلایەن هاونیشتمانیانی دانیشتووی ئەو گوندانەی کە نزیکن لە ناوچە نەوتییەکان. گومانی تێدا نییە هەر کارێک بکرێت بۆ باشکردنی ڕەوشی ژیانی هاونیشتمانیان لەو ناوچانەدا، هێشتا کەمە و ئەوان شیاوی زۆر لەوە زیاترن، بەڵام ئەگەر بە ئینسافەوە بڕوانینە داواکارییەکان، دەبینین زۆرێک لەو داواکارییانە هیچ لۆژیکێکیان تێدا نییە و زۆربەی داواکارییەکان نیازپاکییان پێوە دیار نییە و تەنیا لە قازانجی چەند کەسێکی ئاغاو خاوەن زەوی ئەو ناوچانەیە، جا ئەوەش هەر کەس و لایەن یان هەر حیزب و NGO یەکی لە پشت بێت. زۆر جێگای داخە کە لە هەندێ لە بلۆکە نەوتییەکان ئاستەنگی زۆر دەخرێتە بەردەم کاری کۆمپانیاکان بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە هەر هیچ نەبێ بەهۆی ئەو کۆمپانیایانە چەندین هەلی کاری جۆراوجۆر و هەلی بەڵێندەرایەتی و بازرگانی بۆ خەڵکی ئەو ناوچانە دەڕەخسێن.

زۆرجار ئەو کۆمەڵە و ڕێکخراوە ناحکومیانە بە پاساوی خەمخۆریی ژینگە و پاراستنی ژینگە دژی کۆمپانیاکانی نەوت دەوەستنەوە، ئەوە لە کاتێکدایە کە کۆمپانیا نەوتییەکان بەتایبەت ئەوانەی لە ئاستێکی نێودەوڵەتیدان و بە IOC ناسراون، ستانداردی ژینگەیی زۆر توندیان هەیە و خۆیان زۆر بە هەستیارییەوە لە ژینگە دەڕوانن و تەنازول لە پاراستنی ستانداردەکان ناکەن بۆئەوەی ناوبانگیان لەکەدار نەبێ، دیارە ئەوە بەو مانایە نییە کە ڕووداو و کارەساتی ژینگەیی ڕوونادات، بەتایبەت لەو ناوچە نەوتیانەی کە لە سنووری ناو دەریاکانن.

تەنانەت هەندێ لەو کۆمپانیایانە پێش ئەوەی دەست بە هەڵکۆڵین بکەن، لەڕێگەی بەڵێندەرەوە هەموو چەشنە گژو گیاو پەلەوەری ئەو ناوچەیە پۆلێن دەکەن بۆ ئەوەی پێناسە بکرێن و لە کاتی هەڵکۆڵینی بیری نەوت ئەو جۆرە بوونەوەرانە مەترسییان بۆ دروست نەبێت. هیچ نەبێ ئەو کۆمپانیایانە، بەتایبەت ئەوانەی نزیک لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان کاردەکەن، وەک کۆمپانیای گازپرۆم نەفتی ڕووسی، هیچ نەبێت بە ملیۆنان دۆلاریان خەرجی پاککردنەوەی ئەو ناوچانە لە مین و تەقەمەنی کردووە.

بەپێی گرێبەستی کۆمپانیاکانی نەوت لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو کۆمپانیایانە پابەندکراون بە گەیاندنی خزمەتگوازاری بەخەڵک و پاراستنی ژینگەی ئەو ناوچانە.

نەوت و گاز بۆ هەموو وڵاتانی جیهان چ بەکارهێنەر و چ بەرهەمهێنەر، گرینگییەکی چارەنووسسازی هەیە و هەردەم پەیوەستە بە ئاسایشی نیشتمانیی ئەو وڵاتانە، زۆر جێگەی داخە لەوکاتەی کوردستان پێویستی بە ڕاکێشانی سەرنجی کۆمپانیا و وەبەرهێنەری بیانیە لە بواری نەوتدا، بە بیانووی فریودەر و بە نیازی جۆراوجۆر، لایەن و خەڵکانێک هەن کە زۆر بە ئاسانی تەگەرە لەبەردەم کارەکانی هەڵکۆڵین و دۆزینەوەی نەوت دروست دەکەن وەک بڵێی لەم وڵاتەدا نە یاسا هەیە و نە حکومەتێک، بەتایبەت لەم ڕەوشە نوێیە ئەمنییەی کە بۆ کوردستان هاتووەتە ئاراوە، وەک بینیمان مانگی ئابی ڕابردوو زۆربەی کۆمپانیاکانی نەوت کارمەندانی خۆیان لەبەر هێرشەکانی داعش بۆ سەر کوردستان، کشاندەوە و کارەکانیان هەڵپەسارد.

کاری زۆر کراوە بۆئەوەی کۆمپانیا نەوتییە گەورەکانی وەک گازپرۆم و شێڤرۆن و ئەکسۆن مۆبیل و تۆتاڵ بهێنرێنە کوردستان، ئەوەش لەبەر قورسایی و سەنگی سیاسی و پێشکەوتوویی تەکنۆلۆجیای ئەو کۆمپانیایانە، زۆر حەیفە تەنیا بۆ مەرامێکی سیاسی زۆر بچووک و لەبەر ئەوەی کە ئازادیی ڕادەربڕین هەیە، ڕێگە بەهەموو جۆرە خۆپێشاندان و ناڕەزایی دەربڕینێک دەدرێت لە دژی کۆمپانیاکانی نەوت.

ئەو خەڵکانە ئەگەر خەمی ژینگەی کوردستانیانە، کاری زۆر هەیە بیکەن، تەنیا ئەوەندە بەسە سەردانێکی شوێنە گەشتیارییەکان بکەن تا بزانن ژینگەی کوردستان چۆن بە شێوازێکی نامرۆڤانە پیس دەکرێت و بە ناشارستانیترین شێواز پیس دەکرێت. ئەگەر ئەوان خەمی ژینگەیانە، با خەڵک فێربکەن چۆن ژینگەی کوردستان پاک و خاوێن ڕاگرن.

هاتنی کۆمپانیاکانی نەوت لەساڵی 2008 ەوە ئابووریی هەرێمی کوردستانی گەشاندووەتەوە، ئەوەش لەڕێی ئەو وەبەرهێنانە 20 ملیار دۆلارییەی کە تائێستا کردوویانە، هەرچەندە ئەوە سەرەتایە و بڕیاریشە تا چەند ساڵی داهاتوو زیاتر لە 50 ملیار دۆلار لەلایەن کۆمپانیاکانەوە بهێنرێتە هەرێمی کوردستان. ئەو سەرمایە زەبەلاحە دەتوانێت هەموو کەرتێکی ئابووریی هەرێمی کوردستان سەرتاپێ بگۆڕێت. لەوەتەی کۆمپانیاکانی نەوت هاتوونەتە هەرێمی کوردستان، داهاتی تاکەکەس بەپێی ئاماری وەزارەتی پلاندانان دوو بەرابەر بووە، هەربۆیە جێگای داخە، چەند لایەنێکی بەناو NGO بە مەرامی سیاسی و قازانجی بەرتەسکی تایبەت و کورتخایەن، هەرێمی کوردستان بکەنە شوێنێک کە کۆمپانیاکانی نەوت چیدی هەست بە ئارامی نەکەن و پەرە بە کەلتوورێک بدرێ کە دوورە لە بنەماکانی شارستانی و بیرۆکەی ستراتیژی و درێژخایەن. زۆر دیارە جوڵاندنی خەڵک لە دژی کۆمپانیاکانی نەوت لە کۆتاییدا هەر بە زیانی خەڵکی ئەو ناوچانە دەشکێتەوە و پێش هەموو کەس لە هەرێمی کوردستان ئەوان زەرەر دەکەن.

## لە هەر بەرمیلێک 30 دۆلار دابەزیوە

# دابەزینی نرخی نەوت وڵاتانی ئۆپێک شپرزە دەکات

ڕووداو - هەولێر

دابەزینی نرخی نەوت وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوتی ڕووبەڕووی کێشەی زۆر کردووەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەرپرسانی ئەو وڵاتانە بە لێدوانی جیاواز هەوڵی کەمڕەنگکردنەوەی کاریگەرییەکانی دابەزینی نرخی نەوت لەسەر ئابووریی وڵاتەکانیان دەدەن.

پاش ئەوەی نرخی نەوت لە لوتکەی نرخی خۆیەوە لە مانگی تەممووزی ئەمساڵ بەردەوام تا ئێستا ڕووی لە دابەزین کردووە، سەرکردەکان و بەرپرسانی دارایی وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت لە مۆسکۆ و کاراکاسەوە تا تاران و بەغدا هەوڵەکانیان چڕکردووەتەوە بۆ ئەوەی چارەسەرێک بۆ قەیرانی دابەزینی بەردەوامی نرخی نەوت بدۆزنەوە.

دابەزینی نرخی نەوت گوشاری زۆری بۆ وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت لە سەرتاسەری جیهان هێناوە و ئەو وڵاتانەی ڕووبەڕووی کورتهێنانی بودجە کردووەتەوە، بەجۆرێک مۆسکۆی ناچار بە کەمکردنەوەی خەرجییەکان کردووە و، لەبەر ئەو شەڕەی تووشی هاتووە، کێشەی ئەمنیی زۆر جددی بۆ عێراق دروستکردووە، بەو پێیەی کە حکومەتی بەغدا ناچارە تێچووی شەڕ دژی چەکدارانی داعش دابین بکات.

دابەزینی 25%ی نرخی نەوت لە ماوەی مانگی ڕابردوودا، وڵاتانی دژ بە سیاسەتەکانی ئەمریکا، وەک ڕووسیا و ڤەنزوێلا و ئێرانی ناچارکردووە کە لە داواکارییەکانیان کۆتا بێن و پاشەکشە لە هەڵوێستە توندەکانی جارانیان بکەن، لەکاتێکدا دابەزینی نرخی نەوت هەواڵێکی زۆر خۆشە بۆ وڵاتە گەشەکردووەکان، بەتایبەت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. نەوتی هەرزان دەتوانێت ببێتە مایەی گەشەپێدانی پیشەسازی لە وڵاتە پیشەسازییەکاندا و یارمەتی نۆژەنبوونەوەی ئابووریی ئەو وڵاتانە بدات.

سەرەڕای ئەوەی کە فلادیمێر پوتین بەردەوام هەوڵی بێ بایەخکردنی گەمارۆکانی ڕۆژئاوای داوە، بەڵام ئەمجارە لەبەر دابەزینی نرخی نەوت ڕایگەیاند کە ناچارە خەرجییەکانی وڵات کەمبکاتەوە. دابەزینی نرخی نەوت ئەوەندە ڕووسیای هەژاندووە کە تەنانەت بەڕێوەبەری کۆمپانیای حکومی ڕووسنەفت بە ئاشکرا سعودیەی تۆمەتبار کرد بەوەی لەگەڵ ئەمریکا بە نهێنی هەوڵی دابەزاندنی نرخی نەوتیان داوە، بۆ ئەوەی پشتی ڕووسیای پێ بشکێنن. هەروەها بە هەڵگیرساندنەوەی شەڕی سارد تۆمەتباری کردن.

لە کاتێکدا نرخی نەوتی برێنت لە مانگی تەممووزی ڕابردوودا گەیشتبووە سەرووی 115 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک، هەفتەی ڕابردوو بەرمیلێک نەوتی برێنت بە کەمتر لە 85 دۆلار مامەڵەی پێوەکرا، واتە لە هەر بەرمیلێک 30 دۆلار دابەزینی بەخۆیەوە بینیوە.

لە کورتمەودادا، وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت ڕووبەڕووی کورتهێنانی بەرچاوی بودجە دەبنەوە و پلەی ئەو کورتهێنانەش لە وڵاتێکی بەرهەمهێنەرەوە بۆ وڵاتێکی دیکە بەپێی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ئەو وڵاتانە دەگۆڕێت. وڵاتانی وەکو عێراق و ڤەنزوێلا کە بەشی هەرە زۆری بودجەکانیان (نزیکەی 95%) لە داهاتی نەوتەوە دابین دەکرێت، لە ڕیزی ئەو وڵاتە نەوتیانەن کە زۆرترین زیانیان بەردەکەوێت، لەبەر ئەوەشە حکومەتی ڤەنزوێلا هەفتەی ڕابردوو کۆبوونەوەیەکی بەپەلەی بۆ تاوتوێکردنی کاریگەرییە نەرێنییەکانی نرخی نەوت لەسەر ئەو وڵاتە گرێدا.

لە عێراق کە بۆ چەندین مانگە شەڕ لە دژی چەکدارانی داعش بەردەوامە و تێچووی ئەو شەڕە ڕۆژانە خۆی لە زیاتر لە 50 ملیۆن دۆلار دەدات، لەبەر دابەزینی لەرادەبەدەری نرخی نەوت ڕووبەڕووی کیشەی زۆر دەبێتەوە بۆ دابینکردنی تێچووەکانی ئەو شەڕە. هەرچەندە بەهۆی گەندەڵی و باش بەڕێوەنەبردنی ئەو وڵاتە لەلایەن بەرپرسانی عێراقییەوە، تەنانەت کاتێک کە نرخی نەوت لە لوتکەی خۆیدا بوو، هاووڵاتیان لە کەمترین خزمەتگوزارییەکان بێبەش بوون.

گومانی تێدا نییە کە عێراق وڵاتێکی شکستخواردووە و لە چەندین ساڵی ڕابردوودا سیاسەتی چەوتی عێراقییەکان ئەو وڵاتەی تا لێواری داڕووخان و دابەشبوون بردووە، بەڵام بە دابەزینی نرخی نەوت کێشە و گرفتە داراییەکانی حکومەتی عێراق زیاتر زەق دەبنەوەو بەرۆکی ئەو وڵاتە بەرنادەن، بەتایبەت لەم کاتەدا کە ئاسۆی هێمنی و سەقامگیری لەو وڵاتە پێدەچێ بۆ چەندین ساڵی دیکە بەدیارنەکەوێت.

تا ئێستا هیچ هێمایەک دیار نییە کە سعودیە لە کۆبوونەوەی مانگی داهاتووی ڕێکخراوی ئۆپێکدا ڕەزامەندی لەسەر کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت دەربڕێت، لەبەر ئەوەشە هەر لە ئێستاوە ئەو وڵاتە تۆمەتبار دەکرێ بەوەی کە بۆ ئەوەی چۆک بە نەیارەکانی وەک ڕووسیا و ئێران دابدات، بە ئەنقەست لەڕێی بەرزکردنەوەی بڕی بەرهەمهێنانی نەوت ڕێگەی بە دابەزینی نرخی نەوت داوە.

زۆر لە وڵاتانی نەوتی لە داڕشتنی بودجەکانیاندا نرخی نەوتیان لە دەورووبەری 100 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک داناوە، بەراورد بە نرخی نەوتی ئۆپێک لە ئێستادا کە بەرەو 80 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک دەڕوات، خۆی لە خۆیدا کورتهێنانی بودجەی وڵاتانی بەرهەمهێنەری بە ڕێژەی 20% بەدواوە دێت، بەتایبەت ئەو وڵاتانەی بەزۆری پشتیان بە داهاتی نەوت بەستووە. زۆر ئاشکرایە لە کۆبوونەوەی مانگی نۆڤەمبەری ئۆپێک زۆر لە وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت هاواریان بەرزدەبێتەوە بەوەی کە ناتوانن بەو نرخی نەوتە زیندوو بمێننەوە و بە ناچار دەبێت چاوەڕێی کەرەمی سعودیە بن.



# حیزبی دیموکرات و ڕۆژهەڵات تەوەرەیی



ناسر باباخانی

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان بڕیاری داوە (ڕۆژهەڵات تەوەرەیی وەک ئەولەویەتی خەبات) دیاری بکات. ئەم بڕیارە سەرنجڕاکێش و سەرسوڕهێنەرە، لە ناخی خۆیدا هەڵگری چەشنێ ڕەخنەی نێو گوتاری (نقد درون گفتمانی) بوو، واتە بە باوەڕی من حیزبی دیموکراتی کوردستان بوێرانە دەیەوێ چەشنێ سەربەخۆیی تیۆریک و کرداری لە گوتاری بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات دەستەبەر بکات و بە خەڵکی ڕۆژهەڵات و سەرجەم حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان بڵێت کە نابێ گوتاری ڕۆژهەڵات چیدی پاشکۆی گوتاری باشوور یان گوتاری باکوور بێ و ناکرێ ئەم گوتارانە ئەڵتەرناتیڤێکی شیاو بن بۆ ڕۆژهەڵات.

قۆناغی ساڵانی 1980- 1990، واتە سەردەمی د.قاسملوو، بێگومان درەوشاوەترین قۆناغی خەبات بوو، گوتاری ئەو قۆناغە گوتارێکی زاڵ بوو کە بەهۆی سەرکردەیەکی کاریزمی وەک دکتۆر قاسملوو، وردەگوتارەکانی دیکەی خستبووە پەراوێزەوە، گوتارێکی ئارمانخوازانە کە بەشێوەیەکی بەرهەست و نابەرهەست خەباتی شاخ و شاری لێک گرێدابوو. پاش نەمانی دکتۆر قاسملوو، دیسان بەهۆی حزووری پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات لەسەر خاکی کوردستان و بوونی ڕێبەرێکی لێهاتووی وەک دکتۆر شەرەفکەندی خەباتی چەکداری هەر هەبوو. بەڵام لەپاش نەمانی ئەم دوو ڕێبەرە کاریزمایە و هەندێ هۆکاری دیکە و هەروەها سازبوونی هەرێمی کوردستان لە باشوور، دەست و پێی ئەم هێزە سیاسییە بە تەواوی دەبەسترێ و ماوەیەکی نێزیک بە 20 ساڵ قرمەی چەکی پێشمەرگە دەوەستێ و بە گشتی چالاکی سیاسی لە جدیەت دەکەوێ و لەسەر بەستێنی عەینی، واتە خاکی کوردستان و لەناو خەڵکدا نامێنێ. هەربۆیە بۆشاییەک لەسەر ئاستی گوتار پێکدێ و ئەم بۆشاییەش بەهۆی دوو گوتاری سەرەکی دیکە پڕدەبێتەوە:

گوتاری باکوور سەرەتا بە دروشمە بریقەدار و شاعیرانەکەی، واتە کوردستانی گەورە بە شێوەیەکی ڕووکەشیانە و ئاوێتەی هەست توانی بۆ ماوەیەکی کورتخایەن لەسەر کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات و حیزبەکانیش کاریگەری هەبێ، تەنانەت وەک نموونەیەکی عەینی، فڵان حیزب بەرگی پێشمەرگەکانی ڕێک وەک بەرگی گەریلای باکوور لێدەکات بۆئەوەی لە شەپۆلەکە دوانەکەوێ و تیپۆلۆژی ڕواڵەتیشی بەرەو ئەم گوتارە بئاژوێ. بەڵام ئەم گوتارە گشتگیرە دواجار بایدایەوە سەر قەناعەتی خۆسەریی دیموکراتیک!

لە 2003 بەملاوە و دوای پەسەندکردنی فیدرالیزم لە عێراق، ئەوە گوتاری باشوورە کە جێ بە گوتاری باکوور لێژ دەکات، تا هەنووکەش چاوەڕوانیی هێزە ڕۆژهەڵاتییەکان بۆ گوتارێکی هاوچەشنی باشوور بۆ ڕۆژهەڵات هەر درێژەی هەیە، کەچی ئەم چاوەڕوانییە جگە لە دەستەوەستانی، شکانی کەرامەتی تاکی ڕۆژهەڵات و خەسیوی، هیچ ئاکامێکی دیکەی لێنەکەوتووەتەوە، چونکە لەڕاستیدا پێکهاتەی نەتەوەیی، جوگرافیای سیاسی و سروشتی، دەسەڵاتی زاڵ لە وڵاتی ئێران لەگەڵ عێراق بە گشتی جیاوازە و ناکرێ بە پێودانگی باشوور لە کێشەکانی ڕۆژهەڵات بڕوانین.

دیارە حاشا لەوە ناکرێ کە ئەزموونی هەرێمی کوردستان لە باشوور، بەرەوپێشچوونی پێڤاژۆی ئاشتی لە باکوور و سازبوونی کانتۆنەکانی ڕۆژئاوا، لەسەر پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کارتێکەریەکی ئەرێنییان هەبووە، بەڵام بەگشتی کێشەی کورد دەبێ لە هەر پارچەیەکدا لەسەر بنەما و چوارچێوەی ئەو وڵاتەی کوردی تێدا دەژی ڕێکاری بۆ بدۆزرێتەوە.

ئەوەی لەم بڕیارەی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەردەکەوێ، ئەوەیە کە دەبێ ڕۆژهەڵات گوتاری خۆی نوێژەن بکاتەوە. گوتارێک کە بە تەعبیری د.خەدیو بتوانێ خەباتی شاخ و شار لێک گرێ بدا و ببێتە هۆی دەست لە دەست کردنی چیا و شەقام و زیندان، ئەمانە نیشانەی پشکوتنی بەهاری کوردە. بەڵام ڕەنگە پرسیارێک لێرەدا قوت ببێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە چۆن دەکرێ لەژێر دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری وەک کۆماری ئیسلامیدا ئەم خەباتە لێک گرێ بدرێ؟ لەلایەکی دیکەوە بە داخەوە چەشنی پەیوەندییەکانی سەرجەم حیزبەکانی باشوور، باکوور و ڕۆژئاوا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکە کە ئەوەندەی ڕۆژهەڵات بەدەم خەم و ئازارەکانی ئەم بەشانەوەیە، ئەوان لەهەمبەر بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات یان بێدەنگن یان زۆر جاران بەربەستن.

کەوابوو بەم هەموو کۆسپەوە دەبێ میکانیزمەکانی ئەم پرۆسەیە چۆن بێ؟ خۆ ئەوە حاشاهەڵنەگرە کە بەراورد بە سەرەتای هەشتاکان گوتاری ڕۆژهەڵات زاڵترین گوتاری هەر چوار پارچە بوو، گوتارێک کە بەتەواوی میراتگری گوتاری سەردەمی کۆماری کوردستان بوو، گوتارێکی ناسیۆنالیستی لەسەر چەند بنەمایەکی سۆسیالیستی، کە سەیری کلیل وشەکانی ئەم گوتارە دەکەی وەک: کۆمار، ئاڵا، سروودی نەتەوەیی، پێشمەرگە، شەهید، نیشتمان، وڵات، ئەندام، ئێستاشی لەگەڵدا بێ گوتاری پارچەکانی دیکەی کوردستان هەر وامداری گوتاری کۆمارن.

تەنیا ڕێکارێک کە دەتوانێ حیزبی دیموکراتی کوردستان بیگرێتە بەر، گەڕانەوەیە بۆ گوتاری نەتەوەیی سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران، ئەمەش مسۆگەر نابێ مەگەر بە سووکە ئاوڕێک بۆ سەر قەندیل! لە هەمان کاتیشدا سەرکردایەتی سیاسی کورد دەبێ لە چالاکی جدی و بە کردەوە لە دەرەوە واتە ئەورووپا و ئەمریکا غافڵ نەبێ. لەلایەکی دیکەوە ئەرکی ڕووناکبیرانی ناوخۆ و چالاکڤانانی مەدەنی دەبێ لە ڕاستای پێکهێنانی ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بێت کە بە خۆشییەوە ئەم پۆتانسییلەش لە ناوخۆی وڵاتدا هەیە. دیارە چالاکی حیزبێکی سیاسی کردەیەکی سیاسییە و جەماوەری و ئاکامخوازە، بەم مانایە کە دەیەوێ دواجار لە پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسیدا بەشدار بێت، بەڵام کردەی مەدەنی، چالاکییەکی شارۆمەندی و مافخوازانەیە کە بۆی هەیە هەموو تاکێکی کۆمەڵ حەولی مسۆگەرکردنی ئەم مافانە بدات، ئێستا کە دەرەتانی کردەی سیاسی بۆ ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە ناوخۆی وڵاتدا نییە، کردەی مەدنی لە ناوخۆدا دەتوانێ قەرەبووی ئەم بۆشاییە بکاتەوە، ئەم خرۆشە لە شار و ئەو جووڵەیە لە شاخ، سەرەتایەکی شیاوە بۆ نوێژەنکردنەوەی گوتاری ڕۆژهەڵات.

# هەموو ڕێگاکان دەچنەوە بۆ بارزان



کاوە ئەمین

لە دوای داگیرکردنی مووسڵ لەلایەن داعشەوە، هەلومەرجێکی نوێ سەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بگرە جیهانیشی گرتەوە. داعش لە زۆر ڕووەوە شرۆڤەی بۆ کرا: "داعش کوردی یەکخست، داعش مادەی 140ی جێبەجێکرد، داعش سواری تەوژمی سوننەگەرایی بووە و زۆری دیکە". بە دیوەکەی دیکەدا، داعش بووە بەو دەعەجانییە ترسناکەی هیچ سنوورێک ناناسێت و دووبارەکردنەوەی هێرشی مەغۆلەکانە کە تەڕ و وشک، هەرچییەک بێتە سەر ڕێگایان دەیسووتێنن، سەیرەکە لەوەدایە کە دۆزەخی تیرۆری داعش پاساوی دینییان بۆ دەهێنرێتەوە، ئیدی ئەوەی لەگەڵ ئەوان نەبێت کافرە و کافریش بەگوێرەی دەقە ئاینییەکان تەنیا لەڕێگای جیهادەوە لە ڕەگوڕیشە دەردەهێنرێت، ئەمەش خراپترین جۆری تیرۆر و بیرکردنەوەیە و تەنانەت لادانە لە نرخ و بەها مرۆیی و دینییەکان، چونکە هیچ ئاین و هیچ ئایدۆلۆژیایەک ناتوانێت بچێتە بەرەی ئەوانەوە، تەنیا ڕێگا لای ئەوان کوشتنە، هیچ دەستێک ناتوانێت دەستبخاتە ناو دەستی داعشەوە، یان تەسلیمبوون و ریسوایی و ژیان بە زەلیلی و دواجاریش لە هەر ئانوساتێکدا بۆ پاککردنەوەیان، کۆکوژییە. ئەوەی داعش بەرامبەر ئێزیدییەکانی شنگال کردیان باشترین نموونەیە کە بە ئاشکرا جاڕی قڕکردنیان درا و ئەوانەشی بەناچاری چوونە سەر دینەکەی ئەوان، دوای سووکایەتی و تەجاوەز بە ژن و منداڵیان، کۆکوژکران و ژنەکانیشیان لە بازاڕەکاندا وەکو کاڵا هەڕاج کران. ئێستا داعش لە پراکتیکدا هەموو هێزی خۆی بۆ لەناوبردنی کورد بەبێ جیاوازی خستووەتە گەڕ. ڕاستە لەسەرەتادا هەندێک سەرکەوتنیان بەدەستهێنا و بە داخەوە هەندێک کورد بۆ بەرژەوەندی سیاسەتی ڕۆژ، بە سەرکەوتنەکانی داعش شاگەشکە بوون، بەڵام زۆری نەخایاند مەکینەی جەنگی داعش کەوتە هارینی هەموو کەڤەرێک کە بۆنی کوردی لێدێت.

ڕاستە شکستی شنگال بە پلەی یەکەم دەکەوێتە ئەستۆی هەندێک لە بەرپرسەکانی پارتی لەو ناوچەیە کە هیچ حسابێکیان بۆ توانا و ڕق و کینەی داعش بەرامبەر کورد نەکردبوو، تەنانەت خەڵکانێک زۆر دڵڕەقانە تا ئەو سنوورەش ڕۆیشتن کە گوایە پارتی شنگالی "فرۆشتووە" و دەیانویست بەو قسانەیان بەڕەی سیاسی و سەربازی و ئابووری لەژێر پێی پارتی دەربێنن. ڕاستە حکومەتی کوردستان لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا و بڕواهێنان بەو دەوڵەتە، خۆشباوەڕانە معامەلەی کرد و تورکیا نەک بەهانای کوردەوە نەهات، بەڵکو ئەوەتا بە بەرچاویانەوە شاری کۆبانێ خەڵتانی خوێن دەکرێت، تەنانەت بێلایەنانە مامەڵە ناکەن و لەسەر داعش دەکەنەوە، دیارە کوردی باکووریش لەو هاوکێشەیە بەدوورنین، چونکە ئەوانیش ئەوە بۆ دووساڵ دەچێت هەموو هیوایەکی خۆیان بە پرۆسەی ئاشتییەوە بەستووە کە تا ئێستا نەک هیچی لێ شین نەبووە، بەڵکو تازە بە تازە تورکیا، پەکەکە بە داعش دەچوێنن، ئەو داعشەش نا کە خۆیان هاوکاری دەکەن.

بەبڕوای من ئەوەی کە لەم هاوکێشەیەدا توانی بەپلەی یەکەم بەرژەوەندییەکانی کورد تاڕادەیەک بپارێزێت، سەرۆک مەسعود بارزانی بوو کە توانی بەهەرشێوەیەک بێت دەیان زلهێزی دنیا، بە ئەمریکاشەوە بێنێتە سەر خەت و ڕاستەوخۆ پشتیوانی لە کورد بکەن بە هەردوو دیوی سنووردا، گومانی تێدا نییە ئەگەر بارزانی نەبوایە هێزەکانی هاوپەیمانان بە هانای (کۆبانێ)وە نەدەچوون، ڕاستە ئەو بەرگرییەی کە شەڕڤانانی کورد لە کۆبانێ دەیکەن مەگەر خەڵکی لینینگراد کردبێتیان، بەڵام لێدانی هێزە ئاسمانییەکانی هاوپەیمانان نەبوایە لە ڕەوشێکی وەهادا کە هیچ هاوکارییەک نەدەگەیشتە ئەو شارە، نەدەتوانرا تەنیا بە هێزی مرۆیی بێچەک لەبەرانبەر هێزێکی پڕچەک و دڕندەی وەک داعشدا بەبەردەوامی بپارێزرێت، دیارە ئێستاش مەترسی لەسەر ئەو شارە نەڕەویوەتەوە. بۆیە دەوری سەرۆک مەسعود بارزانی نەک جێگای ڕێز و ستایشە، بەڵکو دەبێت لەم قۆناغەدا شانازی پێوەبکرێت. زۆر لە دەمەڕاشەکانی بەر سپلێت و پشتی کۆمپیوتەرەکان هەوڵیاندا وێنەیەکی دیکەی بارزانی بە خەڵک نیشان بدەن، بەڵام کاتێک کاک ساڵح موسلیم لە دهۆک گوتی "هەولێر و کۆبانێ بۆ کاک مەسعود یەک شتن و ئەوەی لەدەستی هاتبێت بۆ کۆبانێ کردوویەتی"، ئیدی دیوارۆچکەی ئەو شێرەبەفرینانە بەجارێک داڕما کە لە خەجاڵەتی زیاتر هیچیان بۆ نامێنێتەوە.

خاڵێکی دیکە کە بە بەردەوامی مەسعود بارزانی لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا جەختی لەسەر کردووەتەوە، یەکێتی نێوان هێزەکانی ڕۆژئاوایە، ئەگەر ڕێککەوتنی هەولێر سەری بگرتایە، ڕەنگە هیچکام لە ڕووداوەکانی شنگال و کۆبانێ ڕوویان نەدایە یان بەو بەربڵاوییە نەبووایە، چونکە ڕێککەوتنی ئەو لایەنانە، ناڕاستەوخۆ یەکسانە بە ڕێککەوتنی پارتی کرێکارانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان. کۆمەڵێک زڕە نووسەر پاساوی ئەوەیان دەهێنایەوە کە پارتی ئەجێندای خۆی هەیە لە ڕۆژئاوا، بەڵام کەس باسی ئەجێندای پەکەکە ناکات لەو پارچەیەدا، گومانی تێدا نییە کە هەژموونی سەرۆک ئاپۆ و ژەنەراڵ مستەفا بارزانی بەسەر ئەو پارچەیەوە وەکو ڕۆژی ڕوون دیارە. لە نامەی ئەو کچە قارەمانەی کە لە کۆبانێوە، پێش شەهیدبوونی بۆ دایکی نووسیوە دەڵێت:" لەماڵێکداین، لایەکی بە تۆپەکانی داعش ڕووخاوە، ئەو ژوورەی منی تێدام، وێنەیەکی مەلا مستەفا و قازی محەممەدی تێدا هەڵواسراوە". دەبێت وێنەی ژەنەراڵ مستەفا بارزانی لە چەند ماڵدا هەڵواسرابێت؟ ئیدی کاتی ئەوە نەهاتووە میرە شرۆڤەکارەکانی سەر شاشەکان کە لە سنووری گەڕەکەکانی خۆیان نەچوونە دەرەوە و تەنیا قسەی زل دەزانن، گۆڤار و ڕۆژنامەکانیان سنووری گەڕەکەکانی خۆیان نابەزێنن، بۆ ساتێک لەبەردەم ئەو وێنانە و ئارەقەی ناوچەوانی شەڕڤانان و پێشمەرگەدا شەرمەزاری دایانبگرێت؟

بەڵێ بارزانی دەرگای سنووری پەیوەندییەکانی بەڕووی کورددا کردووەتەوە، ڕاستە وڵاتان بەرژەوەندییەکانی خۆیان مەبەستە، بەڵام ئەمجارە بەرژەوەندیەکانی کوردیش هاوتەریبە لەگەڵیان، ئەگەر داعش سەربکەوێت بەسەر هەموو مرۆڤایەتیدا سەردەکەوێت کە کوردیش بەشێکە لێی، ئەگەر دنیایش سەربکەوێ، بێشک، بەرخۆدانی کۆبانێ و هەوڵەکانی بارزانی بۆ تێکشکانی تیرۆریستان لە ناو ئەستێرە درەوشاوەکاندا دەدرەوشێنەوە، ئەوەش بەوپەڕی قەناعەتەوە دەڵێم. دەزانم خەڵکانێکی بێئیش و بێکار و ترسنۆک، نان و پیڤاز بەو قسانەی منەوە دەخۆن، لە ئێستاوە نۆشی گیانیان بێت، چونکە لای من، ڕاستیەکان و کوردایەتی لەسەرووی هەموو شتێکەوەن.

# ژن.. سەنگەر و ئێکسیوار



غیاسەدین نەقشبەندی

پێموایە پەیوەندیی نێوان ژن و پیاو زۆر لەوە ئاڵۆزترە بەلایەنی کەم پیاو بتوانێت تێشیبگات. هەموو تەمەنمان بەسەردەبەین لە هەوڵی تێگەیشتن لە ژن، لەکۆتاییدا بۆمان دەردەکەوێ کە هیچمان لێ نەزانیوە، ئەوەش بێگومان بۆ پێشکەوتن و ئاڵۆزیی ژن دەگەڕێتەوە. ژن زۆر ئاڵۆزە، بەڵام ئاڵۆزییەکەی هەڕەمەکی نییە، بەڵکو ئاڵۆزیەکی ڕێکخراو و سیستەماتیکە کە بەخۆڕسک پەیڕەوپرۆگرامی بۆ داڕێژراوە و بەسیستەماتیک بەڕێوەدەچێت. من بەقەناعەتێکی چەسپاوەوە دەزانم کە ژن لەپیاو ژیرتر و دووربینتر و بەسۆزتر و بەهێزترە، بەکورتی بەهەموو شێوەیەک لەپیاو پێشکەوتووترە، جیاوازییەکەی لەگەڵ پیاو وەکو تەلەفزیۆنی ئێچ دی و تەلەفزیۆنی ڕەشوسپی لامپە کۆنەکانە، بێگومان ژن ئێچ دییەکەیە.

بزووتنەوەکانی مافی ئافرەت دیرۆکێکی خوێناوی و پڕ لە مەینەتییان هەبووە و ئاینەکانیش بەتایبەت ئیسلام زیاتر ئەو جموجۆڵانەی کپ کردووە و نەیهێشتووە ئافرەت تەنانەت بیریش لە ڕزگاربوون بکاتەوە، چونکە بە گوێرەی دیدی خۆیان خوا هەموو مافێکی پێ بەخشیوە و لەوە زیاتر ناتوانێت مافی هەبێت، یان بیر لەمافێکی تر بکاتەوە، چونکە بەشداریکردن لە جەنگ و لەکارکردن نەخشەیەکی نوێ بۆ مافەکانی دەکێشێت و ئەگەر ژن شانبەشانی پیاو لەیەک سەنگەردا جەنگی، جارێکیتر پیاو ناتوانێت مافەکانی پێشێل بکات.

کاتێک ڕۆژانە گوێم لە هەواڵی ژنی کۆبانێ دەبێت و هەواڵی ئازایەتی و نەبەردییان دەبیستم، شەرمێکی گەورە دامدەگرێت، چونکە زۆربەی ژنانی باشوور خەریکی بوتیک و ڕێجیم و نەشتەرگەریی کوسماتیک و زێڕ و خشڵ و پۆشاکن، کراسی بە پوولەکە لە هەستی نیشتیمانی گرنگتری لێهاتووە و مکیاجی مارکە لەکێشەی نەتەوەیی گرنگتری لێهاتووە، گۆڕینی پەردە و تاقم قەنەفە و ئۆتومبێل لەپێشترە لە هەستکردن بە نیشتیمان و هاونەتەوە، نەمانی بەهاو ئاکاری نیشتیمانی لای پیاوی باشوور کاریکردووەتە سەر ئەوانیش، ئەوانیشمان والێکردووە تەنها بەدوای شتی پووچدا بگەڕێن و کێشە سەرەکییەکان تووڕهەڵدەن، دوای لەدەستدانی ڕەسەنایەتی و بێگەردیی ژنی کورد، کە پێموایە لەباشوور دۆڕاندوویانە، چونکە لە خێڵەوە یەکسەر بۆ مۆدێلە سەقەتەکانی دوبەی و تورکیا و لوبنان بەپارەیەکی زۆرەوە تێی بەربوون و لەئەنجامدا هەردووکیان لەدەستدا.

هاتنی ئیسلام بۆ ڕزگاربوونی ئافرەتی عەرەب کە پێش ئیسلام لەژێرخاک نراون و بەردبارانکراون، شۆڕشێکی مەزن بوو، چونکە ژنی عەرەب وەک کەلوپەل و مەڕو ماڵات ئاڵوگۆڕیان پێکراوە، ژن لای عەرەب شەرم و ئابڕووچوون بووە، بۆیە ئیسلام لەزۆر لەو شتانە ڕزگاری کرد، بەڵام بۆ هەموو ژنێک وا نەبووە، چونکە ژنی کورد بەر لە ئیسلامیش ئازاد و خاوەن بڕیار بووە و هەمیشە لەبەرەکانی جەنگ و لە کێڵگە و لەماڵ و لە هەموو بوارەکاندا شانبەشانی پیاو بووە ئەگەر لەپێشتر نەبووبێت، بەڵگەش بۆ ئەو بۆچوونە: لەکوردەواریدا هەتا چەند ساڵێکیش بەرلەئێستا دەرگای لە ڕێبوار دەکردەوە و خزمەتی دەکرد و لەناو میوان دادەنیشت ئەگەر پیاویشی لەماڵ نەبایە، واتە شوورەیی و شەرم نەبووە، هەمیشە جێگای شانازی بووە بۆ مێرد و برا و کوڕی خۆی و زۆرجاریش منداڵەکان بەناوی دایک بانگکراون بەبێ ئەوەی جێگای شەرم بووبێت.

ژنی کورد ئازاد بووە، لەناو کۆمەڵگایەکی فیودالی خێڵەکی، پێشمەرگایەتی کردووە و چەکی هەڵگرتووە، بەڵام بەهەڵەچوونی کۆمەڵگای کوردەواری بەرەو بۆرژوایەکی سەقەت و نەبوونی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و لەناکاو گۆڕینی کۆمەڵگا و پەیدابوونی چینی نوێ بەها و ئاکاری نوێی لەگەڵ خۆی هێناوە، لە ژنی خێڵەکییەوە بۆ شارستانێکی نابورژوا ژنی نەخوێندەوار و مێشک ئیفلیجی دروستکردووە، ژنەکانمان لە ئەڵقەیەکی بۆشدا دەسووڕێنەوە و لەژیار و پێشکەوتن تەنها توێکڵەکەیان بەرکەوتووە و خەریکی ئێکسیسواراتی مایەپووچن و هیچی دیکە، وەک ئەوەی بڵێی شۆڕشمان تەواوبووە و خاوەنی دەوڵەتی خۆمانین! ئەوەش مەترسییەکی یەکجار مەزن دێنێتە پێشمان، ئەوجۆرە ژنانە چ نەوەیەک بەخێو دەکەن و چ منداڵێک پەروەردە دەکەن؟ لەکاتێکدا دەبینین لە ڕۆژئاڤا و لەباکوور ژن هێشتان وەکو جاران ڕۆڵی شۆڕشگێرانەی خۆی دەبینێت و نەوەکانی داهاتووش لەسەر ئەو بەها و ئاکارانە پەروەردە دەکات. ئەوەی ئەوڕۆ لە کۆبانێ و شارەکانی دیکەی کوردستان دەیبینین، نیشاندەدات ژنی کورد و بەگەواهی میللەتە پێشکەوتووەکانی جیهان نیشانەی ڕێز و سەربەرزییە کە شۆڕشێک لەگەڵ پیاو بەڕێوەدەبات، بۆیە دەبێتە خاوەن ماف، چونکە ئەویش شۆڕشەکەی کردووە، ژنەکانی ئێمەش -زۆربەیان- سیسرکەیەک لە ماڵەکە ببینێت ماڵەکەی بەمێردی دەگۆڕێت، هانی دەدات گەندەڵی بکات و بەڕێگای ناشەرعی پارە پەیدا بکات بۆ ئەوەی زیاتر پەیدابکات و هەموو پێداویستەکانی پڕبکاتەوە، بێگومان ئەو جۆرە ژنانە بۆیان نییە باسی ماف و یەکسانی بکەن، تەنها بەرهەمخۆرێکی کۆیلەی کڕین دەمێنێتەوە و دەبێ لەپێناو بەدەستهێنانی ئەو هەموو دەسکەوتە چاو لە دڕایەتی و نادادپەروەریی پیاو بنوقێنێ و وەکو هەر بەندەیەک ژیان بباتە سەر، بێگومان ژنی بەندەش منداڵی ئازاد بەرهەمناهێنن.

ئەگەر کچ لە باکوور و ڕۆژهەڵات بەدوای کوڕی شەڕڤان و وڵاتپارێز و نەتەوەدۆستدا بگەڕێت، ئەوە بێگومان کچەکانی باشوور -زۆربەیان- بەدوای گەندەڵێکی گەلحۆی پڕ پارەدا دەگەڕێن، کە بتوانێت بیباتە لوبنان و دوبەی و وەکو مانگای قوربانی پڕ خشڵ و زێڕی بکات و بەدەفتەر پارەی بۆ خەرج بکات وەک نرخێک بۆ ئازادییەکەی.

وەک ئەرکێکی نەتەوەیی، دەبێ ڕێکخراوەکانی ژنان و کۆمەڵگای سڤیل کار و بەرنامە و لێکۆڵینەوەیەکی زۆر بکەن بۆ ئەوەی ئافرەتی باشووریش خەسڵەت و پەسەنە بێگەردەکانی ژنی کوردی ڕەسەن لەدەست نەدەن، چونکە تەنها ژنە نەوەی داهاتوو بەخێودەکات و ئێمەش جارێ کارێکی زۆرمان بە نەوەی داهاتوو ماوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بێ گوناە نییە لەو کێشە گەورەیە، جارێ ناوی ژن و ئافرەت یەکلانەکراوەتەوە و بەدەیان ڕێکخراوی پووچەڵی بێ مایە داندراون و تەنانەت وەزارەتیش بەناوی ژنان دامەزرا، بەڵام هیچیان کاری بنەڕەتییان لەسەر ئافرەت نەکردووە و نەیانتوانیوە ژن لە کەڤاڵی چەوساوە بەرەو هەستی شۆڕشگێڕی دەربێنن، بەڵکو زۆربەی هەوڵەکانیان لەسەر توندوتیژی و ئازادی بەڕووکەش بووە، تەنها بۆ خۆهەڵکێشانە لەبەرامبەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، نە حکومەت و نە ڕێکخراوە ناحکومییەکان نەیانتوانیوە ژن وەکو تاکێکی ئازاد ببینن و هەمیشە خەریکی ڕووکەش بوونە و کاریان لەسەر کێشە بنەڕەتیەکان نەکردووە.

کۆتایی: ئەگەر پیاو بەهاو ئاکاری لەدەستدا، خۆی دەڕووخێت، بەڵام ئەگەر ژن بەهاو ئاکاری لەدەستدا، کۆمەڵگایەک ، وڵاتێک، نەتەوەیەک دەڕووخێنێ.



گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net

# بەهمەن و رووداو

سەلماندنی ئەوەی نزیکەی هەموو راگەیاندنی کوردی لە کاردانەوەدا هەرزەکار و لە لێکدانەوەدا کەمئاستە، کارێکی قورس نییە، ئاخر کاردانەوەی هەندێ نووسەر و رۆژنامەنووسی کەناڵ و بڵاوکراوە لۆکاڵیەکانی کوردستان لە پاش بەرنامەکەی هاوکارم هیوا جەمال لەگەڵ بەهمەنی قوبادی، دروست ئەو هەرزەکارییەی سەلماند.


تۆ لەوە گەڕێ عەوامی فەیسبووکنشین و بێسەوادی نەخوێندەوار، لە بەرامبەر بێ نەزاکەتیی بەهمەنی قوبادی لە بەرنامەکەدا کەوتنە هەلهەلەلێدان و فیکەکێشان گوایە بەهمەنی قوبادی باشی بە رووداو کردووە! سەیر ئەوەبوو هەندێ رۆژنامەنووسی لۆکاڵییش، بەهەمان ریتمی بینەری گرتەی رووت لە سینەماکانی جاران، کەوتنە فیکەلێدان و هووهاکێشان.

راگەیاندنی لۆکاڵیی کوردستان کە رۆژانە بێ سڵەمینەوەو بێ بەڵگە دەکەونە بەشینەوەی تۆمەت و هەتککردنی ژیانی خەڵک، ئەوەندەی بەشانوباڵی بێ نەزاکەتییەکانی بەهمەنی قوبادییان هەڵدا، نیو ئەوەندە نەیانپرسی ئەرێ وەڵامی ئەوەی نزیکەی ملیۆنێک دۆلار چی بەسەرهاتووە کوا؟ ئەوە کوان ئەو رۆژنامەنووسانەی دوو سێ مووچەی بندیوار وەردەگرن و شەو و رۆژ شینوشەپۆڕ بۆ داهاتی گشتی دەکەن؟ مەگەر ئەو پارەیەی کە دەگوترێ بۆ بەڕێز بەهمەنی قوبادی تەرخانکراوە لە داهاتی گشتی نییە؟ نەک هەر روایە لە بەهمەنەکان بپرسین ئەو پارەیەی لە داهاتی گشتی وەرتگرتووە کوا؟ بەڵکو دەبێ لەو دەزگایەش بپرسینەوە کە پارەکەی بەخشیوە، هاتوهاوار و دەنگی بەرز، راستیی ناشارنەوە. هۆمەری دزەیی جوانی وتبوو: ئەوەی لەقسەکردندا دەنگ بەرزدەکاتەوە، هەر ئەو دەدۆڕێت.

هیچ ئەملاولای ناوێ، کەسایەتیەکی گشتی کە پارەی داهاتی گشتیی وەرگرتووە و لێی بپرسی ئەو پارەیە چۆن سەرف کراوە، لە بری وەڵامدانەوە ئەگەر هەڵچوو، ئەوە گومان دەخاتە سەرخۆی، کورد دەڵێن ئەوەی بێمنەت بێ، دەست بەقوڕگی شێردا دەکات، کەچی بەهمەنی قوبادی تفی خۆی بەباشی پێ قوتنەدەچوو.

بەشێک لە راگەیاندنی کوردی، چونکە هەژارفکرن، بە شەڕڤان دەڵێن شێرەڤان، کەچی باسی ئاستی نەتەوەییبوونی ئەم و ئەو دەکەن. چونکە هەندێکیان لایانوایە کۆبانی هەر راست پاش ئیبراهیم خەلیلە، داوایان لە دەسەڵاتدارانی کوردستان دەکرد دەستبەجێ سنوور بەسەر کۆبانیدا بکەنەوە! ئاستی زانیاری و رۆشنبیریی زۆربەی راگەیاندنی کوردی، لەکەرەستەی پێکەنین تێناپەڕێت، کەچی چەرمی روویان ئەوەندە قایمە ئامادەن باسی پۆستمۆدێرنیزم بکەن.

تا ئێستا دوو جار لە شاشەی رووداوەوە لەلایەن میوانی بەرنامەکانەوە قسەی نەشیاو کراون. جارێکیان لە زاری مەلا عەلی کەڵەکەوە بوو، جارەکەی دیکەشیان بەهمەنی قوبادی، ئاخر بە داخەوە بەهمەنی قوبادی سەلماندی کە تا خاوەنی سینەماکاری وەک ئەو بین، هەر دەبێ بە فیلم بڵێین فلیم و کە ئیشێکی قۆڕیشت بەسەر هات، بڵێی بووم بە سینەما.



رێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# کۆبانێی پەکەکە و شەنگالی پارتی

هەر میللەتێک زاکیرەی مێژوویی لاواز بێت مەحکوم بە لەناوچوونە. چونکە مێژوو زۆرجار دووبارە دەبێتەوە بەڵام بە یەک شێوە نا، جارێک تراژیدی و جارێکی دیکە کۆمیدی. ئەوەی ئێستا لە ناوچەکە دەگوزەرێت و کوردستانی پێدا تێپەڕ دەبێت، یان هەر تێپەڕیش نابێت! وەک سەردەمی ئەمارەتەکانی بابان، سۆران، بۆتان و بەهدینانە. کەس کەس ناخوێنێتەوە، کەچی سەرم لەو میللەتە سوڕماوە کە باسی دەوڵەت، یەکپارچەیی و چل ملیۆن کورد دەکات! سەرم لەوانە سوڕماوە کە لە هەولێر، سلێمانی و مهاباد خۆیان بۆ کۆبانێ شپرزە کردووە، هەزاران کەسیان کردووەتە پاڵەوان و هێندەی دیکەشیان کردووەتە خائین، نازانن ئەگەر دار دەسکی لە خۆی نەبێ، بیور نایبڕێ!

هەندێک شت هەیە کە ئەگەر قاڵبی گرت زۆر زەحمەتە بگۆڕێت، وەک میللەتی ئێمە کە حەزی لێیە درۆی بۆ بکەن، یان ئەگەر کەسیش نەبێ خۆی درۆ بۆ خۆی بکات. پتر لە مانگێکە داعش کۆبانێی گەمارۆ داوە، ها گرتی ها دەیگرێ. ئەو شارە کراوەتە سیمبولی بەرخۆدان و مان و نەمانی کورد! وەک ئەوەی کورد قەت هیچ شوێنێکی لێ داگیر نەکرابێت؟ بەو پێوەرە بێت ئەو رۆژەی شنگال گیرا، ئەو کاتەی دوو گەڕەکی جەلەولامان پێ کۆنترۆڵ نەکرایەوە، یان ئەو دەمەی رێگەمان دا چی میلیشیای شیعەیە بێت لە ناوچە کوردنشینەکانی خانەقین جێگیر بن و تەعەددامان لێبکەن، کورد نەماوە. نا کورد هەر دەمێنێ، تەنانەت ئەگەر کۆبانێش بکەوێ، کورد هەر دەخەوێ، بەڵام دەمێنێ نەک وەک نەتەوە بەڵکو وەک حیزب.

هەفتەی رابردوو ساڵح موسلیم کە دەمڕاستی پەکەکەیە لە کوردستانی سووریا و هاوسەرۆکی پەیەدەیە، هاتە هەرێمی کوردستان و لەگەڵ سەرۆکی بارزانی کۆبووەوە. دوا بەدوای ئەو کۆبوونەوەیە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بڕیاری دا کە ئەگەر پەیەدە یان باشتر بڵێین پەکەکە رازی بوو بەوەی هێزی دیکەش بەشدار بن لە ئیدارەی کوردستانی سووریا (ناڵێم رۆژئاوا، چونکە وەک چۆن کوردستانی عێراق هێشتا سەر بە عێراقە، ئاواش ئەوێ سەر بە سووریایە) ئەوا هەموو یارمەتییەکی سەربازی و مرۆیی بگەیەندرێتە ئەوێ، کەچی دوای کۆبوونەوەکە، دەرکەوت پەکەکە لە غەیری خۆی کەسی دیکەی ناوێ، نایەوێ کەسی دیکە شەڕی بۆ بکات، تەنیا دەیەوێ هەموو کەس بۆی بگریەن!

پارتی هەموو هەوڵی خۆی خستووەتەگەڕ بۆئەوەی نە کۆبانێ بگیرێ و نە پەکەکەش ببێتە پاڵەوان، دیارە ئەوەی پارتی دەیکات زۆر مەعقولتر و ئەخلاقیترە لەوەی سووریا لەگەڵ پەکەکەی دەکات، یان ئەو فرمێسکە تیمساحیانەی کە یەکێتی بۆ کۆبانێی دەڕێژێت، چونکە هەڵوێستی هەمووان روونە، پەکەکە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت داکۆکی لە ئەسەد دەکات (کەچی ئەسەد داکۆکییان لێ ناکات) و دەیەوێ هەموو دنیا داکۆکی لێ بکات! یەکێتیش کە خۆی پێ حیزبێکی نیشتمانییە، بەدوای پەکەکە کەوتووە، پێیوایە ئەگەر کوردستانی سووریا ئازاد و رزگار بێت بۆ پەکەکە بێت باشترە نەک پارتی!

لە شنگالی پارتیدا پەکەکە زۆر بە ئاشکرا و بێ سڵەمینەوە تەعەددا لە پارتی دەکات و بۆی هەیە خۆی لە مەسەلەکە بکاتە خاوەن، بەڵام لە کۆبانێی پەکەکەدا ئەگەر پارتی قسەیەک بکات، ئەوا مامەڵەی تورکیای لەگەڵ دەکرێت. ئەو میللەتەش غافڵە لەوەی کە ئەگەر پەکەکە مل بدات بۆئەوەی لە کوردستانی سووریا هێزی دیکەش هاوبەشی بن، ئەوا زۆر بە ئاسانی لە ماوەی 24 سەعاتدا چەک و تەقەمەنی دەگاتە دەست و پارتی تورکیای رازی کردووە، بەڵام دیارە رازیکردنی پەکەکە لە رازیکردنی تورکیای دوژمن زۆر زەحمەتترە.



کامەران محەممەد عەزیز

# لە دەوڵەتی کوردییەوە بۆ گەڕانەوە بۆ بەغدا

یەکێک لەو هۆکارانەی پرسی دەوڵەت و سەربەخۆیی کوردستانی خستە ژێر بارێکی نالەبارەوە، بە تەنیا هەڕەشەی داعش، بێ هەڵوێستیی تورکیا یان شکستی پێشمەرگە نەبوو، بەڵکو لە هەمووی گرنگتر نەبوونی ستراتیژیەتی ئاسایشی نەتەوەیی بوو تا بتوانێت ببێتە مایەی رەوینەوەی ئاستی نادڵنیایی و ئاڵۆزیی هەڕەشە نوێیەکان. بەڵام ئێمە لە هەواڵەکان و خوێندنەوەکان چیمان دەستدەکەوێ؟ خوێندنەوەکان بۆ ئاستێکی ئەوەندە بچووک بچووککراونەتەوە بەڕاستی یەکێک بەرەو جیهانی بێباکی دەبات پێیوابێت ئەوەی روودەدات تەنیا بەشێکە لەوەی پێیدەگوترێ "تیۆری موئامەرە". تۆ لەو نیشتیمانەدا هەواڵی زیادبوونی رێژەی گەشتیاران بۆ تورکیا و پێشڤەچوونی دانوستاندنەکانی سەر بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران وەکو دەستکەوتێکی حیزبە کوردییەکان بۆ کورد دەبیستی. کورد دەچێتەوە بۆ بەغدا یان ناچێتەوە و سەربەخۆ دەبێت یان نا بووەتە بابەتێکی بێ چێژی سەر فەیسبووک، بە جۆرێک هەڕەشەی ئەوە لە ئارادایە وەکو چەمکێکی لەکەدار و بێ بنەما بەجێبهێڵدرێ.

شتێک کە بەردەوام دەبێت وەکو حەقیقەت وەریبگرین، ئەوەیە کە لە مامەڵەکردن لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا، هەرێمی کوردستان بەردەوام رووبەڕووی هەڕەشەی ئەمنیی نوێ دەبێتەوە، جا ئەگەر پارتی یان هەر حیزبێکی دیکە لێرە حاکم بێت. ئاکامی زۆربەی ئەو هەڕەشانەش تێکدانی نێو ماڵی کوردییە و دەبێتە هۆی نانیشتیمانیکردنی پڕۆسەی دروستکردنی بڕیار لە هەرێمی کوردستاندا. ململانێی نێوان پارتی و یەکێتیش بە شێوەیەکە یەکێ زۆر بە ئاسانی دەتوانێت بڵێت هیچی لە هەڕەشەی داعش کەمتر نییە، ئەوە وەک لە رابردوودا سەلماوە دەبێتە گورزێکی کوشندە لە ئاسایشی کورد.

کورد سیاسەت دەکات بەبێ ئەوەی هیچ بەهایەکی سیاسی هاوبەش بە کردەوە دروست بووبێت. لەلایەک دڵمان لای دەوڵەتە و لەلایەک دەستمان لەسەر دڵە بۆ هێرشی داعش بۆ سەر بەغدا. من نازانم چۆن دەتوانین هەم هەرێمی کوردستان و هەمیش بەغدا بپارێزین، بەڵام دەزانم هیچ شتێک لە ستراتیژیەتێکی واقیعیی باشتر بوونی نییە. هەروەکو چۆن سیاسەتێکی گشتی بۆ پرسی سەربەخۆیی و ریفراندۆم بەر لە هێرشەکانی داعش لە ئارادا نەبوو، ئاواش لە ئێستادا پڕۆسەی گەڕانەوە بۆ بەغدا بێ بوونی ستراتیژیەتێک بەڕێوە دەچێت. هەر لەبەر ئەوە چارەنووسی ئەم گەڕانەوەیەش بەهەمان شێوەی دژەکەی دەبێت. هیچ کات پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا و وڵاتانی دراوسێ لەسەر بنەمای ئەو "عەقڵانیەتە" نەبووە کە ئێمە لە زانستی سیاسەتدا ناسیومانە. هەمیشە مێژوو و جوگرافیای دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە بەرژەوەندی و رەفتارەکانی ئەو دوو حیزبەی دیاریکردووە. ئاکامەکەشی نەتەوەیەکە لەگەڵ شوناسێکی سیاسی ناڕۆشنی ناسەربەخۆ.

کاتێک لە رێگای چوون و گەڕانەوەین بۆ بەغدا، خۆشحاڵ دەبم رێگاکان درێژ و بە سەیارەش بێت، تاوەکو دەرفەتی ئەوە هەبێت بە بیرمان بێتەوە کە یەکەم کاری گەورە بەرەو داڕشتنی ستراتیژیەتی ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان دروستکردنی قەناعەت و ئیرادەی دەسەڵاتدارەکانە لەسەر ئەوەی بەشێک لە کێشەکانی نێو جانتەکەیان نائامادەیی ئەو بەرنامەیە بووە.



بەختیار مام شێخ*

# داعش و سڕینەوەی نەخشەکان

لێکدانەوەی رووداوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لێتێگەیشتنیان هیچ کاتێک لە ئێستا قورستر نەبووە و نابێت.

بەڵام شتێک لەلای من زۆر روونە، ئایندەی هەموو پارچەکانی کوردستان زۆر گەشە و میللەتەکەمان هەتا دێت دەستکەوتی زیاتر وەدەستدێنێ. رێکخراوی جەهلستانی داعش ئەرکی سڕینەوەی سنوورەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پێ سپێردراوە، بەڵام ئەگەر کورد و سەرکردەکانی زۆر بە هۆشیاری مامەڵە لەگەڵ ئەم پێشهاتانە نەکەن و ستراتیژی بیر نەکەنەوە و بە شێوەیەکی روون ستراتیژی نەتەوەیی نەخەنە پێش بەرژەوەندی تەسکی حیزبی و خێڵەکی، رەنگە زیان و گورزی کوشندەمان بەربکەوێت.

رەنگە یەکگرتنەوەی پارچەکانی کوردستان ئاسان نەبێت، لەبەرئەوەی کورد خۆی ئامادە نییە ئەم کارە بکات و زلهێزەکانیش زۆر ئارەزووی وڵاتی قەبە ناکەن، بەڵکو ئەوانی هەشن بچووکتر دەکرێنەوە. بەڵام لانیکەم لە چەند ساڵی داهاتوودا پارچە داگیرکراوەکانی دیکەی کوردستانیش بە جۆرێک لە ئازادی شاد دەبن، بەهیوای ئەوەی هەڵە کوشندەکانی باشوور دووبارە نەکەنەوە.

لەبەر ئەوەی رژێمی ئەسەدی فەرمانڕەوای سووریا عەلەوییە، ئێران پاڵپشتی دەکات و بەهیچ جۆرێک ناهێڵێت بڕووخێت، هەموو یارمەتییە سەربازی و داراییەکانی ئێران بۆ حیزبوڵڵای لوبنانیش هەر لەڕێگەی سووریاوە بەڕێدەکرێت، هەر بەم ئەندازەیەش بزووتنەوەی حەماسی فەلەستینی هاوپەیمانی ئێران و سووریایە. ئەم بەرەیەش هەتا دێت فراوانتر دەبێت بەوەی هەتا ئازادی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کەنداو زیاتر بێت، ئەوا هێزە شیعی مەزهەبەکانی عێراق، بەحرەین، یەمەن و عەرەبستانی سعودی و وڵاتانی دیکەش دەچنە پاڵ ئەم بەرەیە. ئەم بەرەیەش لەڕووی ستراتیژی و دیپلۆماتی پشتی بە رووسیا و چین بەستووە کە دوو هێزی زۆر گەورەی جیهانن.

لەلایەکەی دیکەشەوە، بەرەی سوننەمەزهەب بە سەرۆکایەتی تورکیا، عەرەبستانی سعودی، میسر، ئوردن، ئیمارات و چەندین لایەنی نادیاری دیکە دەیانەوێت بەهەر نرخێک بێت دەستی ئێران لە سووریا و لوبنان ببڕن، ئەویش لە رێگەی رووخاندنی رژێمی بەشار ئەسەد.

نامەوێت لەمە ئاڵۆزتری بکەم، چونکە هێشتا رۆڵی فەرانسا و بەریتانیا و ئەمەریکاش ماوە باس بکرێن. ئەمە جگە لە رۆڵی گەورەترین یاریزانی هەرێمی، ئیسرائیل و هاوکێشە سیاسیە سەیرەکانی.

بەکورتی شەڕی سێیەمی جیهانی وا بە کردار و وەکالەت ماوەی 34 ساڵە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەردەوامە و لە دوای داگیرکردنی عێراق لە ساڵی 2003 کەوتووەتە قۆناغی جێبەجێکردن.

## کێ داعشی دروستکرد و کێ بەکاریان دەهێنێ؟

وەڵام: داعش رێکخراوێکی شۆڤینی مەڵتی ناشناڵە و زۆر دەستی لە پشتە و زیاتر لە کۆنترۆڵێکی هەیە. بەڵام ئەرکی سەرەکی بریتییە لە سڕینەوەی نەخشەکانی رۆژهەڵات ناوەڕاست بە تورکیا و ئێرانیشەوە. بەڵام لەبەرئەوەی تورکیا ئەندامە لە پەیمانی ناتۆ، رۆڵێکی گرنگی بینیوە لە جەنگی ئەفغانستان و بە حوکمی جیۆپۆلیتیک، گۆڕینی نەخشەی تورکیا بۆ ماوەیەک دوادەکەوێت.

پێویستە لەسەر ئێمەی کورد لەم راستییە بگەین کە ئەم چەرخە بۆ ئێمە، دەبێتە مایەی سەربەخۆیی و خۆشگوزەرانی. بەڵام دەبێت خۆمان لە کێشە لاوەکییەکان بگرین و نەبینە تەرەف لەم کێشە مەزهەبییە، نەک هەر ئەوەندەش، بەڵکو لامان سەیر نەبێت کە لەبری یەکگرتنەوەی پارچەکانی کوردستان، کوردستان بکرێتە چەندین میرنشینی بچووکتریش.

***ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی کینسنگتن و چێڵسی- لەندەن- بەریتانیا***



قەرەنی قادری

# پارتی دیموکراتی کوردستان؛ چاکسازی یان جێگۆڕکێ؟

ئەوە چەند ساڵێکە دەستەواژەی چاکسازی (Reform) لەناو حیزب و لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستاندا دەستاودەست دەکرێت، بەڵام تائێستا ئاکامێکی ئەوتۆی نەبووە. چاکسازی بە مانای (ئاڵوگۆڕ و سەرلەنوێ بنیاتنانەوە) دێت. پێویستییەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە دامەزراوەیەک چۆن بتوانێت خۆی لەگەڵ بارودۆخی نوێدا بگونجێنێ. لە دامەزراوەیەکی حکومییەوە بگرە تا دەگاتە حیزبێکی سیاسی، ئاینەکان و دامەزراوە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان کە لەگەڵ دۆخی سەردەمدا ناگونجێن و وڵامدەر نین، بۆیە پێویستە بەپێی پلانێکی تۆکمە و ئامانجدار چاکسازییان تێدا بکرێت.

بێشک لە بەرامبەر چاکسازیدا هێزی کۆنەپارێزیش هەن کە رێگە نادەن دامەزراوەکان ئاڵوگۆڕیان بەسەردا بێت و هەر بە شێوەی جاران کاروبارەکان بەڕێوەبەرن. هێزی کۆنەپارێز لەو روانگەیەوە سەیری رووداوەکان و کۆمەڵگە دەکات کە ئەوە کۆمەڵگەیە دەبێ خۆی لەگەڵ بۆچوونی ئەواندا بگونجێنێ، بەڵام کاکڵی چاکسازی ئەوەیە کە هزر و فکری حیزب یان رێکخراوێک نوێ بکاتەوەو خۆی لەگەڵ کۆمەڵگەدا بگونجێنێ. پێویستە ئاماژە بەوەش بدرێت کە بە هزری شۆڕشگێڕییەوە چاکسازی ناکرێت، چونکە ئەگەری ئەوە لە رادەبەدەر زۆرە کە چاکسازی خێرا روو لە پاکسازی بکات و هەر بەدوای خۆیدا بە چەشنێکی دیکەوە کۆنەپارێزی سەرهەڵداتەوە. لە کاتێکدا پرۆسەی چاکسازی لە حیزبێکی سیاسیدا دەگاتە ئامانج کە گشت کادر و ئەندامان لە پرۆسەی چاکسازی و بڕیارداندا بەشدار بن.

پلان بۆ چاکسازی لەناو پارتی دیموکراتی کوردستانیشدا جێی باس و لێدوانە. بەشێکی زۆر لە کادر و ئەندامانی ئەو حیزبە لەگەڵ ئەوەدان کە لە حیزبەکەیاندا چاکسازی بکرێت. بەڵام پرسیاری گرینگ ئەوەیە کە چاکسازی لە کوێدا و چۆن بکرێت. لە سەرتاپای حیزب یان لە هەندێک دامەزراوەی حیزبیدا؟

جەعفەر ئێمینکی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی مەکتەبی رێکخستن لە وتووێژی لەگەڵ ماڵپەڕی حیزبەکەیدا گوتی: "هەندێ گۆڕانکاری کە وا بڕیار بوو بکرێن، بەڵام دواکەوتن.. هەڵبەت لەم رۆژانەیشدا هەندێ پرسیار هاتوون، نموونەی گۆڕانکاری لە لقەکاندا، پێشنیازی تر و ئاڵوگۆڕی تر دەکرێن، دوای شەڕی داعش بەو پرسانەدا دەچینەوە". بۆ بەڕێوەبردنی چاکسازی پێویست ناکات چاوەڕوانی ئەوە بکەن کە کەی شەڕی دژی داعش کۆتایی دێت. ئەو ئەگەرە زۆر بەهێزە کە شەڕەکە درێژخایەن بێت و کۆتاییەکەشی ئاکامی چاوەڕواننەکراوی لێ بکەوێتەوە. پێویست ناکات چاکسازی بە شەڕی دژی داعشەوە گرێ بدرێت، چونکە چاکسازی پرۆسەیەکی بەردەوام، ورد و درێژخایەنە. بەپێی بۆچوونەکانی بەرپرسی مەکتەبی رێکخستنی پارتی، دەبێ کادر و ئەندامانی حیزبەکەی بۆ "گۆڕانکاری" لە چاوەڕوانیدا بن تا دۆخێکی ئاڵۆز و نادیار ئاسایی ببێتەوە. ئەوەی تا ئێستا لەناو پارتیدا کراوە، تەنیا جێگۆڕکێ بووە بە بەرپرسەکان، بەڵام کێشەکان هەروا لەسەر گرفتەکانی دیکە کەڵەکە کراون و قورساییەکی تاقەتپڕووکێنیشی خوڵقاندووە. فکری جێگۆڕکێ لەناو پارتیدا زۆر بەهێزە.

ئێمینکی لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا دەڵێت: "ئێمە لە پارتی، دوای دیراسەیەکی زۆر، گەیشتووینەتە ئەو باوەڕەی کە دەبێ گۆڕانکاری بنەڕەتی لەنێو رێکخستنەکاندا بکرێن، ئەمەش بەوە دەکرێ کە هەڵبژاردنێکی نوێ سازبدرێ و پەیکەرێکی نوێ بێتە کایەوە، هەڵبژاردنی سەرتاسەری ئەنجام درا و دواتر لەلایەن مەکتەبی رێکخستنەوە هەڵسەنگاندنی بۆ کرا و دەرکەوت کە دەرهاوێشتەی نەرێنیی زۆری هەن، بۆیە بە پێویست بینرا کە دەبووایە دیراسەی وردتر بکرێ، ئەگینا دەبێ ئەنجامە نەرێنیەکانی زوو چارە بکرێن کە بەداخەوە نەکران".

چاکسازی لەناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا نە بە "وەکالەت" دەکرێت و نە لە چوارچێوەی لقەکاندا کۆتایی دێت. بەپێی ئەوەی کە (پ د ک) لە هەیکلی حیزبایەتیدا حیزبێکی لێنینییە (ستوونی)، لە سێ ئاڵقەی سەرکردایەتی، کادر و ئەندامان پێکدێت. لە حیزبی لێنینیدا، پەیوەندیی نێوان سەرکردایەتی و ئەندامان یان بەرپرسان و ئەندامان ئاسۆیی نییە، بەڵکو پەیوەندییەکە لە نێوان فەرماندە و فەرمانبەر. لە پەیوەندییەکی ئاسۆییدا، کادر و ئەندامان بەشێکن لە پرۆسەی بڕیاردان، بەڵام لە پەیوەندیی ستوونیدا، کادر و ئەندامان تەنیا فەرمانبەرن، ئەوەش بۆ حیزبێکی سیاسی کە جومگە سەرەکییەکانی حوکمڕانی لەدەستدایە، کێشەکە زلتر و چەند قاتتر دەکاتەوە. لە زانستە سیاسییەکاندا چاکسازی (ریفۆرم) باش و باشترکردنی کاروبارەکان و بنیاتنانەوە مانا دەدات کە ئاکامەکەشی دەبێ ئاڵوگۆڕ بێت لە دامەزراوەیەکدا.

بۆ لانیکەمی ئەم چاکسازییەش، بەرپرسانی دامەزراوەکانی پارتی بۆ ئەوەی لە شوێنی خۆیاندا بەشێک بن لە جێبەجێکردنی پرۆسەی چاکسازی، دەبێ خاوەنی سێ خاڵی گرینگ بن. یەکەم: شارەزای شێوازی حیزبایەتیی سەردەم بن. دووەم: لەو دامەزراوەیەی کە دەبنە بەرپرس، پێویستە شارەزاییەکی باشیان سەبارەت بە کارکرد و چۆنیەتیی دامەزراوەکەیان هەبێت. سێیەم: کۆمەڵایەتیی بن و پەیوەندیی نێوان بەرپرس و ئەندامانی دامەزراوەکەیان لەسەر بنەمایەکی عەقڵانی و ئاسۆیی بێت، نەک فەرماندە و فەرمانبەر. بۆ ئەمانەش پێویستە بیر لە کەسانی لێوەشاوە و لێهاتوو بکرێتەوە و لەسەر بنەمای (Meritocracy) حیزب نوێ بکرێتەوە.







بێستون عوسمان
bestoon.othman@rudaw.net


# داعشمان پێش خۆمان کردە دەوڵەت

دەوڵەتێکی نوێ دامەزراوە، بەبێ سین و جیمیش هەموو جیهان دانی پێدا ناوە! میدیای کوردی دەکەیتەوە دەڵێ "دەوڵەتی ئیسلامی"، گوێ لە میدیای ڕۆژئاوا دەگری، هەموو دەڵێن "ISLAMIC STATE"، تورکەکان دەڵێن "İSLAM DEVLETI"، ئەوە میدیای عەرەبیش هەر نەیکردبێت، ڕۆژ تا ئێوارە باس باسی "الدولە الاسلامیە"یە.

باشە چ زوو، بۆچی هەموو جیهان ڕێکەوت لەسەر ناسینی ئەم قەوارە نوێیە وەکو دەوڵەت؟

ئێمە 23 ساڵە دەڵێین "حکومەتی هەرێمی کوردستان" و بەپێی دەستووری عێراقیش ئەوە چەسپیوە، بەڵام هەتا ئێستا میدیای تورکی بۆ نموونە، پێماندەڵێ "ئیدارەی لۆکاڵی لە باکووری عێراق" یان ئەگەر یەکێکیان خاترمان بگرێت، دەڵێت "ئیدارەی لۆکاڵی کوردی عێراق".

هەر ئێمەش نین، قوبرسی باکوور لە 1974ەوە بە خۆیان دەڵێن "کۆماری تورکی باکووری قوبرس"، کەچی هەتا ئێستا تورکیای لێ دەرچێت، یەک بەندەی خودا، دانی بەو ناوەدا نەناوە.

باشە ئەی چی بوو لە ماوەی چەند مانگێکدا، پێکهاتەیەک کە خاوەنی هیچ بنەما و تایبەتمەندییەکی دەوڵەت نییە، بوو بە "دەوڵەت" و هەموو جیهانیش ڕێکەوت لەسەر ئەوەی دان بەم دەوڵەتەدا بنێت؟ بۆچی نەک هەر میدیا، تەنانەت سەرکردە جیهانییەکانیش کە باسی دەکەن هەر وشەی "دەوڵەت" بەکاردێنن؟

ئارگومێنتی هەموو لایەک ئەوەیە کە گوایە "داعش خۆی وا دەناسێنێت و پێویستە خۆی چۆن خۆی ناودەبات، ئێمەش هەر وا ناوی ببەین". ئێ باشە خۆ ئێمەش ساڵەهایە بە ئامەد و ماردین و رها دەڵێین "باکووری کوردستان"، بەڵام هەموو جیهان هەر پێیدەڵێت "باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا"، بە سنە و سابڵاخ و مەهاباد دەڵێین "ڕۆژهەڵاتی کوردستان"، بەڵام کەس ناڵێت مادەم خۆیان وای پێ دەڵێن با ئێمەش هەمان ناو بەکاربهێنین.

ئەمە مایەی تێڕامانە. من پێموایە، لە سەرەتاوە پێشوازیکردن لە ناوی دەوڵەت بۆ ئەم ڕێکخراوە بە مەبەست بووە. ئەمڕۆش بەکارهێنانی بەم شێوەیە بەشێکە لە ئۆپەراسیۆنێکی فراوان بۆ بنیادنانی تێگەیشتنێکی باو لەناو زیهنی خەڵکدا بۆ ئاوێتەکردنی ناوی ئیسلام لەگەڵ توندڕەوی. ئامانج لەمە لەلایەک بەرزکردنەوەی ئاستی ئیسلامۆفۆبیایە لە ڕۆژئاوا، لەلایەکی دیکە وروورژاندنی پرسیارە سەبارەت بە ئاین لە مێشکی تاکە میانڕەوەکانی کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا. لەلای سێیەمیش جۆشدانی دڵی گەرمی "جەنگاوەرانی خوا"یە کە ڕۆژانە گوێیان لێدەبێت "دەوڵەتی ئیسلامی" فەرمانەکانی قورئان جێبەجێ دەکات!!

ئەم ئۆپەراسیۆنە 3 بەرهەمی هەیە، یەکەمیان زیادکردنی ترس لە ئیسلام لە وڵاتانی ڕۆژئاوا. دووەمیان دوورخستنەوەی کەسانی میانڕەو لە ئاین. سێیەمیش پەیداکردنی سەرچاوەی مرۆیی نوێیە بۆ ناو بەرەکانی جەنگ دژی دوژمنانی خوا. بە کورتییەکەی زیادکردنی ژمارەی خوێنمژ کە ڕۆژانە لە سووریا و عێراق مرۆڤ سەرببڕن و مرۆڤایەتی بتۆقێنن.

لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە، چ پێویست دەکات میدیای کوردی خزمەت بەم ئامانجە بکات؟ بۆ بەدەستی خۆمان پێش خۆمان داعش دەکەین بە دەوڵەت؟! پرسیارێکی دیکە ئەوەیە، بۆچی زۆربەی میدیای سەربەخۆی کوردی ناتوانێت بەم گرووپە بڵێت تیرۆریست؟ ئەو ئارگومێنتەش کە بۆ بەکارنەهێنانی وشەی تیرۆریست بۆ ئەم گرووپە بەکاردەهێنرێت تا بڵێیت بێمانایە. لە زۆر میدیاکاری هاوڕێم بیستووە، دەڵێن "میدیا دەبێت بێ لایەن بێت، نابێت بڕیار لەسەر کەس بدات". ڕاستە، میدیا دەبێت بێ لایەن بێت، من هەتا سەر ئێسقان باوەڕم بەمە هەیە. بەڵام کە بابەتەکە بوو بە بابەتێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی، کاتێک هەڕەشە لەسەر ژیانی خۆت و هاونیشتمانیانت دروست بوو، ناچار دەبیت لایەنگری وڵات و نیشتمان و گەلەکەت بکەیت.

با بە زمانێکی ئاسانتر ڕوونی بکەمەوە، ڕاستە دەبێت کاتێک ڕاپۆرتێک لەسەر پەیوەندییەکانی دوو پارتی سیاسی ناو وڵاتی خۆت، یان دوو وڵاتی دراوسێ دەکەیت، بێلایەن بیت و بۆچوونی خۆت تێهەڵکێشی فاکتەکان نەکەیت. بەڵام کاتێک لایەنێک هێرش دەکاتە سەر سنوورەکانی تۆ، خوێنی هاوخوێنەکانت دەڕێژێت. تۆ ناتوانیت بێلایەن بیت. ئەرکی سەر شانتە وەک میدیا لایەنگری ئارامی و سەقامگیری نیشتیمانی خۆت بکەیت. لایەنگریی ژیان بکەیت و خاتری تیرۆریست نەگریت لەبەر خاتری ئەوەی بێ لایەن بیت.

حەقە ئەوەش بڵێم کە لێرەدا چەندێک میدیاکان کەمتەرخەمن، یان بە هەڵە تێگەیشتوون لە چەمکی بێلایەنی لە کاری میدیاییدا، حکومەتیش هێندە کەمتەرخەم بووە لە چاودێریکردنی میدیا. ئەمە بانگهێشت نییە بۆ دروستکردنی سانسۆر بەسەر ڕاگەیاندنەوە. بە پێچەوانەوە لە هەموو وڵاتانی جیهاندا، دەزگایەکی باڵا هەیە بۆ ڕێکخستن و چاودێریکردنی میدیا بەپێی یاسا پەیوەندیدارەکان.

لەو باوەڕەدام کە ئیدی کاتی ئەوە هاتووە لە کوردستانیش ژێرخانێکی توندوتۆڵ بۆ کاری میدیایی دابمەزرێنرێت. هەتا ئەو کاتەش، خێرتان دەگات میدیاکاران، بە داعش مەڵێن دەوڵەتی ئیسلامی. ئەم جۆرە ناولێنانە خزمەتکردنە بە ئامانجەکانی داعش. وەرن هەموو ڕێککەوین، ناوێکی هاوبەش بۆ ئەم دوژمنە هاوبەشەمان بدۆزینەوە و شەرم لەوەش نەکەین پێی بڵێین تیرۆریست.




هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net


# ئەردۆغان شێت نییە

ئەردۆغان لە باکووری کوردستان گوتی: "بۆ تورکیا هیچ جیاوازییەک لەنێوان داعش و پەکەکەدا نییە". زۆرکەس وایانزانی ئەردۆغان سەری لێشێواوە و قسەی شێتانە دەکات. کەچی پێچەوانەکەی ڕاستە. سەرۆککۆماری تورکیا بەو قسەیەی ئەجێندای ستراتیژیی دەوڵەتەکەی بۆ قەیرانی سووریا ئاشکراکرد. ئەوەشی سەلماند کە تورکیا چەندە بە سەرکەوتنی پەکەکە دڵتەنگ دەبێت هەر هێندەش لە پاوانخوازیی داعش نیگەرانە. دەوڵەتی تورکیا ئێستا لە پێگەیەکی ئایدیاڵیدایە. چونکە دوو هێز کە سەرچاوەی هەڕەشەن بۆ سەر ئاسایشەکەی لەدژی یەکدی شەڕدەکەن.

پێویست بە سەدبارەکردنەوە ناکات کە وەک کوردێک دڵ و بیرم لەگەڵ خەڵکی کۆبانێ و شەڕڤاناندایە، بەڵام ئەمە واناکات واقیعەکە بەو چاویلکە سۆزدارانەیە ببینم. کاتێک کورد ڕەخنە لە دەوڵەتی تورکیا دەگرێت کە لە کۆبانێ تەدەخول ناکات، دروست ڕەخنەی ئەو تورکانەم بیردێتەوە کە شەش ساڵ پێش ئێستا گوشاریان لەسەر حکومەتی ئەردۆغان دروستدەکرد و دەیانگوت: "بۆچی بارزانیی هاوپەیمانتان هاوکاریمان ناکات بۆ لەناوبردنی پەکەکە لە قەندیل؟"

تورکیا تۆڵەی ئەوە لە بارزانی و لە هەولێر ناکاتەوە کە هەمیشە داواکارییەکەی بۆ هاوکاریکردن لە شەڕی دژی پەکەکە ڕەتکراوەتەوە، بەڵکو ئەوە دەکات کە پێیوایە قازانجی زیاترە بۆ ئاسایشی دەوڵەتەکەی. تورکیا ئەزموونێکی خراپیشی لە بەرەنگاربوونەوەی گرووپە توندئاژۆکان لەپێشچاوە، کە ئەزموونی پاکستانە. چونکە ئێستاشی لەگەڵدابێت پاکستان باجی هاریکاریکردنی ئاشکرا لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوایی لەدژی گرووپە توندئاژۆ ئیسلامییەکان دەدات. ئەگینا هەبوونی ئاسایش لە هەولێر هێندەی هەبوونی ئاسایش لە ئامەد بۆ تورکیا گرنگە، بەڵام، وەک لە قسەی کاربەدەستانی باشووری کوردستان دەردەکەوێت، تورکیایەک کە بتوانێت بە بێدەنگی یارمەتیی هەولێر بدات، پێویستی بەوە نییە هەرای میدیایی دروستبکات و بەوهۆیەوە ژەنگەسوورەکانی داعش لەخۆی ئاڵۆزبکات. بەتایبەتیش کە ئەو ژەنگەسوورانە پەکەکەیان لە کۆبانێ و شوێنەکانی دیکە بەخۆیانەوە سەرقاڵکردووە، هەروەها لەجیاتی دەوڵەتی تورکیا بازنەی هەژموونی پەکەکە لە ڕۆژئاوای کوردستان و سنوورەکانی باکووری کوردستان بەرتەسکتردەکەنەوە، ئەنقەرە هیچ سوودێک لە لێدانی ئەملا و لە پشتگیریکردنی ئەولادا نابینێت.

دەگوترێت ئەو شەڕەی لە کۆبانێ ڕوودەدات شەڕی تورکیا و داعشە لەدژی کورد و پەکەکە. هەندێک کەس واوەتریش دەڕۆن و دەڵێن "کەوتنی کۆبانێ کەوتنی کوردە". ئەمە سادەبینی و سادەتێگەیشتنە. چونکە نابێ لەبیرمان بچێت کە کۆبانێ بۆ داعش هیچ بایەخێکی ستراتیژیی نییە. چونکە نە خاڵی پێکەوەبەستنەوەی بەشەکەی سووریا و بەشەکەی عێراقی "خەلافەت"ە، نە چەکوچۆڵی پێدادەهێندرێت و نە کوێرەڕێگەی گواستنەوەی سامان و دارایی داعشیشە. کۆبانێ تەنیا بۆیە بۆ داعش گرنگ بوو، چونکە دەیەویست بیسەلمێنێت کە سەرەڕای هێرشە ئاسمانییەکانی هاوپەیمانان، پێشڕەوییەکانی هەر بەردەوامن. داعش وایدەزانی کۆبانێ پاژنەی ئاشیلە و بەئاسانی دەڕواتە ناویەوە، بەڵام شەڕڤانان و خەڵکی ناوچەکە لووتیان شکاندن.

هەروەها بۆ تورکیاش قازانجی تێدانییە سنووری قەڵەمڕەوی هەڵگرانی ئاڵای "خەلافەت" بگاتە سەرسنوورەکانی و پریشکی ئەو ئاگرەی عێراق و سووریای سووتاند بگاتە ئەویش. ئەوەی لە شەڕی کۆبانێ بۆ تورکیا قازانجی هەیە ئەوەیە کە بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی بسەلمێنێت دروستکردنی نوایەکی ئارام بۆ پاراستنی خەڵکی سووریا لەناو خاکی سووریادا پێویستە. داودئۆغلوش ئەمەی بەئاشکرا گوتووە. چونکە ئەگەر پرۆژەیەکی وا سەربگرێت، تورکیا سەرپەرشتیی دەکات. هەڕەشەکانی پەکەکە یان داعش یان هێزەکانی دیکەی دژی تورکیاش تێیدا کۆنترۆڵکراو دەبێت. بەمەش ئاسایشی نیشتمانیی تورکیا پارێزراو دەبێت. بەڵام ئەو زۆنە لە حەڵەبەوە دەستپێدەکات و زۆر ناوچەی ڕۆژئاوای کوردستان دەگرێتەوە. واتە ئەو ناوچەیە کە پەکەکە و داعش و هێزەکانی دیکە تێیدا باڵادەستن. ئەمەش وادەکات ئەنقەرە ڕێگەیەکی دووری لەپێش بێت بۆ جێبەجێکردنی. چونکە هێشتا نە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی قایلکردووە بە پرۆژەکەی و نە هێزەکانی ناو سووریاش گەرموگوڕن بۆ هاوکاریکردنی.




دەیڤد ڕۆمانۆ


# تورکیا.. کۆبانی و باکووری قوبرس

هەر لە دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە لە ساڵی 1923، ئەنکەرە بەردەوام داوای لە کوردی نێو سنوورەکەی کردووە دڵسۆز و گوێڕایەڵ بن. نکۆڵی لە شوناسیان کرد و هەڵمەتێکی گەورەی تواندنەوەی لەدژی کورد بەڕێوەبرد، بۆ ئەوەی وایان لێبکەن بەو زمانە قسە بکەن کە ئەوان دەیانویست و کەلتوور و مێژوویان بگۆڕن.

ئایدۆلۆژیای دەوڵەت جەختی لەوە دەکردەوە کە هەر کەس لە تورکیا بژی، تورکە. تورکبوون شوناسە نەک وڵاتینامە. زمان و مێژوو و کەلتووری "هاووڵاتی تورکیا" بەستراوبووەوە بە ڕەگەزی تورک. چەندین شۆڕشیان کپ کردەوە و دەشیانگوت ئەوانە شۆڕش نین، بەڵکو چەتەگەرایی کۆمەڵە کەسێکن کە "شارستانیەتیان قبووڵ نییە و ئامادە نین ئەو سوودانە وەربگرن کە دەوڵەت بۆی دابین کردوون."

کەچی کۆماری تورکیا و کۆمەڵگەی تورکی لەلایەکی دیکەوە چارەنووسی ئەو تورکانەیان بەدڵ و بەگیان گرتبوو کە هاووڵاتی نەبوون، تورکەکانی بولگاریا و یۆنان و قوبرس و ئەڵمانیا و شوێنەکانی دیکە. لە کاتێکدا تورکیا هیچ گرنگیی بە مافەکانی ئەو هاووڵاتیانەی نەدەدا کە بە زمانی جگە لە تورکی قسەیان دەکرد، سەرکردەکانی تورکیا بێوچان داکۆکییان لە کەمینە تورکەکانی وڵاتانی دیکە دەکرد. کاتێک لە ساڵەکانی 1960–1970دا میلیشیاکانی قوبرس هەڕەشەیان لە کەمینەی تورک دەکرد لەو دوورگەیە، کۆمەڵگە و بەرپرسانی تورکیا داوایان لەجیهان دەکرد کە بێدەنگ نەبن. دواجار لەساڵی 1974 دا هێزێکی زۆریان ناردە قوبرس بۆئەوەی هاوکاریی تورکە قوبرسییەکان بکەن و یەک لەسەر سێی قوبرسیان داگیرکرد و تا ئێستاش سوپای تورکیا لەوێ ماوەتەوە.

پارتی کرێکارانی کوردستان کە لە ساڵی 1984 دەستی بە خەبات کرد، دواجار بە زۆر گۆڕانکاری لە سیاسەتی فەرمیی تورکیا لەبەرامبەر کورد دروستکرد. کار گەیشتە ئەوەی کە ئیتر ئەستەم بێت بۆ تورکیا نکۆڵی لە بوونی کورد بکات. ئەگەر کورد بوونی نەبوو، ئیتر کەوابێ پێویستی نەدەکرد وشەی "کوردستان" لە ناوی پەکەکەدا ئەوەندە ترس و دڵەڕاوکێ لای ئەنکەرە دروست بکات. ساڵی 1991 تورکیا دواجار دانی بەوەدانا کە کورد لە وڵاتەکەیدا هەیە. ئەوە لەکاتێکدا کورد 20%ی دانیشتووانی تورکیا پێکدێنن.

دەستگیرکردن و زیندانیکردنی سەرۆکی پەکەکە لە کۆتایی نەوەتەکان، پەکەکەی تووشی متبوون کرد، بەڵام لە دەوروبەری 2005دا پەکەکە جارێکی دیکە گەڕایەوە گۆڕەپان. لەبەرئەوە بوو کە ئیتر لە ژێر چاودێریی سەرۆک وەزیران ڕەجەب تەیب ئەردۆغان و پارتە سوننیە ئیسلامیەکەی، پارتی داد و گەشەپێدان، ئەنکەرە دەستیکرد بە گەڕان لەدوای ڕێگەچارەی دیکە بۆئەوەی کۆتایی بە توندوتیژی بهێنێت. ئەردۆغان ڕێگەی بە هەندێک مافی زمانەوانی دا و کۆمەڵێک چاکسازی ڕاگەیاند، لەوانە ڕێگەدان بە پەخشی سنووردار بە زمانی کوردی. بە ئاشکرا دانی بە بوونی "برا کوردەکان"ی دانا و بەڵێنی دا کارێک بکات کە کورد هەست بە یەکسانی بکەن. پرۆسەی ئاشتی کە لە 2007 دەستپێکرد، بەڵێنی زۆری تێدا بوو، بەڵام کاتێک کە یەکەم گرووپی پەکەکە چەکیان دانا و گەیشتنە سنووری نێوان عێراق و تورکیا و هەندێک لە بەناو هاووڵاتیەکانی تورکیا چاوەڕێی بەخێرهاتنەوەی گرووپەکە بوون، حکومەت لە سەرتاپای پرۆسەکە پاشگەزبووەوە و دەستیکردەوە بە دەستگیرکردنی کورد.

چەند ساڵێک دواتر، ئەردۆغان هەنگاوێکی نوێی بۆ ئاشتی ڕاگەیاند و لە ئاداری 2013 پەکەکە ڕازی بوو چالاکیەکانی خۆی ڕاگرێت و چەکدارەکانی لە خاکی تورکیاوە بەرەو هەرێمی کوردستان کشاندەوە. ئەوان کشانەوە لەبەرامبەر بەڵێنی ناڕوونی حکومەت بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسەی ئاشتی، بەڵام بەداخەوە، حکومەتەکەی ئەردۆغان زیاتر خەمی پرۆسەیەکی ئاشتی بوو کە ئاشتی بهێنێت. هیچیەک لە داواکارییەکانی کورد جێبەجێ نەکران. لەبری ئەوە هەزاران ڕۆژنامەنووسی ئاشتیخوازی کورد، چالاکوانی مەدەنی، خوێندکار و سیاسەتمەدار دەستگیرکران و ڕەوانەی زیندان کران و تا ئێستاش هەندێک چاوەڕوانی بەسەربردنی سزاکانیانن.

لەم خاڵەی چیرۆکەکەدایە کە ئیتر دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) گەورەترین هێرشی خۆی دەکاتە سەر کانتۆنی کۆبانی لە کوردستانی سووریا. کۆبانی لای کورد وەکو باکووری قوبرس لای تورکەکان سەیر ناکرێت. لای کورد، کۆبانی زۆر ئازیزترە. کورد هەرگیز دانیان بەو سنوورانەدا نەناوە کە کۆبانی لە شارەکانی وەکو سوروج لەنێو خاکی تورکیا جیادەکاتەوە. ئەوان خزم و کەسوکار و هاوڕێی نزیکیان لەهەردوو دیوی سنوورەکەدا هەیە.

بەڵام هێشتا، هەمان ئەو دەوڵەتەی داوای دڵسۆزی لە کورد دەکات و دڵنیایان دەکاتەوە کە کورد هاووڵاتی یەکسانن، گەمارۆ دەخاتە سەر کۆبانی لەکاتێکدا کە دانیشتووانەکەی هێرشیان لەسەرەو بەرگریکاران لە شارەکە تەقەمەنییان بۆ چەکە سووکەکانیان پێ نەماوە و لەژێر فشاری خوێنڕێژترین تیرۆریستی پڕ چەککراودا کە جیهان تا ئێستا بەخۆیەوە نەبینیوە، پشتیان نووسێنراوە بە سنوورەوە. لەگەڵ ئەمانەشدا کورد (هاووڵاتیە یەکسانەکانی تورکیا) هێشتا داوای ئەوە ناکەن سوپای تورکیا دەستێوەردان بکات وەکو ئەوەی لە باکووری قوبرس کردیان. ئەوان تەنیا داوا دەکەن ڕێگەیان پێبدرێت خۆیان هاوکاری بۆ براکانی خۆیان بنێرن. بەڵام ئەنکەرە ڕێگە نادات و لەبری ئەوە، پەکەکە کە بۆخۆی لە ساڵی 2013دا گفتوگۆی ئاشتی لەگەڵ کردووە، بە داعش دەچوێنێ. جێگری سەرۆک وەزیرانی تورکیاش لەم هەفتەیەدا هەوڵی کەمکردنەوەی بەهای بەرگریی قارەمانانەی کوردەکانی کۆبانێی دا لە دژی هێزە جیهادییەکانی داعش، هێزێک کە لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا لە مانگی حوزەیرانی ڕابردوو نیوەی سوپای عێراقی بەرەو بەغدا ڕاونا.

لەگەڵ هەژاندنی شارەکانی تورکیا لەلایەن خۆپیشاندەرانی کوردەوە، بەرپرسانی ئەنکەرە و کۆمەڵگەی تورکی سەریان سوڕماوە لەوەی بۆچی کورد هێندە تووڕەن. ئەوان تێناگەن کە ئەنکەرە ناتوانێت ماسی بگرێت و قاچیشی تەڕ نەبێت، ناتوانێت دڵسۆزیی هاووڵاتی کورد بۆ ئەنکەرە لە کاتی ئاشتیدا مسۆگەر بکات و لەولاشەوە کۆبانی دەرخواردی جیهادییە برسیەکان بدات. ئەگەر ئەردۆغان لە ناوەڕاستی "پرۆسەی ئاشتیدا" کورد وەکو گەورەترین دوژمن وەسف بکات، ئەوا کوردیش هەر ڕێک دوژمن دەبن.




چنار سەعد عەبدوڵڵا


# ئیدارەی میزاج یان میزاجی ئیدارەکردن

ئەوەی کە گرفتی سەرەکی وڵاتانی نیمچە دیموکراتی و نادیموکراتییە، میزاجی بەڕێوەبردنە، نەک ئیدارەکردنێکی عەقڵانیی میزاجەکان. لەو چەشنە کۆمەڵگایانەدا زۆربەی کات، جا لەسەر ئاستی بەرزی دامەزراوەکان بێت یان خواروو، تاک بێت یان گرووپ ، میزاجی بەڕێوەبردن بەربەستە لەبەردەم پێگەیشتنی پرۆسەی دیموکراتییەت و گەشەسەندنی ئیدارەیەکی عەقڵانی و سیستماتیکدا. زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە بەدەست ئەو دەردەوە دەناڵێنن، کەمتر لە کەشێکی جێگیری سیاسی و ئابووریدا دەژین، کە زۆرێک لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نموونەی دیاری ئەو جۆرەن بە هەرێمی کوردستانیشەوە. ڕەنگبێ لەم وڵاتانەدا زۆربەی دامەزراوەکانی پەیوەست بە کۆمەڵگایەکی دیموکراتی بوونی هەبێ نموونەی: دامەزراوەکانی (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری ، پارتی سیاسی، ڕێکخراوەکان و... ) کەچی بەهۆی ئیدارە نەدانیان بەشێوەیەکی عەقڵانی و سیستماتیک بەپێی پێویست و هەیمەنەی میزاجەکان ، ئەم دامەزراوانە ئامانجی ڕاستەقینەی خۆیان ناپێکن.

لە چوارچێوەی بەڕێوەبردنێکی میزاجیانەدا ئاراستەی جوڵانەوەی کۆمەڵگا نارۆشن دەبێت ، لەبەرئەوەی هەندێک لە میزاجەکان بە ئاراستەی کرانەوەی دەبەن، کەچی هەندێکی دیکە بەرەو داخراوی. گرووپێک پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتی (ئەلف) بەهێز دەکات و لەگەڵ (ب) لاوازتر، چونکە ئەمە لە بەرژەوەندی دەزانێت، گرووپی دووەم بە پێچەوانەوە پەیوەندی لەگەڵ (ب) بە باشتر دادەنێت لە (ئەلف). پەیوەندی هاووڵاتیان و کەسەکانی نێو کۆمەڵگا بە دەسەڵاتەوە ئەوەندەی لەسەر بنەمای میزاجی کەسە پلەدارەکان بنیاد دەنرێ ، پەیوەست نییە بە میکانیزمێکی ڕێکخراوی هاوسەنگ کە پارێزگاری لە مەوداکان بکات بۆ گشت لایەک . بۆیە ئیدارەدان بەو بەرز و نزمییەی میزاج کۆمەڵگا تووشی شڵەژان دەکات و چاوەڕوان دەکرێ ئەگەر لە قۆناغێکدا هەنگاوێک بۆ پێشەوە بڕوات، لە قۆناغێکی دیکەدا دوو هەنگاو بۆ دواوە بگەڕێتەوە .

کەواتە بۆ ئەوەی کۆمەڵگا لەو سەرلێشێواویە ڕزگاری ببێت و سەرمایەگوزاریش لەسەر هەموو جیاوازیی میزاج و بیروبۆچوونەکان بکرێت و لە ئەنجامدا کۆمەڵگایەکی پێگەیشتووی دیموکراتی بەرهەم بێت، وەک ئالان تۆرین ( Alain Touraine ) لە کتێبی (دیموکراتیەت چییە؟) ئاماژەی پێکردووە، پێویستە زۆرترین نزیکایەتی لەنێوان جیاوازییەکان دروست بکرێ و توانای فراوانکردنی مەودای بەکارهێنانی عەقڵ هەرچی زیاتر ببێ. لە دۆخێکی فرەیی لە کەلتوور و بیروبۆچووندا وەک تۆرین دەڵێ: پێویست ناکات سۆز بەگژ عەقڵدا بچێت و مۆدێرنیتە بە هەموو شێوەیەک دژی دابونەریتی کۆن بێ و گۆڕانکاریش قبووڵی جێگیری نەکا. با ئامانجی ئێمە ڕێککەوتن بێت لەنێوان شتە جیاوازەکان، نەک دژایەتیکردنیان و قبووڵکردنی هەندێکیان بەپێی میزاج و ڕەتکردنەوەی ئەوانی دیکە. دیموکراتیەت و ئیدارەیەکی سیستماتیک لە کەشێکی ئاوها تەندروستدا گەشە دەکات، نەک لە دۆخێکی دیکەدا .

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



## دڵنیا داهاتی ئەلبوومەکەی دەبەخشێ

17 »

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی
Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net

RÛDAW

SIDAR AGENCY

**هەر کەسێک گرتەیەکی ڤیدیۆیی سەرنج راکێشی هەیە بۆ بڵاوکردنەوەی، بەرامبەر بە بڕێک پارە.**

**دەتوانن پەیوەندی بکەن بە:**

agency@sidarholding.com
www.sidarholding.com

+964 750 833 22 33
+964 750 833 44 33
+964 770 252 11 11

